لە ساڵیادی ڕۆژنامەگەری کوردیدا.. سڵاو لە ماڵباتی بەدرخانییەکان و ماندوونەناسانی ڕێگای ڕۆژنامەگەری

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5734) دووشەممە 22ی نیسان 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار



دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی (25)ەمین ساڵیادی ڕۆژنامەگەریی کوردی پەیامێکی پیرۆزبایی ڕاگەیاند، تێیدا هاتووە: بەر لە 121 ساڵ لەسەر دەستی مقداد مەدحەت بەدرخان یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەناوی(کوردستان) لە قاهیرە دەرچوو، ئیدی لەو ڕۆژە پرشنگدارەوە کاروانی نەسرەوتووی ڕۆژنامەوانی کوردیمان گەرچی ڕووبەڕووی جۆرەها کۆسپ و بەربەست بۆتەوە تا ئەمڕۆش لە بەرهەم و بەخشندا نەسرەوتووە.
ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی کوردی بە درێژایی تەمەنی کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبوو، کە زەوینەیەکی لەبار ڕەخساند بۆ نەشوناکردن و پەرەگرتنی هوشیاریی نەتەوەیی و بیری ئازادیخوازیی و ڕزگاریخوازیی، هەروەها ڕۆژنامەی (کوردستان) لەرووی بیری سیاسیی کوردیدا ڕۆڵێکی پێشەنگی هەبوو، کە گوزارشتی لە گەلێکی ستەمدیدە دەکرد. **(دەقی پەیامەکە لە ل4 بخوێنەوە)**

فازڵ میرانی: شکاندنی ئەفسانەی داعش لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگە بوو

فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی لەشاندێکی "حزب التقدم والاشتراكيه"ی مەغریبی بەسەرۆکایەتی نەبیل عەبدوڵڵا سەرۆکی پارت و شاندی یاوەری کرد، تێیدا میرانی ئاماژەی بەوەکرد، کە لەدوای ڕیفراندۆم تووشی هێرشێکی گەورە بووین لەناوخۆی عێراق، قبوڵیان نەکرد پرۆسەیەکی دیموکراسی جێگای خۆی بگرێت سەردەرای ڕۆڵ و کاریگەریی یەکلاکەرەوەی پێشمەرگەی کوردستان لەشەڕی دژی تیرۆرستاتی داعش، شکاندنی ئەفسانەی داعشیش لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

حکوومەتی نوێ لە مانگی ڕەمەزاندا دەنگی لەسەر دەدرێت

بەمزووانە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵدەبژێردرێت

بڕیارە لە ڕۆژانی داهاتوو پەرلەمانی کوردستان بۆ پەسەندکردنی پڕۆژەیاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کۆببێتەوە، سەرۆکی فراکسیۆنی گەشەپێدانی تورکمانیش ڕایگەیاندووە، لە مانگی ڕەمەزاندا کابینەی نوێ دەستبەکار دەبێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری لابردنی پاڵاوگە نایاساییەکانی دەرکرد

سەرۆکی لیژنەی باڵای داخستنی پاڵاوگە نایاساییەکان ڕایگەیاند: ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بڕیاری لابردنی پاڵاوگە نایاساییەکانی دەرکردووە و بۆ ئەم مەبەستەش هێزێک پێکهێندراوە و دەست بە لابردنیان دەکرێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



پەلکەزێڕینە لە ئاسمانی شاری هەولێر (دوێنێ یەکشەممە - 2019/4/21) (فۆتۆ: سەرکار حوسێن)

گوندەکانی مەخموور هانایان بۆ پێشمەرگە هێناوە

یادگار ئەحمەد، فەرماندەی هێزی پێشمەرگە لە مەخموور گوتی، دانیشتوانی گوندەکانی کورد لە سنووری مەخموور بەهۆی هەڕەشە چەکانی داعشەوە خەریکە گوندەکانیان چۆڵ دەکەن و حکوومەتی عێراقیش نایانپارێزێت. ئەگەر ئەرکی پاراستنیان بدرێتە پێشمەرگە یەک کەس ناتوانێ تەعدایان لێ بکات، چونکە هانایان بۆ پێشمەرگە هێناوە بیانپارێزێت. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

لیژنەیەک بۆ ئاشتەوایی نیشتمانی لە خورماتوو پێکدەهێنرێت

ئەندامێکی ئەنجوومەنی قەزای خورماتوو ڕایدەگەیەنێت ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق لیژنەیەکی ئاشتەوایی نیشتمانیی پێکهێناوە بۆ ئاشتەوایی لەنێوان پێکهاتەکانی ئامرلی و خورماتوو و لەگەڵ هەرسێ پێکهاتەی کورد و عەرەب و تورکمان کۆبووەتەوە و یاداشتێکی 15 خاڵی نووسراوەتەوە بۆئەوەی ببێتە پەیڕەوێک بۆ ئەو ئاشتەواییە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

شاندێکی پەرلەمانی کوردستان لە بەغدا لەگەڵ نوێنەری پەرلەمانی وڵاتانی دراوسێ کۆبوونەوە

سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و ڕەوەندی کورد لە پەرلەمانی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات کە شاندێکی پەرلەمانی کوردستان لە بەغدا بەشداریی لە کۆڕبەندێکی گەورەی ناوچەکەدا کردووە و لەوێش دیداری گرنگ ئەنجام داوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

کەرکووک.. بەرپرسێکی دیکەی کورد لە پۆستەکەی لادرا و کەسێکی شیعە لە جێگەی داندرا

بە فەرمانی حکوومەتی عێراق، جیهان ئیبراهیم، بەڕێوەبەری ئاوی کەرکووک بە وەکالەت کە کورد، لە پۆستەکەی لادراوە، لە جێگەشیدا تورکمانێکی شیعە مەزهەب داندراوە. فوئاد کوێخا، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە ڕایگەیاند: ئەوان لە ڕاگەیاندنەکانەوە بڕیاری لادانەکەیان بیستووە و ئاگاداری هیچ شتێک نەبوونە. تەئکیدیشی کردەوە کە ئەوان دژی بڕیارەکەن، چونکە پێیانوایە هەوڵێکە بۆ کەمکردنەوەی هەژموونی کورد لە پارێزگاکە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

کەرکووک.. هەڕەشەی دەرکردنی خەڵکی سێ گوند دەکرێت

لە کەرکووک بە بیانووی نزیکیان لە کۆمپانیای نەوتی باکوورەوە، هەڕەشەی دەرکردن و ڕووخاندنی خانووەکانی هەرسێ گوندی باجوان و هەنجیرە و چوپلیجە دەکرێت، کە نزیکەی هەزار خێزانی کوردی تێدا نیشتەجێن، لە کاتێکدا ئەو هاوواڵاتیبانە وەک خۆیان دەڵێن، لەسەر زەوییەکانی خۆیان خانوویان دروستکردووە و بەشێک لە زەوییەکانیشیان لەلایەن کۆمپانیای ناوبراو داگیرکراوە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



زنجیرەیەک تەقینەوە ژمارەیەک کەنیسەی سریلانکایان کردە ئامانج

لە ئەنجامی ئەو هێرشە دڕندانەی کە بەرەبەیانی دوێنێ یەکشەممە 2019/4/21 کرانە سەر چەند کەنیسەیەکی وڵاتی سریلانکا بە سەدان کەس کوژران و بریندارببوون و ئەمەش خوێناویترین هێرشە لە ماوەی 50 ساڵی ڕابردووداە کە دەکرێتە سەر مەسیحییەکانی ئەو وڵاتە. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

بازاڕی بەرهەمی قوتابیان لە فیستیڤاڵێکدا خرایەڕوو



بەچاودێری سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین و بە ئامادەبوونی پەرلەمانتاران و مامۆستایان و قوتابیانی زانکۆ، دوێنێ یەکشەممە کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی چوارەمین فستیڤاڵی سالانەی خۆی بەناونیشانی بازاڕی بەرهەمی قوتابیان لەنێو کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی ساز کرد.
(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)

گوندەکانی مەخموور هانایان بۆ پێشمەرگە هێناوە

فەرماندەیەکی پێشمەرگە: ئەگەر ئەرکی پاراستنی ناوچەکە بدرێتە پێشمەرگە یەک کەس ناتوانێ تەعدایان لێ بکات

یادگار ئەحمەد، فەرماندەی هێزی پێشمەرگە لە مەخموور گوتی، دانیشتووانی گوندەکانی کورد لە سنووری مەخموور بەهۆی هەڕەشە چڕەکانی داعشەوە خەریکە گوندەکانیان چۆڵ دەکەن و حکوومەتی عێراقیش نایانپارێزێت. ئەگەر ئەرکی پاراستنیان بدرێتە پێشمەرگە یەک کەس ناتوانێ تەعدایان لێ بکات، چونکە هانایان بۆ پێشمەرگە هێناوە بیانپارێزێت. یادگار ئەحمەد، فەرماندەی هێزی پێشمەرگە لە مەخموور، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: ئەو 14 گوندەی داعش هەڕەشەی بەردەوامی لێ دەکردن ئێستا هەڕەشەکانیان چڕتر کردووە و خەڵکی ئەو گوندانەش، کە هەمووبان کوردن، خەریکە گوندەکانیان چۆڵ دەکەن، چونکە چیتر تەحەمولی ئەو دۆخەی ئێستا ناکەن، کە چەکدارانی داعش بە ئارەزووی خۆیان پارە و مەڕ و مالاتیان لێ بڕیارە لە رۆژانی داهاتوو پەرلەمانی کوردستان بۆ پەسەندکردنی پرۆژەیاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کۆببێتەوە، سەرۆکی فراکسیۆنی گەشەپێدانی تورکمانیش رایگەیاندووە، لە مانگی ڕەمەزاندا کابینەی نوێ دەستبەکار دەبێت، محەمەد سەعدەدین، سەرۆکی فراکسیۆنی گەشەپێدانی تورکمان، لە لێدوانێکدا بە مالپەڕی پارتی ڕاگەیاندووە: پارتی وەک براوەی هەڵبژاردنەکان لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان گەیشتووەتە ڕێککەوتنی کۆتایی لەسەر پرسە گشتییەکان، واتا ڕاگەیاندنی کابینەی حکوومەتی هەرێم یەکلا بووەتەوە، بەڵام ئەوەی بووەتە ئاستەنگ، پرسی جێگری دووەمی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، ئەوەش یەک خاڵە و دەتواندرێت زۆر بە ئاسانی چارەسەر بکرێت، پێم وایە لە هەفتەی داهاتوودا ئەو بابەتەش یەکلا بکرێتەوە.

سەرۆکی فراکسیۆنی گەشەپێدانی تورکمان گوتیشی: لە داهاتوویەکی نزیکدا پەرلەمان دەنگ لەسەر پرۆژەیاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دەدات، واتا کێشەی سیاسی نەماوە لە ئارەزووی خۆیان پارە و مەڕ و مالاتیان لێ دەستێنن. یادگار ئەحمەد گوتیشی: ئەو داعشانە لە حەویجە و زاب و ناوچەکانی دیکەوە هاتوونەتە ئەو ناوچەیە و ناوچەکە بووەتە مۆڵگەی ئەوان، کە نزیکەی 300 چەکدار دەبن و حکوومەتی عێراق خەڵکی ناوچەکە ناپارێزێت. ئێستا ئەوان هانایان بۆ ئێمە هێناوە و ئەگەر ڕێگەمان پێبدرێ دەتوانین بچینە ناوچەکە و بەئاسانی بیانپارێزین و ڕێگە نادەین یەک کەس تەعدایان لێ بکات.

بەمزووانە سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵدەبژێردرێت

محەمەد سەعدەدین: حکوومەتی نوێ لە مانگی ڕەمەزاندا دەنگی لەسەر دەدرێت



بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، محەمەد سەعدەدین، ڕایگەیاند کە حکوومەتی نوێی هەرێمی کوردستان لە مانگی ڕەمەزاندا دەنگی لەسەر دەدرێت.

سەعدەدین دەشڵێت: دوای پەسەندکردنی پرۆژەیاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە ماوەی 13 ڕۆژدا سەرۆکی هەرێم هەڵدەبژێردرێت و دواتر کابینەی حکوومەت پێک دێت، بە بڕوای من هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و ڕاگەیاندنی کابینەی حکوومەت، یەک مانگی پێویستە و پێشبینی دەکرێت لە مانگی ڕەمەزاندا هەموو پرسەکان یەکلا بکرێنەوە و حکوومەتی نوێ لە ڕەمەزاندا دەنگی لەسەر دەدرێت.

ژاپۆن دەیەوێ ئەزموونی خۆی بگوازێتەوە هەرێمی کوردستان

سەرۆکی ڕێکخراوی کوردی- ژاپۆنی: هیچ کۆمپانیایەکی ژاپۆنی ئامادە نییە بچێتە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق

سەرۆکی ڕێککخراوی کوردی/ژاپۆنی، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد، بڕیارە ژمارەیەک کۆمپانیای ژاپۆنی بۆ کارکردن بێنە هەرێمی کوردستان و دەشڵێت، ژاپۆن دەیەوێ هەرێمی کوردستان سوود لە ئەزموونە پێشکەوتووەکەیان وەربگرێت. فەرەیدوون زامدار بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: وڵاتی ژاپۆن ئامادە نییە لەو وڵاتانەی ڕەوشی ئەمنییان سەقامگیر نییە کار بکات، بەڵام هەرێمی کوردستانی جیا کردووەتەوە لە عێراق، چونکە هیچ کۆمپانیایەکی ژاپۆنی ئامادە نییە بچێتە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، بەڵام دەیانەوێ لە هەرێمی کوردستان جوولەی بازرگانییان هەبێت.

سەرۆکی ڕێککخراوی کوردی/ژاپۆنی دەشڵێت: ئێستا ژمارەیەک کۆمپانیای ژاپۆنی ئامادەییان دەربڕیوە بۆ کارکردن بێنە هەرێمی کوردستان و ڕۆڵیان لە کەرتی بازرگانیی هەرێمی کوردستاندا هەبێت، بەتایبەتی لەگەڵ حکوومەتی هەرێم و ئەو دەزگایانەی تایبەتن بە بواری بازرگانییەوە. لە ماوەکانی ڕابردوودا سێ کۆمپانیای ژاپۆن هاتوون بۆ هەرێمی کوردستان و هێشتا کۆمپانیای دیکەش بەڕێوەن. دەربارەی سوودوەرگرتنی هەرێم لە ئەزموونی پێشکەوتووی ژاپۆن، فەرەیدوون زامدار ڕوونیشی کردەوە: ئێمە چەندین جار ئەوەمان لەگەڵ ژاپۆنییەکان پات کردووەتەوە و ئەوان پێیان ڕاگەیاندووین ئامادەی هەموو هاوکارییەکن لەگەڵ هەرێمی کوردستان و بازرگانانی هەرێم، بە تایبەتیش دەیانەوێ بازرگانانی هەرێم بۆ وەرگرتنی ئەزموونی پێشکەوتووی ئەوان سەردانی ژاپۆن بکەن، بەتایبەتی لە بواری پیشەسازیدا، کە لەو بوارەدا ژاپۆن وڵاتێکی پێشکەوتووی جیهانە.



سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان هێرشەکانی سریلانکا سەرکۆنە دەکات

هێشتا هێزەکانی دژی بەها جیهانییەکان هەوڵدەدەن ڕێگە لە ئاشتی و پێکەوەژیان بگرن

رووداو/ سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان هێرشەکانی سریلانکا سەرکۆنە دەکات و دەڵێت، ئەو هێرشانە دەریدەخەن هێشتا هێزەکانی دژی بەها جیهانییەکان هەوڵدەدەن ڕێگە لە ئاشتی و پێکەوەژیان بگرن.

نێچیرڤان بارزانی لە تویتێکدا نووسیویەتی "هێرشە وەحشیگەرانەکانی سریلانکا دژی خەڵکی بێتاوان بیرهێنانەوەیەکی دیکەن کە هێشتا هێزەکانی دژی بەها جیهانییە باوەکان هەوڵدەدەن ڕێگە لە ئاشتی و پێکەوەژیان و فرەیی ئایینی بگرن". سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان هیوای چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازێت و دووپاتیدەکاتەوە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ڕزگاربووانی هێرشەکان و خەڵکی سریلانکادا هاوسۆزە.



مەسرور بارزانی

هێرشە تیرۆریستییەکەی سریلانکای سەرکۆنە کرد

مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پرسە و سەرەخۆشی گەیاندە نراجان ئاران سینگا، بالیۆزی سریلانکا لە عێراق.

دوێنێ یەکشەممە 2019/4/21 لە پەیامێکدا مەسرور بارزانی لە بەرامبەر هێرشە تیرۆریستییەکانی دوێنێی شاری کۆلۆمبۆی سریلانکا، کە بەهۆیەوە ژمارەیەک هاوولاتیی سیڤل بوونە قوربانی، وێڕای سەرکۆنەکردنی هێرشە تیرۆریستییەکە، پرسە و سەرەخۆشی خۆی بە بالیۆزی سریلانکا لە عێراق ڕاگەیاند و هیوای چاکبوونەوەی بە پەلەشی بۆ بریندارانی خواست و ڕایگەیاند، ئەو کردەوە تیرۆریستییە و بەئامانجگرتنی خەڵکی سیڤل سەرکۆنە دەکەین و دووپاتی دەکەینەوە، شەڕی تیرۆریستان ئەرکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە و لەپێناو ئاشتی و ئاسایشی هاوولاتیانەوە، دەبێت لە هەموو شوێنێکی جیهان ڕووبەڕوویان ببینەوە.

شاندێکی پەرلەمانی کوردستان لە بەغدا لەگەڵ نوێنەری پەرلەمانی وڵاتانی دراوسێ کۆبوونەوە



سەرۆکی لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و ڕەوندی کورد لە پەرلەمانی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات کە شاندێکی پەرلەمانی کوردستان لە بەغدا بەشداریی لە کۆڕبەندێکی گەورەی ناوچەکەدا کردووە و لەوێش دیداری گرنگ ئەنجام دراوە.

ڕێبوار بابەکەیی، سەرۆکی لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و ڕەوندی کورد و ئەندامی شاندی هەرێمی کوردستان لە کۆنگرەی لووتکەی وڵاتانی دراوسێ کە لە بەغدا ئەنجام درا، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتیی گوتی: هەرێمی کوردستان لە ڕووی دەستوورییەوە قەوارەیەکی دانپێدانراوە، لەو ڕوانگەیەوە وڵاتان ئامادەن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن. هەرێمی کوردستان پەیوەندیی باشی لەگەڵ جیهانی دەرەوە هەیە و لە ڕووی سیاسیشەوە وڵاتان ئامادەن گفتوگۆی سیاسی و ئالوگۆڕی دیپلۆماسی لەگەڵ کوردستان بکەن. لە ئاستی سەربازییشدا کوردستان بە حوکمی ئەوەی پێشمەرگەی هەیە و پێشمەرگەش سومعەیەکی بەهێزی لای جیهانی دەرەوە هەیە، بەتایبەت لە شەڕی دژی داعشدا وای کردووە کە جیهان بەگرنگییەوە لە کوردستان بنواڕێت، جیا لەوەی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان کە لە ڕوانگە و هەڵوێستی سەرۆک بارزانی سەرچاوە دەگرێت، گرنگییەکی زۆری هەیە و ئاستی پەیوەندیی کوردستان و جیهانی دەرەوەش فراوان دەکات.

ئەو پەرلەمانتارە گوتیشی: شاندێکی پەرلەمانی کوردستان دوو ڕۆژە لە بەغدایە و بەشداریی لە لووتکەی سەرۆکی پەرلەمانی وڵاتانی دراوسێی عێراقدا کردووە، کە ئەمەش بۆ یەکەم جارە پەرلەمانی کوردستان لە کۆڕبەندێکی هەرێمیی گرنگدا بە ناونیشانی "دیپلۆماسیی نوێنەرایەتی" بۆ گەشەسەندنی عێراق بەشدار دەبێت و، بەشداریی ئێمە تەشریفاتی و پرۆتۆکۆلی بوو، بەڵام لە پەراوێزی کۆڕبەندەکەدا هەوڵمان دا دیداری گرنگ ڕێکبخەین، لەو چوارچێوەیەشدا سەرکەوتوو بووین و توانیمان گفتوگۆیەک لەگەڵ شاندەکانی سەرۆکی پەرلەمانی وڵاتان لە بەغدا پێک بێنین. ڕایشیگەیاند: ئەوە یەکەم جارە پەرلەمانی کوردستان وەزیفەیەکی خۆی پیادە دەکات و بەشداری لە کۆڕبەندێکی وادا دەکات کە سەرۆکی پەرلەمانی وڵاتان لەوێ بوون و بایەخێکی پەرلەمانی و سیاسیی گرنگی بۆ پەرلەمانی کوردستان هەبوو، چونکە بەپێی پرۆتۆکۆڵ تەنیا سەرۆکی پەرلەمانی وڵاتانی دراوسێ بۆیان هەبوو بەشدار بن، بەڵام لەوێ ئاماژە بە بەشداریی شاندی پەرلەمانی کوردستان کرا.

سەرەتای هەفتەی داهاتوو پەرلەمانی عێراق کۆدەبێتەوە

نوێنەرانی کورد هەڕەشەی بایکۆتی کۆبوونەوەکەی نوێنەرانی عێراق دەکەن



ئەندامێکی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی ڕایدەگەیەنێت، تا شایستە دارایییەکانی جووتیارانی کوردستان خەرج نەکرێت، بەشداریی کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراق ناکەین.

د. ناسر هەرکی، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی بۆ خەبات ڕایگەیاند: بە بەردەوامی بەدواداچوونمان بۆ بابەتی خەرجکردنی شایستە دارایییەکانی جووتیارانی هەرێمی کوردستان کردووە، بەڵام بە بیانووی ئەوەی کە کاتی خۆی عەبادی بە نووسراوێک پارەکەی ڕاگرتووە، بەڵام پارەکە ئێستا لە وەزارەتی بازرگانییە. ئەو ئەندامەی پەرلەمانی عێراق گوتیشی: دوای هەوڵی هەموو لایەک وەزیری بازرگانی نووسراوێکی ناردووە و داوای لە سەرۆکوەزیرانی عێراق کردووە، کە ڕێگە بدات ئەو پارەیە خەرج بکرێت.

د. ناسر هەرکی، ئەوەشی خستەڕوو: ڕۆژی شەممەی داهاتوو کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراق بەڕێوە دەچێت و نوێنەرانی کورد لە سەرجەم فراکسیۆنەکان زیاتر لە 50 واژۆیان کۆکردووەتەوە سەبارەت بەوەی کە تا شایستە دارایییەکانی جووتیاران خەرج نەکرێت، ئامادە نین بەشداریی کۆبوونەوەکە بکەن.

فازڵ میرانی: شکاندنی ئەفسانەی داعش لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگە بوو





دوێنێ یەکشەممە 2019/4/21 لەبارەگای مەکتەبی سیاسی لەپیرمام فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان پێشوازی لەشاندێکی "حزب التقدم والاشتراکیە"ی مەغریبی بەسەرۆکایەتی نەبیل عەبدوڵڵا سەرۆکی پارت و شاندی یاوەری کرد. لەکۆبونەوەیەکدا کە د. ڕۆژ نوری شاوەیس و هۆشیار زێباری و مەحمود محەمەد ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و ڕەمزی شەعبان ئەندامی یەدەگی مەکتەبی سیاسی و نازەنین وسو ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و عەلی حوسێن بەرپرسی پەیوەندییەکانی کوردستانی نیشتمانی ئامادەبوون، وێڕای زۆر بەگەرمی بەخێرهێنانی شاندی میوان، فازڵ میرانی پوختەیەکی لەسەر میژووی پارتی و ڕۆڵی پارتی لەبونیادنانەوەی عێراقی تازەی دوای ساڵی 2003 و سەرەڕای پێداگیری لەسەر مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان سیاسەتێکی نەرم و لەسەرخۆی کردووە و توانیویەتی بالانسی پەیوەندیەکان ڕاگیرێت بۆ خزمەتی گەلی کوردستان و گەلانی عێراق.

هەروەها فازڵ میرانی ئاماژەی بەوەشدا کە لەدوای ڕیفراندۆم تووشی هێرشێکی گەورە بووین لەناوخۆی عێراق، قبوڵیان نەکرد پڕۆسەیەکی دیموکراسی جێگای خۆی بگرێت سەرەڕای ڕۆڵ و کاریگەریی یەکلاکەرەوەی پێشمەرگەی کوردستان لەشەڕی دژی تیرۆرستاتی داعش، شکاندنی ئەفسانەی داعشیش لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو.

هەروەها سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی لەکۆبونەوەکەدا بۆ شاندی میوان ڕاشیگەیاند، ئێمە شانازی دەکەین کە کوردستان شوێنی پێکەوەژیانی سەرجەم پێکهاتەکانە، باشترین نموونەیە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەسەر ئەم چەندە و ڕێبازی بارزانیی نەمرە و دریژەپێدانە بە ڕێبازەکەی و ستراتیژیەتی پارتی ئەوەیە کە پەیوەندییەکان لەگەڵ پارت و لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی بەهێزتر و بەرفراوانترین لەهەموو بوارێکدا.

فازڵ میرانی ئاماژەی بەوەش کردووە، کە سیستەمی مەلەکی لەبواری حوکمڕانی زیاتر پێگەیشتووە و واقیعبینانەتر هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕووداوەکان دەکات لەناوە و دەرەوەی وڵات.

لای خۆیەوە نەبیل عەبدوڵڵا سەرۆکی "حزب التقدم والاشتراکیە"ی مەغریبی و شاندی یاوەری کە پێکهاتبوو لە شرفات افیلال ئەندامی مەکتەبی سیاسی و انس صبیحی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و د. کاوە مەحمود سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان سوپاسی مەکتەبی سیاسی پارتی کرد بۆ ئەم پێشوازییە گەرمەی کە لێیان کراوە، هەروەها ئاماژەی بە مێژووی خەبات و کارو چالاکییەکانی حزبەکەی داو دووپاتی کردەوە کە حزبەکەی هەڵوێستی ئەرێنی بەرامبەر دۆز و مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورد هەیەو پاڵپشتە بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆزە بە ڕێگەی دیموکراسی و ئاشتیخوازانەو هیوای خواست دیموکراسیەتی راستەقینەو راستگۆیانە لەناوچەکەدا بەرقەرار بێت، لەسەرووی هەموشیان دانپێنان بە مافەکان و مافی بەرامبەر لە ناوچەکەدا.

هیواشی خواست کە پەیوەندییەکان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بەهێزتر و بەرفراوانتر بکرێت و هەرێمی کوردستان زیاتر گەشە بکات و پێشبکەوێت.

ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری لابردنی پاڵاوگە نایاساییەکانی دەرکرد

بەزووترین کات لە ڕێگەی هێزێکەوە دەست بە لابردنی پاڵاوگە نایاساییەکان دەکرێت

سەرۆکی لیژنەی باڵای داخستنی پاڵاوگە نایاساییەکان لە هەرێمی کوردستان رایگەیاند: ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بڕیاری لابردنی پاڵاوگە نایاساییەکانی دەرکردووە و بۆ ئەم مەبەستەش هێزێک پێک هێندراوە و بە زووترین کات دەست بە لابردنیان دەکرێت.

بەگوێرەی مالپەڕی پارتی دیموکراتی کوردستان، دکتۆر سامی جەلال ڕایگەیاندووە: دوای تەواوبوونی مۆڵەتی داخستنی پاڵاوگە نایاساییەکان، ئەنجوومەنی وەزیران فەرمانی داوە دەست بە داخستنی پاڵاوگەکان بکرێت و نووسراویشی بۆ وەزارەتی دارایی کردووە، بۆ ئەوەی بودجەیان بۆ دابینبکەن و پێداویستیی پێ بکرێ بۆ داخستن و هەڵگرتنی پاڵاوگەکان و ئێستاش چاوەڕێی دابینکردنی پارەکە دەکەین.

سەرۆکی لیژنەی باڵای داخستنی پاڵاوگە نایاساییەکان گوتیشی: ئێمە هێزێکمان دروست کردووە بۆ هەڵگرتنی ئەو پاڵاوگانە و شارەوانیش سێ پارچە زەویی بۆ دابینکردووین، بۆ ئەوەی کەلوپەلەکانی لێ کۆبکەینەوە و بە زووترین کاتیش دەست بە هەڵگرتنیان دەکەین، چونکە ئەوە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانە، کە ژمارەیان 169 پاڵاوگەن.

ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگا: ئەمە هەوڵێکە بۆ کەمکردنەوەی هەژموونی کورد لە کەرکووک

کەرکووک.. بەرپرسێکی دیکەی کورد لە پۆستەکەی لادرا و کەسێکی شیعە لە جێگەی داندرا



بە بڕیارێکی حکوومەتی عێراق، بەڕێوەبەری ئاوی کەرکووک بە وەکالەت کە کەسێکی کوردە، لە پۆستەکەی لادرا و کەسێکی شیعەمەزهب لە شوێنەکەی داندراوە.

بە فەرمانی حکوومەتی عێراق، جیهان ئیبراهیم، بەڕێوەبەری ئاوی کەرکووک بە وەکالەت کە کوردە، لە پۆستەکەی لادراوە، لە جێگەشیدا تورکمانێکی شیعە مەزهب دانراوە. فوئاد کوێخا، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە ڕایگەیاند: ئەوان لە ڕاگەیاندنەکانەوە بڕیاری لادانەکەیان بیستووە و ئاگاداری هیچ شتێک نەبوونە. تەئکیدیشی کردەوە کە ئەوان دژی بڕیارەکەن، چونکە پێیانوایە هەوڵێکە بۆ کەمکردنەوەی هەژموونی کورد لە پارێزگاکە.

ئەندامەکەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ئاماژەی بەوە شکرد کە لە دوای خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەری 2017ەوە، بە فەرمی حکوومەتی عێراقیان لەوە ئاگادار کردووەتەوە کە هەموو گۆڕانکارییە ئیدارییەکانی شارەکە ڕابگرن، تاوەکوو دۆخەکە ئاسایی دەکرێتەوە، بەڵام نووسراوەکەیان سڕ کراوە و هیچ وەڵامێکیان نەداوەتەوە. لادانی ئەو بەرپرسە کورەی، بەشێکە لە سیاسەتەکانی دوای داگیرکردنی کەرکووک لەلایەن هێزەکانی عێراق و میلیشیاکان، تاوەکوو ئێستاش دەیان بەرپرسی کورد لە شارەکەدا، بەبێ هیچ پاساوێک، پۆستەکانیان لێ وەرگیراوەتەوە و عەرەب یان تورکمانی شیعەمەزهبیان لە جێگەدا دانراوە.

کەرکووک.. هەڕەشەی دەرکردنی خەڵکی سێ گوند دەکرێت

ژنێکی کورد: زیاتر لە 50 ساڵە ئاوارە و دەربەدەر دەکرێین، کورد چیی کردووە؟

لە کەرکووک بە بیانووی نزیکییان لە کۆمپانیای نەوتی باکوورەوە، هەڕەشەی دەرکردن و ڕووخاندنی خانووەکانی هەرسێ گوندی باجوان و هەنجیرە و چوپلیجە دەکرێت، کە نزیکەی هەزار خێزانی کوردی تێدا نیشتەجێن، لە کاتێکدا ئەو هاوواڵاتییانە وەک خۆیان دەڵێن، لەسەر زەوییەکانی خۆیان خانوویان دروستکردووە و بەشێک لە زەوییەکانیشیان لەلایەن کۆمپانیای ناوبراو داگیرکراوە.

بەگوێرەی کوردستان24 ئەو هاوواڵاتییانە ئەگەرچی خەڵکی ڕەسەنی شارەکەن، بەڵام لەڕێر گوشاری هێزە ئەمنییەکان هەڕەشەیان لێکراوە و لەلایەن دادگای کەرکووکەوە بانگهێشتکراون.

نەجیبە محەمەد، ژنێکی کوردی ئەو گوندانەیە و دەڵێ: زیاتر لە 50 ساڵە ئێمە ئاوارەو دەربەدەر دەکرێین، تاکەی وامان لێدەکەن و کورد چی کردووە؟.

شاخەوان لەگەڵ ئاوەڵەکانیدا بەشداری زۆربەی شەڕەکانی دژی داعشی کردووە و نەیانهێشت شارەکەیان داگیر بکرێت، بەڵام ئێستا وەکو تۆمەتبارێک لەلایەن دادگاوە بانگهێشتکراوە.

لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017 بە ڕێککەوتن لەگەڵ گرووپێکی کوردی، کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ڕادەستی حەشدی شەعبی و حکوومەتی عێراق کران، لەو کاتەوە لە کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان زۆرترین هەوڵی پێشێلکاری بەرانبەر هاوواڵاتییانی کورد دراوە بەوەی زەوی کشتوکاڵی و خانووی هاوواڵاتییانی کورد لە لایەن حەشدی شەعبی داگیرکراون و هەڵمەتێکی بەرفراوانیش بۆ بەعەرەبکردنی کەرکووک و ناوچەکانی سەر بە کەرکووک دەستپێکرد.

کورد داوای قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی 16ی ئۆکتۆبەر دەکات

حکوومەتی عێراق لیژنەیەکی بۆ ئاشتەوایی نیشتمانی لە خورماتوو پێکهێناوە

ئەندامێکی ئەنجوومەنی قەزای خورماتوو ڕایدەگەیەنێت ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق لیژنەیەکی ئاشتەوایی نیشتمانیی پێکهێناوە بۆ ئاشتەوایی لەنێوان پێکهاتەکانی ئامرلی و خورماتوو و لەگەڵ هەرسێ پێکهاتەی کورد و عەرەب و تورکمان کۆبووەتەوە و یاداشتێکی 15خاڵی نووسراوەتەوە بۆڕەوەی ببێتە پەیڕەوێک بۆ ئەو ئاشتەواییە. سەردار ئەحمەد، ئەندامی ئەنجوومەنی قەزای خورماتوو، بۆ خەبات ڕایگەیاند: ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق لیژنەیەکی ئاشتەوایی نیشتمانی پێکهێناوە بۆ ئاشتەوایی نێوان پێکهاتەکانی سنووری ئامرلی و خورماتوو، لیژنەکەش سەردانی خورماتووی کردووە و لەگەڵ هەرسێ پێکهاتەی کورد و عەرەب و تورکمان کۆبووەتەوە. گوتیشی: هەرسێ پێکهاتەکە لەسەر 15 خاڵ ڕێککەوتوون بۆ ئەوەی بکرێتە پەیڕەوێک بۆ بەدیهێنانی ئەو ئاشتەواییە و ئەو خاڵانە پێشکەشی ئەنجوومەنی وەزیران دەکرێت و دواتر بڕیاری لەبارەوە دەدرێت، ڕاشیگەیاند: وەکو کورد داوامانکردووە قەرەبووی زیانلێکەوتووانی ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر بکرێتەوە لەگەڵ تەواوی شەڕەکانی ساڵی 2015 و 2016 و قوربانییەکانی هەر سێ نەتەوەکە بە شەهید ئەژمار بکرێن و جیاوازی لە دامەزراندنیشدا لە نێوان نەتەوەکاندا نەمێنێت و هاوسەنگی ئیداری بگەڕێتەوە بۆ دامودەزگاکان و دۆخی شارەکە هێور بکرێتەوە.



دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی پەیامێکی پیرۆزبایی بە بۆنەی سالیادی ڕۆژنامەگەریی کوردی ڕاگەیاند

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی (25)مین سالیادی ڕۆژنامەگەریی کوردی پەیامێکی پیرۆزبایی ڕاگەیاند کە ئەمە دەقەکەیەتی:

لە 1898/4/22 بەر لە 121 سال لەسەر دەستی مقداد مەدحەت بەدرخان یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەناوی(کوردستان) لە قاهیرە دەرچوو، ئیدی لەو ڕۆژە پرشنگدارەوە کاروانی نەسرەوتووی ڕۆژنامەوانی کوردیمان گەرچی ڕووبەڕووی جۆرەها کۆسپ و بەربەست بۆتەوە تا ئەمڕۆش لە بەرهەم و بەخشندا نەسرەوتووە.

ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی کوردی بە دڕێژایی تەمەنی کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبوو، کە زەوینەیەکی لەباری ڕەخساند بۆ نەشوفاکردن و پەرەگرتنی هوشیاریی نەتەوەیی و بیری ئازادیخوازیی و ڕزگاریخوازیی، هەروەها ڕۆژنامەی (کوردستان) لەڕووی بیری سیاسیی کوردیدا ڕۆڵێکی پێشەنگی هەبوو، کە گوزارشتی لە گەلێکی ستەمدیدە دەکرد.

ڕۆژنامەگەریی کوردیی وەک دەسکەوتێکی مەزن بووە هۆ و هاندەرێک بۆ زیاتر هەڵکشان و بەرەودان بە بوارەکانی دیکەی ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیریی و کولتووری، هەروەها گوڕوتینی تازەیشی بەخشیە کایەی ڕۆشنبیریان، کە پاشان بووە هۆکارێکی سەرەکی چەکەرەکردن و گەشەکردنی بواری پیشەیی و ئەدەبیی و فەرهەنگیی.

ڕۆژنامەگەریی کوردیی لەهەر سەردەمێکدا، جگە لەوەی ئامرازێکی زیندوو و گرنگی پاراستن و نوێبوونەوەی زمان و ئەدەبیات بووە، خاوەن پەیامێکی ئینسانی و نەتەوەیی و نیشتیمانیش بووە، پەیامی ئاشتەوایی و تەبایی و مرۆڤایەتی هەڵگرتووە، بۆیە هێزێکی کاریگەر و داکۆکیکارێکی سەرسەختی دۆزەرەواکەی گەلەکەمان و کولتوورە ڕەسەنەکەی بووە، لە قۆناغە جیاجیاکانی خەبات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیدا سەنگەری ڕۆژنامەگەریی چەکی بەرگری و هوشیاریی و جۆشدانی گیانی بەرخودان و مقاومەت بووە، بڵێندگۆی ڕاستەقینەی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان بووە.

ئەمڕۆ لەو هەلومەرجەداو لەسایەی فەراهەمکردنی کایەکانی ئازادی ڕادەربڕین و دیموکراسی و چاپەمەنیی و بە سیستمازەکردنی لەرووی یاساییەوە بەدەیان و سەدان دەزگا و کەناڵ و بڵاوکراوەی هەمەجۆر و ڕەنگ لە گۆڕەپانەکدا و لەرووی چاپەمەنی و بڵاوکردنەودا کاری ڕۆژانەی خۆیان ئەنجام دەدەن.

کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و میدیا بەگشتی و خوێنراو بەتایبەتی ئەمڕۆ ڕۆڵێکی گرنگی پەروەردەیی و ڕۆشنبیریی دەبینن، بۆیە پێویستە دامودەزگا و کەناڵەکانی میدیاو هەموو شێوە و جۆرەکانی دیکەی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن لەئاست ئەو قۆناغە هەستیارەو هەلومەرجەی ئەمڕۆدا بەرپرسانە ڕۆڵ و ئەرکی نەتەوەیی و نیشتیمانی خۆیان ببینن، بە تێگەیشتنێکی هاوبەش کاربکەن بۆ ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی نێو مالی کورد و تەبایی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و بەرگریکردن لە مافی هاوواڵتیان و پتەوکردنی چەمکەکانی یەکسانی و دادوەریی کۆمەڵایەتی.

لە 121مین سالیادی ڕۆژنامەگەریی کوردی پیرۆزبایی لەسەرجەم ڕۆژنامەوانان و میدیاکاران دەکەین، لەو جەژنەی ڕۆژنامەگەریدا هەست بە شانازیی و مەزنیی هزر و قەڵەمی ڕۆشنفکرانی کورد دەکەین، ئەوانەی بنەمایەکی ڕاستەقینە و پڕبەرهەم و بەخششیان لە بواری ڕۆژنامەوانیی بەتایبەتی و کوولتوری بەگشتی بونیاتی ناو و وشەی شیرینی کوردییان خستە نێو فەرهەنگی جیهانیەوە.

لەبیرەوەری 121سالەی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا جەخت دەکەینەوە سەر زیاتر ڕەخساندن و فەراهەمکردنی بواری ئازادی ڕادەربڕین و چاپ و بڵاوکردنەوە بەگوێرەی بنەما و ڕێنمایی و ڕێسا گونجاو و پێشکەوتووەکان.

لەو یادە پیرۆزەدا..

سڵاو و ڕێز بۆ مالباتی بەدرخانیەکان و سەرجەم ئەو ماندوونەناس و خەباتکارانەی ڕێگەی ڕەسەنی ڕۆژنامەگەریی..

هەر بەرز و شەکاوە بێت سالیادی ڕۆژنامەگەریی کوردیی و ڕۆژنامەی دایک(کوردستان)..

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/4/22

121 سالەی ڕۆژنامەگەریی کوردی و 21 سالەی دامەزراندنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان پیرۆزە

ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەبۆنەی 121 سالەی ڕۆژنامەگەریی کوردی و 21 سالەی دامەزراندنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان پەیامێکی بڵاوکردەوە، لە پەیامەکەدا هاتووە "فەزای میدیاو ڕۆژنامەگەری کوردستان پێویستی بە ڕێکخستنەوەیەکی گونجاو هەیە کە لایەنی یاساییو دامەزراوەیی بگرێتەوە بەتایبەتی یاسای ژمارە ."35 ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

ڕۆژنامەگەریی لە کوردستان ئەزموونی سالێکی دیکەشی خستەسەر مێژووی خۆی. هاوکات سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان 21مین سالیادی دامەزراندنی دەکاتەوە، هەردوو یادەکە دەربڕو بەری تێکۆشانی سیاسیو ڕۆشنبیری گەلی کوردستانە لەپێناو مافە ڕەواکانییدا.

ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان پیرۆزبایی لەسەرجەم ڕۆژنامەنووس و میدیاکارانی کوردستان دەکاتو هیوای پێشکەوتن و سەرکەوتنی پڕۆژەی نیشتمانیو میدیایی بۆ هەموو لایەک دەخوازێت.

قۆناغی پێشکەوتنی پیشەی ڕۆژنامەگەریی ڕۆژ بەڕۆژ بەرەوپێشەوە دەچێت و هەتا دێت تەکنۆلۆژیای گەیاندن و میدیا بەخێرایی پێشدەکەوێت و سنووری گشتی میدیا و کاری ڕۆژنامەگەری بەرەو جیهانی بوونو جۆرێک لەبێ کۆنترۆڵی دەچێت کە لەبەرامبەردا پیشەکە پێویستی بە دەستگرتنە بەمیساقی شەرەفی سەرکەوتنی پڕۆژەی نیشتمانیو میدیایی بۆ هەموو لایەک دەخوازێت.

ڕۆژنامەنووسی و لەکوردستانیشدا لەچوارچێوەی یاسا بەرکارەکان بەتایبەتی یاسای ژمارە 35ی سالی 2007ی ڕۆژنامەگەری، لەهەمانکاتدا ڕەوشی سیاسیش، پانتاییەکی باشی بۆ کاری میدیایی دورست کردووە، بە دەیەها دەزگاو دامەزراوەی میدیای و بەهەزاران ڕۆژنامەنووس کاری خۆیان دەکەن. کە هاوکات ئەم ڕەوشە پێویستی بە ڕێکخستنو بەهێزکردنی پانتایی ئازادییەکان و سەروەرکردنی یاساو دیموکراسی و دەوڵەتی دامەزراوەیی هەیە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باش و پێویست خزمەتی گەلی کوردستان بکات.

لەبەر ڕۆشنایی دروشمی سەرەکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان "لە پێناو چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی و دەستەبەرکردنی ماف و گوزەرانی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان" و لەچوارچێوەی ئەو ڕاستییەی کە "ڕۆژنامەنووس" ئەو کەسەیە کە بە پیشەی ڕۆژنامەنووسی دەژیت، ئەرک و تەحەددای داهاتووی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، کاری ریفۆرمی پێویست بکرێت بۆ پێناسەکردن و ڕێکخستنی پیشەی ڕۆژنامەنووسی وەکو پیشەیەکی سەربەخۆ کە ببێتە مایەی باشترکردنی گوزەرانی ڕۆژنامەنووسان و دابینکردنی گەرەنتیەکانی پیشەکە.

بەشێوەیەکی گشتی فەزای میدیا و ڕۆژنامەگەری کوردستان پێویستی بە ڕێکخستنەوەیەکی گونجاو هەیە کە لایەنی یاساییو دامەزراوەیی بگرێتەوە بەتایبەتی یاسای ژمارە 35 هەروەها یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، کەپێویستە بەشێوەیەک هەموار بکرێتەوە بەڵام لەکەشێکی گونجاوی خاوەن جێگیری سیاسی بۆ ئەوەی بەقازانجی گشتی بگەڕێتەوە، هەروەها بواری میدیا لەکوردستاندا پێویستی بە ئەنجومەنێکی باڵای ڕاگەیاندن هەیە، کە لەتوانای دابێت کاری میدیایی پرۆفیشنانڵ و دەزگاکانی میدیا ڕێکبخات.

جارێکی دیکە 121 سالەی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی 21 سالەی دامەزراندنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە سەرجەم ڕۆژنامەنووسانو میدیاکارانی کورستان پیرۆز دەکات.

ئەنجومەنی
سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان
22ی نیسانی 2019

سەرۆکایەتیی پەرلەمان یادی 121 سالەی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕۆژنامەوانان پیرۆز دەکات

بەبۆنەی یادی 121سالەی ڕۆژنامەگەریی کوردی، سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان، بروسکەیەکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرجەم ڕۆژنامەوانانی کوردستان دەکات، ئەمە دەقەکەیەتی:

بەبۆنەی یادی 121سالەی ڕۆژنامەگەریی کوردی گەرمترین پیرۆزبایی لە سەرجەم ڕۆژنامەوانانی کوردستان دەکەین. هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی یاسای کاری ڕۆژنامەوانی توانیویەتی هەنگاوی گرنگ بە ئاراستەی فراوانبوونی مەوداکانی ئازادی و کاری میدیایی بهاوێژێت، ئازادیی ڕۆژنامەوانی و میدیایی، سیمای دیاری ئەزموونی کوردستانن و خوازیاری گەیشتنی زیاتری ڕۆژنامەوانانین بە زانیاریەکان و پەیڕەوکردنی شەفافیەتین لە دامەزراوە حکومییەکان بۆ دەستەبەرکردنی ماف و گوزەرانی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان و لەچوارچێوەی ئەو ڕاستییەی کە "ڕۆژنامەنووس" ئەو کەسەیە کە بە پیشەی ڕۆژنامەنووسی دەژیت، ئەرک و تەحەددای داهاتووی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، کاری ریفۆرمی پێویست بکرێت بۆ پێناسەکردن و ڕێکخستنی پیشەی ڕۆژنامەنووسی وەکو پیشەیەکی سەربەخۆ کە ببێتە مایەی باشترکردنی گوزەرانی ڕۆژنامەنووسان و دابینکردنی گەرەنتیەکانی پیشەکە.

بەشێوەیەکی گشتی فەزای میدیا و ڕۆژنامەگەری کوردستان پێویستی بە ڕێکخستنەوەیەکی گونجاو هەیە کە لایەنی یاساییو دامەزراوەیی بگرێتەوە بەتایبەتی یاسای ژمارە 35 هەروەها یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، کەپێویستە بەشێوەیەک هەموار بکرێتەوە بەڵام لەکەشێکی گونجاوی خاوەن جێگیری سیاسی بۆ ئەوەی بەقازانجی گشتی بگەڕێتەوە، هەروەها بواری میدیا لەکوردستاندا پێویستی بە ئەنجومەنێکی باڵای ڕاگەیاندن هەیە، کە لەتوانای دابێت کاری میدیایی پرۆفیشنانڵ و دەزگاکانی میدیا ڕێکبخات.

جارێکی دیکە 121 سالەی ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی 21 سالەی دامەزراندنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە سەرجەم ڕۆژنامەنووسانو میدیاکارانی کورستان پیرۆز دەکات.

ئەنجومەنی
سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان
2019/4/21

شاندێکی حزبی تەقەدومی ئیشتراکیی مەغریبی سەردانی پەرلەمانی کوردستان دەکات

د. نەبیل بن عەبدوڵڵا: گەلی مەغریب هاوسۆزییەکی تەواوی هەیە لەگەڵ ئەو ناخۆشییانەی بەسەر گەلی کورددا هاتوون





سلێمانی.. کارمەندانی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق ناڕەزایی دەربڕی

کارمەندانی گرێبەست: پێویستە پەرلەمانتاران لێکۆڵینەوە لە شێوازی دامەزراندن بکەن

دەیان کەس لە کارمەندانی گرێبەستی سەربە ئۆفیسی سلێمانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق لەبەردەم نوسینگەی پەرلەمانی عێراق گردبوونەوەیەکی ناڕەزایی ئەنجامدا و داوای پێداچوونەوەی شێوازی دامەزراندن و گرێبەستی کارمەندانی کۆمیسیۆنیان کرد. ئەو کارمەندانەی کۆمیسیۆن کە ماوەی چەند ساڵێکە بە شێوەی گرێبەست لە ئۆفیسی سلێمانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق کاردەکەن و وەک خۆیان دەڵێن ژمارەیان زیاتر لە 500 کەسە، نیگەرانن لە شێوازی گرێبەستکردن و دامەزراندنی بەشێکیان و دوورخستنەوەی بەشەکەی تریان، داواش دەکەن پەرلەمانتاران لێکۆڵینەوە لە شێوازی دامەزراندن بکەن و جارێکی تر ئەو پڕۆسەیە بە شێوەیەکی دادوەرانە ئەنجام بدرێتەوە. دوای کۆبوونەوەی نوێنەرانی کارمەندەکان لەگەڵ ژمارەیەک لە پەرلەمانتارانی عێراق، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا نوێنەری کارمەندەکان ئاماژەی کرد بەوەی لیژنەی دامەزراندن لە کۆمیسیۆن پابەند نەبووە لە مەرجەکانی دامەزراندنی کارمەندان و بەپێی بەرژەوەندی خۆیان کارمەندانیان دامەزراندووە. داواکارییەکانی ئەوان خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینێتەوە کە بە یاداشتێک ئاڕاستەی نوسینگەی پەرلەمانیان کردووە کە بریتین لە فەرمانکردن بە دووبارە ئەنجامدانەوەی پڕۆسەی چاوپێکەوتن لەگەڵ کارمەندەکان بەپێی ئەو مەرجانەی دانراون، دامەزراندنی لیژنەیەکی نوێی چاوپێکەوتن و هەڵوەشاندنەوەی لیژنەی پێشوو، دوورخستنەوەی ئەو کارمەندانەی پێش هەڵبژاردن گرێبەستیان لەگەڵ کرابوو، گەڕانەوەی ئەو بەڕێوەبەر و جێگرانەی لە کارەکانیان دوورخراونەتەوە و دامەزراندنی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەو کەسانەی بەپێی مەرجەکان کاریان نەکردووە.

سەرۆکایەتیی پەرلەمان جەژنی قیامە لە کریستیانەکان پیرۆز دەکات

شانازی بە کولتووری پێکەوەژیانی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان دەکرێت

بە بۆنەی هاتنەوەی جەژنی قیامەی حەزرەتی مەسیح، سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان لە پەیامێکدا پیرۆزبایی لە کریستیانەکانی کوردستان و عێراق و جیهان دەکات، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بەبۆنەی هاتنەوەی جەژنی قیامەی حەزرەتی مەسیح، سڵاوی خوای لێبێت، گەرمترین و جوانترین پیرۆزبایی لە کریستیانەکانی کوردستان و عێراق و جیهان دەکەین، هیوادارین جەژنێکی ئارام و خۆش بەسەربەرن و ئارامی و سەقامگیری و ئاشتەوایی باڵ بەسەر هەموو جیهان و مرۆڤایەتیدا بکێشێت.

بە ئومێدی ئەوەی ئەم جەژنە ببێتە مایەی قوڵکردنەوەی گیانی تەبایی و پێکەوەژیان و لێبووردەیی لەنێوان سەرجەم پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستاندا، ئەو کولتووری پێکەوەژیانەی کە بە درێژایی مێژوو لە کوردستاندا هەیە و شانازیی پێوە دەکرێت، هیوادارین گشت بۆنە و یادە ئایینی و نەتەوەییەکان لە کوردستاندا بەخۆشیی و شادی بگەڕێنەوە.

سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان
2019/4/21

ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان جەژنی قیامە پیرۆز دەکات

کار دەکەین بۆ یەکسانی و دابینکردن و پاراستنی مافەکانی سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستان

لە پەیامێکدا ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، جەژنی قیامەی حەزرەتی مەسیح پیرۆز دەکات، لە بەشێکی پەیامەکەدا ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت: لەم جەژنە پیرۆزەدا دووپاتی دەکەینەوە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەک هەمیشە کار دەکات بۆ جێگیربوون و قوڵکردنەوەی زیاتری کولتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی و یەکتر قبووڵکردن لەنێوان هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستاندا، ئەو کولتوورەی کە مایەی شانازیی هەموو گەلی کوردستان و جێی ڕێزی جیهان و مرۆڤایەتیشە، هەروەها بە هەموو شێوەیەک کار دەکات بۆ یەکسانی و دابینکردن و پاراستنی مافەکانی هەموو پێکهاتەکانی کوردستان.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

جەژنی قیامەی حەزرەتی مەسیح پیرۆزە دەکەین بۆ هەموو مەسیحییەکانی سلاوی خوای لێ بێت لە تەواوی خۆشک و برایانی مەسیحی لە هەرێمی کوردستان، عێراق و سەرتاسەری جیهان پیرۆز دەکەین. هیوادارین جەژنێکی خۆش و ئارام بەسەر بەرن و ئارامی و سەقامگیری و ئاشتەوایی باڵ بەسەر هەموو جیهان و مرۆڤایەتیدا بکێشێت.

لەم جەژنە پیرۆزەدا دووپاتی دەکەینەوە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەک هەمیشە کار دەکات بۆ جێگیربوون و قوڵکردنەوەی زیاتری کولتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی و یەکتر قبووڵکردن لەنێوان هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستاندا، ئەو کولتوورەی کە مایەی شانازیی هەموو گەلی کوردستان و جێی ڕێزی جیهان و مرۆڤایەتیشە، هەروەها بە هەموو شێوەیەک کار دەکات بۆ یەکسانی و دابینکردن و پاراستنی مافەکانی هەموو پێکهاتەکانی کوردستان.

دووبارە جەژنی قیامە لە خۆشک و برایانی مەسیحی بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان پیرۆز بێت، هیوادارین جەژن و بۆنەکانی داهاتوو لە دۆخێکی باشتر و ئارامی و سەقامگیرییەکی زیاتری دوور لە شەڕ و توندوتیژی و تیرۆر و لە کوردستانێکی خۆشگوزەرانتر و ئاوەدانتردا بکەنەوە.

ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان
2019/4/21

زنجیرەیەک تەقینەوە ژمارەیەک کەنیسەی سریلانکایان کردە ئامانج

زۆرینەی دانیشتووانی سریلانکا بوزیین و نزیکەی یەک ملیۆن کریستیانیش لەو وڵاتەدا دەژین

بەگوێرەی ئامارە سەرەتاییەکان ژمارەی قوربانیانی تەقینەوەکان گەیشتووەتە زیاتر لە 600 کەس



خەبات-مەریوان نەقشبەندی

لە ئەنجامی ئەو هێرشە دڕندانەی کە بەرەبەیانی دوێنێ یەکشەممە 2019/4/21 کرانە سەر چەند کەنیسەیەکی وڵاتی سریلانکا بە سەدان کەس کوژران و بریندارببوون و ئەمەش خوێناویترین هێرشە لە ماوەی 50 ساڵی ڕابردوودا کە دەکرێتە سەر مەسیحییەکانی ئەو وڵاتە.

سەرچاوەیەک لە حکوومەتی سریلانکا ڕایگەیاند: دوێنێ یەکشەممە لە کاتێکدا مەسیحییەکانی سریلانکا سەرقاڵی ڕێورەسمی نوێژی جەژنی قیامەی خۆیان بوون لە چەندین شوێنی پایتەختی ئەو وڵاتە تەقینەوەی یەک لە دوای یەک کەنیسەکانی کردە ئامانج و بەپێی دوا ئامار 207 کەس کوژراون و زیاتر لە 400 کەس بریندارن، سەرچاوەکەی حکوومەتی سریلانکا تەئکیدی کردەوە کە نزیکەی 25 کەس لە قوربانییەکان لە مەسیحییە بیانییەکانن.

ئەم هێرشانەی سەر کەنیسەی مەسیحییەکان دوای مانگێک لە هێرشەکانی سەر دوو مزگەوتی وڵاتی نیوزیلەندا دێت کە نوێژخوێنانی دوو مزگەوتیان کردە ئامانج و نزیکەی 50 نوێژخوێنیان کردە قوربانی کە بە مەبەستی نوێژی هەینی لەو مزگەوتانەدا بوون، دوابەدوای ئەم هێرشانەی سەر کەنیسەکانی سریلانکا زۆربەی وڵاتانی جیهان نیگەرانی خۆیان لەسەر فراوانبوونی مەودای ڕقلێبوونەوەی ئایینی لە سەرتاسەری جیهان دەربڕی و داوایان لە حکوومەتی سریلانکا کرد تاوانباران و ئەوانەی لەپشت ئەم هێرشانەوەن دەستگیر بکرێن و دادگایی بکرێن. بەشێک لە مەسیحییەکانی ئەو وڵاتە گوتیان: ئەم هێرشانە لە ئەنجامی ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی سریلانکا ڕوویان لە کەنیسەکان کردووە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەڵک لە ئایینەکانی دیکەوە دەبنە مەسیحی و هێرشبەران هەڵی ئەوەیان قۆستووەتەوە کە کەنیسەکان هیچ پاسەوان و پارێزبەندیەکیان نییە.

هەر سەبارەت بە تەقینەوەکانی سریلانکا، بی بی سی بڵاویکردەوە، تەقینەوەکان لە کڵێساکانی کۆچیکادی، نیگۆمبۆ و باتیکالۆ و هۆتێلەکانی شانگری لا، سینامۆن گراند و گنگسبێری کۆڵۆمبۆی پایتەختی ئەو وڵاتە ڕوویانداوە. هاوکات تا ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە هەواڵە، بەرپرسانی حکوومەتی سریلانکا دەستگیرکردنی حەوت کەسیان وەک تۆمەتبار بە تەقینەوەکانی ئەو وڵاتە ڕاگەیاند، دوابەدوای ئەو ژمارە تەقینەوەیەش کە سریلانکای هەژاند، حکوومەتی سریلانکا قەدەغەکردنی هاتووچۆی بە شێوەیەکی کاتی ڕاگەیاند، هاوکات بڕیاری دا تۆڕە سەرەکییەکانی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاریەکانی نامەگۆڕینەوە ڕابگرێت، دوای زنجیرە تەقینەوەکە، هاوکات مالپەڕی نیوز فێرس، لۆکاڵیی سریلانکا لەسەر زاری گوتەبێژ بە ناوی پۆلیس کە ناوی نەهێناوە ئەوەی بڵاوکردووەتەوە، قەدەغەکردنی هاتوچۆ لە کاتژمێر شەشی ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە تاوەکو شەشی بەیانیی ڕۆژی دووشەممە دەسەپێندرێت.

هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاندووە: حکوومەت بڕیاری ڕاگرتنی تۆڕە سەرەکییەکانی کۆمەڵایەتی داوە و نامەگۆڕینەوەش نەهێڵدرێت. لە ناو قوربانییەکانیش ژمارەیەک بیانی هەن کە هەڵگری ڕەگەزنامەکانی ئەمەریکی، بەریتانی، هۆڵەندی و تورکی و ژمارەیەک وڵاتی دیکەن.

سریلانکا وڵاتێکە زۆرینەی دانیشتوانەکەی بە ئایین بوزیین و ژمارەی کریستیانی کاسۆلیک تێیاندا نزیکەی یەک ملیۆن و 200 هەزار کەس دەبن لە کۆی 21 ملیۆن هاووڵاتیی ئەو وڵاتە.

پەیامی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بە بۆنەی یۆبێلی زیوینی گۆڤاری گوڵان

بە بۆنەی 25ـەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵانەوە، دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرنووسەر و سکرتێری نووسین و سەرجەم ئەندامانی ستافی نووسین و هونەری گۆڤارەکە کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

هەڤاڵانی بەڕێز/ سەرنووسەر و تیپکرای ئەندامانی ستافی نووسین و هونەری لە گۆڤاری (گوڵان).

لە بیرەوەریی (25)ەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (گوڵان)، وێڕای هیواخوازیی بەردەوامی و پێشوەچوونی زیاتر، گەرمترین پیرۆزبایی لە ئێوە و نووسەران و خوێنەرانی گۆڤارە ئازیزەکەتان دەکەین، ئومێدەوارین وەک هەمیشە زیاتر بڕەو بە پلان و کارەکانتان بدەن، دڵنیاشین لەوەی هەردەم مایەی ئەو شانازی و ئەو ئەرکە پیرۆزە دەبن.

ڕێچکەی نەگۆڕ و باوەڕپێکراوی گۆڤاری (گوڵان) مایەی متمانەی خوێنەرانیەتی، کە بەپێی ئەو سیستەم و پڕۆگرامە ڕێکوپێک و تایبەتەی شوناسی خۆی دیاری کردووە و ئیتیک و بنەما و ڕەگەزەکانی ڕۆژنامەگەریی سەردەمیانەی پەیڕەو کردووە. لەو سونگەیەوە خزمەتێکی زۆری کایەکانی ڕۆژنامەگەری و ڕۆشنبیری و کولتووری کردووە، کە ئەمەش دەستکەوتێکی دیکەیە بۆ کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردیمان.

لە نێو توێژی ڕۆشنبیر و ئەکادیمیستاندا ڕۆڵی گۆڤاری (گوڵان) ڕوون و بەرچاوە و نکۆڵی لێ ناکرێ، پێگەی شایستەی خۆی چەسپاندووە، ئەمەش لایەنێکی دیکەی ئەو خزمەت و بەخشندەیە، کە پێشکەشی کردووە و ئەو بوارەشی دەوڵەمەندتر کردووە.

گۆڤاری (گوڵان) ژمارەیەکی بەرچاوی توێژەر و سیاسەتمەدار و ئەکادیمی ناسراوی عەرەبی و بیانی و جیهانی بە یەکەوە کۆ کردووەتەوە، بۆیە لەو ڕووەوەش تایبەتمەندی و دانسقەیی خۆی سەلماندووە، هەروەها لە ڕووی ئیتیکی پیشەوەرانەوە گۆڤاری (گوڵان) پەیڕەوی ڕەوتێکی ڕاست و دروستی کردووە و بە گیانی دیالۆگ و ڕەخنەگرانەوە خزمەتی کێشەی ڕەوای گەلەکەمان و پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانی کردووە.

جارێکی دیکە بە بۆنەی یۆبیلی زیوینیەوە، پیرۆزبایی و پشتیوانی خۆمان بۆ سەرخستن و بەردەوامی و زیاتر پێشخستنی گۆڤاری (گوڵان) دووپات دەکەینەوە. هەر سەرکەوتوو بن..

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/4/21

مەکتەبی سیاسی (25)ەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری گوڵان پیرۆز دەکات

مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە بۆنەی (25)ەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (گوڵان)ـەوە، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرنووسەر و تیپکرای ئەندامانی ستافی نووسین و هونەری گۆڤارەکە کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

هەڤاڵانی بەڕێز/ سەرنووسەر و تیپکرای ئەندامانی ستافی نووسین و هونەری لە گۆڤاری (گوڵان).

لە بیرەوەریی (25)ەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (گوڵان)، وێڕای هیواخوازیی بەردەوامی و پێشوەچوونی زیاتر، گەرمترین پیرۆزبایی لە ئێوە و نووسەران و خوێنەرانی گۆڤارە ئازیزەکەتان دەکەین، ئومێدەوارین وەک هەمیشە زیاتر بڕەو بە پلان و کارەکانتان بدەن، دڵنیاشین لەوەی هەردەم مایەی ئەو شانازی و ئەو ئەرکە پیرۆزە دەبن.

ڕێچکەی نەگۆڕ و باوەڕپێکراوی گۆڤاری (گوڵان) مایەی متمانەی خوێنەرانیەتی، کە بەپێی ئەو سیستەم و پڕۆگرامە ڕێکوپێک و تایبەتەی شوناسی خۆی دیاری کردووە و ئیتیک و بنەما و ڕەگەزەکانی ڕۆژنامەگەریی سەردەمیانەی پەیڕەو کردووە. لەو سونگەیەوە خزمەتێکی زۆری کایەکانی ڕۆژنامەگەری و ڕۆشنبیری و کولتووری کردووە، کە ئەمەش دەستکەوتێکی دیکەیە بۆ کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردیمان.

لە نێو توێژی ڕۆشنبیر و ئەکادیمیستاندا ڕۆڵی گۆڤاری (گوڵان) ڕوون و بەرچاوە و نکۆڵی لێ ناکرێ، پێگەی شایستەی خۆی چەسپاندووە، ئەمەش لایەنێکی دیکەی ئەو خزمەت و بەخشندەیە، کە پێشکەشی کردووە و ئەو بوارەشی دەوڵەمەندتر کردووە.

گۆڤاری (گوڵان) ژمارەیەکی بەرچاوی توێژەر و سیاسەتمەدار و ئەکادیمی ناسراوی عەرەبی و بیانی و جیهانی بە یەکەوە کۆ کردووەتەوە، بۆیە لەو ڕووەوەش تایبەتمەندی و دانسقەیی خۆی سەلماندووە، هەروەها لە ڕووی ئیتیکی پیشەوەرانەوە گۆڤاری (گوڵان) پەیڕەوی ڕەوتێکی ڕاست و دروستی کردووە و بە گیانی دیالۆگ و ڕەخنەگرانەوە خزمەتی کێشەی ڕەوای گەلەکەمان و پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانی کردووە.

جارێکی دیکە بە بۆنەی یۆبیلی زیوینیەوە، پیرۆزبایی و پشتیوانی خۆمان بۆ سەرخستن و بەردەوامی و زیاتر پێشخستنی گۆڤاری (گوڵان) دووپات دەکەینەوە. هەر سەرکەوتوو بن..

مەکتەبی سیاسیی
پارتی دیموکراتی کوردستان
2019/4/21

بە شەق و بۆکس پەلاماری سەرۆکی گەورەترین حزبی ئۆپۆزسیۆنی تورکیا درا

کەمال کلێچدارئۆغلۆ دوای هێرشەکە: یەک ملیم پاشەکشە ناکەم و بەردەوام دەبم لە بەرگریکردن لە ماف و یاسا

دوێنێ یەکشەممە، سەرۆکی گشتیی جەهەپە، کەمال کلێچدارئۆغلۆ دوای ئەوەی بەشداری کرد لە پرسەی سەربازێکدا لە شارۆچکەی چوبوک لەلایەن گرووپێکەوە پرۆتێستۆکرا و دواتر ڕووبەڕووی هێرش بووەوە، پاشان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە برایە ماڵێکی ناوچەکە. کلێچدار ئۆغلۆ بە مەبەستی بەشداریکردن لە پرسەی یەنەر کرکچی کە لەمیانەی پێکدادان لەگەڵ چەکدارانی پەکەکە لەسەر سنووری تورکیا-عێراق گیانی لەدەستدابوو، سەردانی چوبوکی کرد. دوای ئەنجامدانی نوێژی مردوو لە مزگەوتی ئاککوزولو، گرووپێک سەرەتا پرۆتێستۆی کلێچدار ئۆغلۆیان کرد و دواتر بە شەق و بۆکس هێرشیان کردەسەر. پاسەوانەکانی و هێزە ئەمنییەکان دەستبەجێ کلێچدار ئۆغلۆویان دوورخستەوە و بردیانە ماڵێکی ناوچەکە. دوای ڕووداوەکەش سەرۆکی گشتی جەهەپە، کەمال کلێچدارئۆغلۆ لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا لەبارەی هێرشەک گوتی: ئەوان وا دەزانن کە ئەگەر هێرش بکەن ئەوا سەرۆکی گشتی جەهەپە، کەمال کلێچدارئۆغلۆ پاشەکشە دەکات، یەک ملیم پاشەکشە ناکەم. کلێچدارئۆغلۆ گوتیشی: هەرگیز دڵتەنگ نەبووم بەوەی کە ڕووبەڕووی هێرش بوومەوە. ئەوانەی کە بەرگرییان لە ماف و دادپەروەریی کردووە هەمیشە لە مێژوو ڕووبەڕووی هێرش بوونەتەوە. هەمیشە بەردەوام دەبم لە بەرگریکردن لە ماف و یاسا. کلێچدارئۆغلۆ ڕاشیگەیاند: بێ ڕێزی بە شەهید کرا، نوێژی جەنازەی شەهید بە ڕاستی و دروستی ئەنجام نەدرا، ئەوە منی خەمبار کرد. سەرۆکی گشتی جەهەپە، کەمال کلێچدارئۆغلۆ لەبارەی هێرشبەران گوتیشی: هێرشبەران هیچ ڕێزێکیان بۆ شەهید نییە، ڕێزیان بۆ نوێژیش نییە، ڕێزیان بۆ باوەڕیش نییە.



دەزگای خێرخوازیی بارزانی و کۆمپانیای جیهانی پزیشکی

چارەسەر و پشکنین بۆ سەدان نەخۆشی پشت و ئێسک و دڵ و شێرپەنجە ئەنجام دەدەن



دوێنێ یەکشەممە ڕێککەوتی 21/4/2019 لە نەخۆشخانەی ڕۆژئاوای شاری هەولێر پرێس کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی و نوێنەری کۆمپانیای جیهانی پزیشکی سەبارەت بە هێنانی تیمێکی پزیشکانی پسپۆڕی وڵاتی هیندستان بەمەبەستی ئەنجامدانی پشکنین و چارەسەر بەبێ بەرانبەر بۆ کەمدەرامەتان. لە پرێس کۆنفرانسەکەدا موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی ئاماژەی بەوەدا، وەکو دەزگای خێرخوازیی بارزانی هەوڵماندا بەشێوەیەکی بەردەوام لەبواری جیاجیاکاندا کاری خێرخوازیی و مرۆیی ئەنجام بدەین، ماوەیەکە سێکتەری تەندروستی دەزگاکەمان، سەرقاڵی ئەم پڕۆژەیەن و سیاسی کۆمپانیای جیهانی پزیشکی کە لەم پڕۆژەیەدا پاڵپشتی کرد و هەروەها سیاسی نەخۆشخانەی سمسی وڵاتی هیندستان دەکەین کە بە کۆمەڵێک پزیشکی پسپۆڕ هاوکاری ئەم پڕۆژەیەیان کرد. ئەم پڕۆژەیە زیاتر لە 395پشکنین کراوە بۆ ئەو نەخۆشانەی کە نەخۆشی پشت و قاچیان هەبووە لەگەڵ نەخۆشییەکانی دیکەی دڵ و جومگە و هتد. ناویان تۆمارکراوەو دەست بە چارەسەرکردنیان دەکرێت. دواتر بەرپرسی کۆمپانیای جیهانی پزیشکی تیشکی خستەسەر پڕۆژەکەو ڕایگەیاند: لەم پڕۆژەیەدا نەخۆشییەکانی دڵ و شێرپەنجەو ئەژنۆ و پشت پشکنینیان بۆ کراوە لەگەڵ تیشک و پشکنینی تاقیگەیی بەبێ بەرانبەر ئەنجامدراون. زۆر سوپاسی دەزگای خێرخوازیی بارزانی بۆ دابینکردنی نەخۆش بەبێ جیاوازی بۆ ئەم پڕۆژەیە کە لە شێوەی کەمپینێک بەڕێوە دەچێت.

جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێشوازیی لە شاندێکی کاکەییەکان دەکات



پێشنیوەڕۆی دوێنێ 2019/4/21 هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بەئامادەبوونی لیزا فەلەکەدین کاکەیی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، لە تەلاری پەرلەمان پێشوازیی کرد لە شاندێکی کاکەییەکان بە سەرۆکایەتیی ئیبراهیم مستەفا و یاوەریی نوێنەرانی کاکەییەکانی سەرجەم ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق.

لە دیدارێکدا شاندی میوان بەناوی سەرجەم کاکەییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق، وێڕای پیرۆزبایی‌کردن لە جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەبۆنەی دەستبەکاربوونی لە پۆستەکەی، مەبەستی سەردانەکەیان بۆ پەرلەمانی کوردستان ڕوونکردەوە کە گەیاندنی چەند داواکارییەکی پەیوەست بە کاکەییەکان لەرووی ئاین و پرسە کارگێڕییەکان لەناو دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و داوایان لە پەرلەمانی کوردستان کرد کە لەچوارچێوەی یاساو دەستووری هەرێمی کوردستاندا ئەرک و مافی کاکەییەکان وەک سەرجەم پێکهاتەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگیرێت، هەروەها یاداشتێکی چەند خاڵییان سەبارەت بە کێشەو داواکارییەکانیان پێشکەش بە جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کرد.

لای خۆیەوە هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، وێڕای بەخێرهێنانی شاندی میوان، بەخۆشحاڵییەوە یاداشتەکەی لێوەرگرتن و بەڵێنی پێدان کە بەدواداچوون بۆ سەرجەم داواکارییەکانیان دەکات و دوای دیراسەکردنیان بەپێی توانا هەوڵ بۆ چارەسەرکردنیان بدرێت و ڕایگەیاند: "کاری لە پێشینەی پەرلەمانی کوردستان دوای پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستانەو هەموو هەوڵێکیشمان دەخەینەگەڕ کە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ و مافەکانی سەرجەم پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان بە هەماهەنگی و ڕێککەوتنی گشت لایەک، لەو دەستوورەدا فەراهەم بکەین".

هەروەها جەختی لەسەرئەوە کردەوە کە بەهەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێم چاکسازییەکی گشتگیر لەسەرجەم سێکتەرەکاندا ئەنجام دەدەن.

سبەی کۆتایی بە دابەشکردنی مووچە دێت



وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: ئەمڕۆ دووشەممە ڕێکەوتی 2019/4/22 مووچەی ئەم وەزارەت و شوێنانەی خوارەوە دابەشدەکرێت:

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی، سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەنجوومەنی وەزیران، خانەنشینانی سەربازی

پارێزگاری هەولێر پێشوازی لە شاندێکی بازرگانی دیاربەکر دەکات



نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر لە دیوانی پارێزگادا، بەئامادەبوونی تاهیر عەبدوڵا جێگری پارێزگار و دارا جەلیل خەیات سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی هەولێر پێشوازی لە وەفدێکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی دیاربەکر و ژمارەیەک لە بزنسمان و نوێنەرانی کۆمپانیاکانی تورکیا کرد.

لە دیدارەکەدا باس لە ڕەوشی پەیوەندی و دۆستایەتی و هاریکاری نێوانی هەرێمی کوردستان و تورکیا و پەیوەندی هەولێر و دیاربەکر لەبواری بازرگانی و پیشەسازی کراو جەخت لە بڕەودانی پتری پەیوەندییەکان و زیادکردنی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوانی هەردوولا کرایەوە. پارێزگاری هەولێر ئاماژەی بە ڕۆڵی بازرگان و وەبەرهێنەرانی تورکیا بەتایبەتیش دیاربەکرو شارە کوردییەکان کرد کەلەهەمموو بارو دۆخێکدا پشتیوانی هەوڵەکانی بڕەودانی پەیوەندی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و بەشدار بوون لە پڕۆسەی ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدانی هەولێر و هەرێمی کوردستان بە گشتی بوون ، پارێزگاری هەولێر ڕایگەیاند ئێمەش هەموو ئاسانکاری و پشتیوانییەکمان بۆ ژووری بازرگانی و پیشەسازی وەبەرهێنەرانی دیاربەکر دەکەین هەروەک لەپێشوودا کردوومانە ، تاوەکو هەمیشە پەیوەندی هەولێر و ئانکەرە لە ڕووی ئابووری و پیشەسازی پتەوتر بێت و هەرێمی کوردستانیش وەکو بازارێکی گرنگی نێوەند بێت لەنێوان تورکیاو عێراق بۆ خزمەتی ڕەوشی ئابووری و ئاڵوگۆڕی بازرگانی. ستایشی ئەو پێشوەچوونە تازانەی ڕەوشی پەیوەندیەکانی تورکیا و هەرێم کرا بەتایبەتیش کردنەوەو دەستبەکاربوونی هێڵی ئاسمانی تازە لەنێوانی هەولێر و شارەکانی تورکیا و ئاسانکاریەکانی گیزا پێدان بەهاوڵاتیانی هەرێم.

بۆ کردنیان بە هەمیشەیی مامۆستایانی وانەبێژ لە کەلار گردبوونەوە

خەبات ـ سەریە یوسف:

دوێنێ ژمارەیەکی بەرچاو لەمامۆستایانی وانەبێژ، لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گەرمیان، لە شارۆچکەی کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان گردبونەوە. لەبارەی داواکاری مامۆستایانی وانەبێژەوە، لەڕاگەیەنراوێکدا کەوێنەیەکی بە خەبات دراوە مامۆستایانی وانەبێژ جەختیان لەسەر چەند داواکاریەک کردۆتەوە لەوانە، هەژمارکردنی ساڵانەی وانەبێژیان بەخزمەت و دامەزراندنیان بەشێوەی هەمیشەیی. لای خۆشیەوە دارا ئەحمەد ، بەڕێوەبەری پەروەردەی گەرمیان، بۆ خەبات ئاماژەی بۆ ئەوە کرد پشنگیری لەداواکاریەکانیان دەکات و داواکاری مامۆستایانی واتەبێژ بۆسەرووی خۆی بەرز دەکاتەوە

فەرهاد محەمەد وەک نوێنەری مامۆستایانی وانەبێژ ، بۆ خەبات ئەوەی خستەروو" یەکێکی تر لەگرفتەکانی ئەوان هەژمارنەکردنی پارەی وانەبێژە بۆ ڕۆژانی مۆڵەت.

لە شێخان 24 پارچە زەوی بەسەر خانەوادە شەهیدان دابەشکرا



خەبات ـ ئالان شەهاب: وەکو وەفایێک بۆ شەهیدانی شەڕی داعش ل شاروچکەی شێخان 24 پاچە زەوی بە سەر خانەوادەی شەهیدانی شەری داعش دابەش کرا کە پێشتر لە وەرگرتنی پارچەی زەوی سوودمند نەبوونە. ئەو پارچە زەویانەی کە بۆ ئەم 24 شەهیدە ئامادەکراوە دەکەوێتە سەنتەری قەزای شێخان ل ڕێوڕەسمێکی شایستە دا بە ئامادەبوونی هەمو پێکهاتە جیاوازەکانی قەزای شێخان ئەو پارچە زەویانە بە سەریاندا دابەشکرا. لەم پڕۆسەیەدا 24 پارچەی زەوی کە هات بوونە ئامادەکردن لە سەنتەری قەزای شێخان ل سنوری شارەوانی شێخان بە سەر خانەوادانەی شەهیدانی شەڕی داعش هاتنە دابەشکردن بە ڕێگای تیر و پشک. حکومەتی هەرێم هەردەم هەوڵیداوە کەمێک لە خەمی خانەوادەی ئەم شەهیدانە کەم بکاتەوە بە پێدانی پارچە زەوییەک وەکو ئەو خوێنەی کە لە پێناو کوردستان داویانە خێزانی ئەم شەهیدانە دەڵێن ئێمە سەر بەرزین کە ڕۆڵەکانمان لە پێناوی خاکی کوردستان گیانی خۆیان بەخت کردووە و هەمیشەش ئامادەین گیانمان لە سەر خاکی کوردستان بەخت بکەین.

لە بارەی زەوی دابەش دوو

وەزارەتی شارەوانی بڕیاریدا

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاربەڕیاری 9037ی ڕۆژی 29ی تشیرینی دووەمی پار ساڵ بڕیاریدا بە ڕێگەنەدان بە دابەشکردنی زەوی و خانووی 200 مەتری بەلام گۆڕانکاری لە بڕیارەکە کراو ئەو زەویانەی پێش دەرچوونی گشتاندنمان لەسەر کردووەو وێنەی تاپۆیان کراوەتە دوو پشک و ڕێککاری یاسایی بۆ مۆڵەتی دابەشکردنی دەستی پێکراوە و مۆڵەتی یاسایی پێ دەدرێت و کارەکەی بۆ تەواو دەکرێ بەمەبەستی دابەشکردن و جیاکردنەوە. دواتر زەوی خزمەتگوزاری بازرگانی کە دەکەونە ناو گەڕەکە نیشتەجێ بووەکان پێویستە ڕای نەخشەی ئاوەدانی وەرگرێت ئینجا ئەگەر پێویست بوو جیا دەکرێتەوە.

بازاڕی بەرهەمی قوتابیان لە فیستیڤاڵی کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سەلاحەدین خرایەڕوو





بەچاودێری دکتۆر ئەحمەد دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین و بە ئامادەبوونی پەرلەمانتاران و بەرپرسانی حکوومی و حزبی و مامۆستایان و قوتابیانی زانکۆ، دوێنێ یەکشەمە ڕێککەوتی 2019/4/21 کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی چوارەمین فستیڤاڵی ساڵانەی خۆی بەناونیشانی بازاڕی بەرهەمی قوتابیان لەنێو کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی سازکرد. لە دەستپێکی فیستڤاڵەکەدا دکتۆر سیروان عارەب ئاماژەی بەوەکرد، کە ئەمسال بەشێوازێکی جیاواز لەچاو ساڵانی پێشوو قوتابیان بەرهەمەکانی خۆیان نمایش دەکەن. هەروەها ئەوەشی گوتی: مەبەستمانە قوتابیانی زانکۆی بەشێوەیەکی دروست بۆ کۆمەڵگا ئامادە بکەین و تەنها پشت بە کەرتی حکومی نەبەستێ، بەڵکو بتوانن لە بازاڕی کاردا بەرهەمەکانیان پێشکەش بکەن. دواتر هەر لە کۆنفرانسەکەدا دکتۆر ئەحمەد دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین لە وتەیەکەدا ئاماژەی بەوەکرد، لەم ماوە کەمەی سەرەتای دروستبوونی کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، بە بەرهەمی زانستی قوتابیان، ئامانجی زانکۆمانی هێنایەدی و ئێستا کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی یەکێکە لە کۆلیژە هەرە پێشکەوتووەکان، کە ئەمە جاری چوارەمە فیستیڤاڵی ساڵانەی بەرهەمی قوتابیان نمایش دەکات. هەر لە وتەکەیدا سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین سوپاسی ئەو لایەنانەی کرد کە هاوکاربوون لە دروستکردن و بونیادنانی کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، کە ئێستاکە ساڵانە قوتابی زۆر خواستیان لەسەر بۆ ئەوەی ڕوو لە کۆلیژی ناوبراو بکەن. هەروەها سوپاسی مامۆستایان و قوتابیانی کۆلیژی ناوبراو کرد لەبەرامبەر هەوڵ و کۆششە زانستییەکانیان.

هەر لە کۆنفرانسەکەدا چەندین گۆرانی فۆلکلۆری کوردی لەلایەن قوتابیانی کۆلیژ پێشکەش بە ئامادەبووان کراو دواتر دەستکرا بە نمایشکردنی بەرهەمەکانیان لەلایەن قوتابیانی کۆلیژ.

هەولێر.. پارتی دیموکراتی کوردستان جەژنی قیامەی لە خوشک و برا مەسیحییەکان پیرۆز دەکات



بۆ پیرۆزبایی وبەرزراگرتنی جەژنی قیامە، دوێنێ عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامانی مەکتەب سەردانی کەنیسەی مار یوسفیان لەعەنکاوە کردو لەلایەن مەتران (بەشار مەتی وەردە) مەترانی ئەسقافییەی ئیبارشیەی کلدان لە هەولێر هەروەها سەردانی کەنیسەی ماریوحنا کەنیسەی رۆژهەلاتی ئاشوری کردو لەلایەن پاتریاک مارگۆرگیس و مار ئەبرس یوخنا مەترانی ئەسقفیەی هەولێرو یاریدەدەری پاتریاکی کەنیسەی رۆژهەلاتی ئاشوری لەعنکاوەو پیاوانی ئاینی کریستیانەکان پێشوازی کران.

لەمیانی ئەم سەردانانەدا بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی ئاراستەی سەرجەم کریستیانەکانی کوردستان و عێراق و جیهان کرد، هەروەها هیوای خواست ئەم جەژنە بێتە قۆناغێکی گیانی برایەتی و پێکەوە ژیانی لە مێژینەی پێکهاتەکان و لێبوردەیی و ئاشتی و تەبایی لە هەرێمی کوردستان، هاوکات جەختی لە جەژنێکی پر لەخۆشی و ئارامی و خۆشگوزەرانی و باشتر کردنی ژیانی پێکهاتەکان کردەوە، هەر لەم دیدارەدا لەلایەن خۆیانەوە هەریەک لە مەترانەکان ستایشی هەلوێست و هەنگاوەکانی حەکیمانەی سەرۆک مەسعود بارزانی و حکومەتی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانان کرد لە پالپشتی و هێنانەکایەی رەوشی ئارامی پێکەوە ژیان بۆ گشت نەتەوەو ئاینەکان تایبەت کریستیانەکان لە هەرێمی کوردستان، هاوکات هیوای سەرکەوتن و بەرەوپێش بردنی ئەزموونی دیموکراسی کوردستانیان کرد و تەئکیدیان کردەوە کلتوری پێکەوە ژیانی هەموو پێکهاتەو نەتەوەکان لە کوردستان جێگای دلخۆشی و ئارامی پێکهاتەو گەلی ئێمەیە.

بەئامادەبوونی وەزیری ئەوقاف مزگەوتی حاجی عەبدولواحید نوری قەساب لەشاری هەولێر کرایەوە



لەشاری هەولێر بەئامادەبوونی د.پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی بەوەکالەت نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر ئومید خوشناو سەروکی فراکسیۆنی بارتی لەپەرلەمانی کوردستان سەید سدیق کەپرانی بەرێوەبەری ئەوقافی هەولێر ئەندامانی پەرلەمان و بەرپرسانی حکومی حزبی جەماوەرێکی زۆری شاری هەولێر و مێوانان مزگەوتی حاجی عەبدولواحید نوری قەساب لەگەرەکی ماردین لەشاری هەولێر بەرووی موسوڵمامان ونوێژ خوێنداندا کرایەوە، سەرەتای مەراسیمی کردنەوەی مزگەوت بە خوێندنەوەی چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەستی پێ کرد دواتر وەزیری ئەوقاف وتەیەکی پێشکەش کرد و لەمیانی وتەکەیدا پیرۆزبایی خۆیی ئاراستەی هەموو ئەوانە کرد کە توانیویانە ئەم مزگەوتە بەشێوەیەکی سەرنج راکێش دروست بکەن دواتر وەزیری ئەوقاف ئاماژەیدا کە وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی لە شوێنی پێویست و گونجاو مۆڵەت دەداتە هەر خێرخوازێک کە بیەوێت مزگەوت دروست بکات بەپێی ڕێنمایەکان، ئەوەی کە گرنگ ئەوەیە مامۆستایانی بەڕێز ئەوپەری توانا بخەنە گەڕ بۆ قوڵکردنەوەی گیانی خۆشەویستی نێوان موسوڵمانان و هەموو پێکهاتەکانی کوردستان چونکە پەیامی ئاستەقینەی مزگەوتە پێویستە ئەم ڕۆڵە ڕاستەقینەیە وەک خۆی بگێڕدرێ بۆ ئەوەی سوودی هەبێت بۆ هەموو لایەک، هەروەها تەئکیدی کردەوە کە پێویستە سەرجەم مامۆستایانی بەڕێزی ئایینی ڕێنمایەکانی وەزارەت جێ بە جێ بکەن و پابەندی تەوەرەکانی وتاری هەینی بن کە لەلایەن لێژنەی بۆردی وتاری هەینی هەفتانە بۆ ووتار بێژان دادەنرێت .

وەزیری ئەوقاف تەئیکیدی کردەوە کە ئەو کەسەی ڕێگای دروست کردنی مزگەوتی پێ دەدرێت دەبێت سەرمایەی پێویستی لەبەر دەستدا بێت بە دیکیۆمێنت بیسەلمێنی کە دەتوانییت مزگەوت بەتەواوەتی دروست بکات ، جێگەی ئاماژەیە مزکەوتی حاجی عەبدولواحید نوری قەساب لەگەرەکی مارین لەشاری هەولێر لەسەر ڕووبەری 3500 مەتر دووجا دروست کراوەو جێگەی نزیکەی هەزار نوێژ خوێنی تێدا دەبێتەوە.

سوپاس و پێزانین

بەناوی خانەوادە و کەسوکاری مقدمی کەمئەندامی سەنگەر حەسەن عەبدولا ناسراو بە حەسەنی زبە زۆر سوپاسی بەڕێزان بارەگای بارزانی و مەکتەبی سیاسی پارتیمان دەکەین بە ناردنی پرسەنامە و بەشداربیان لە پرسەمان و زۆر سوپاسی مەکتەبی جەنابی کاک مەسرور بارزانی، و جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، و سەرۆک و ئەندامانی فراکسیۆنی پارتیمان لە پەرلەمانی کوردستان، و بەرپرسانی حزبی و حکومی و سەربازی سنوری سلێمانی و هەولێر و کەرکوک، و خانەوادە و کوڕەکانی شەهیدی سەرکردە فەرەیدون جوانڕۆیی و تەواوی دۆست و ئازیز و هەڤالانی باوکمان و خانەوادەکەمان دەکەین بە ئامادەبوون و ئەرک کێشان و ماندووبوونیان لە نەخۆش کەوتنی باوکمان و وەفاتی تا کۆتایی پرسە.

ئازیزان هاوخەمی دەربڕین و بەشداربیتان ئەو خەمە گەورەی لەسەرشانمان کەمتر کردەوە و مایەی سەبر و ئارامی بوو بۆمان. لە خوای گەورە داواکارین جێگای باوکمان بەهەشت بێت و ئەو سەبر و ئارامییەی باوکمان هەیبوو لە ناخۆشی و کۆستەکانیدا بە هەموو لایەکمان ببەخشێت و کۆستی گەورەمان لەسەر ئاسان بکات، چونکە باوکمان پێش ئێمە کەس و ئازیزی هەموان بوو.

إنا لله و إنا إليه راجعون

خانەوادەی حەسەن عەبدولا

(حەسەنی زبە)

***

بناڤێ خودێ مەزن و دلوڤان

ئەم ب ناڤێ بنەمالا خودێ ژێ رازی کمال علی طاهر ئامێدی سوپاسیا مەکتەبا نێچیرڤان بارزانی سەروکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ و سکرتێرێ پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامێن سەرکردایەتیا پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەندامێن فراکسیونا پارتی دیموکراتی کوردستان ل پەرلەمانێ کوردستانێ و سکرتاریەتا لاوێن دیموکراتا کوردستانێ و سکرتاریەتا ئەنجومەنێ ئافرەتان و لقێن (18،1،20،9،6)یێن پارتی دیموکراتی کوردستان و قایمقامییێن قەزایێن دهوک - زاخو - ئامێدی و هەمی دام و دەزگایێن حزبی و میری و لەشکەری پێشمەرگەیێن دێرین و زیندانییێن سیاسی و ریهـ سپی و کەسایەتییێن دەڤەرێ و هەڤال هەڤچەپەرێن خودێ ژێ رازی دکەین چ ب ڕێکا ناما و بروسکان یان بەشداری تازیا مەدا کرین و خەمێن مە سڤک کرین خودێ خێرا هەمی لایەکی بنقێسیت.

إنا لله و إنا إليه راجعون

ژ پێش بنەمالا خودێ ژێ رازی کمال علی طاهر ئامێدی

عصمت علی طاهر ئامێدی

لە کەشێکی ئارام و سەقامگیردا کریستیانەکانی دەشتی نەینەوا جەژنی قیامەیان بەڕێکرد



خەبات ـ ئالان شەهاب:

ژمارەیێکی بەرچاو خێزانی کریستان لە ئەمریکا و ئەوروپا و پارێزگای موسڵ و دەوروبەر بۆ جەژن هاتونەتە ناوچە ئارامەکانی هەرێمی کوردستان چونکە ئەم دەڤەرانە ئارام و سەقامگیرن. کریستیانەکانی ئەلقوش و تلسقۆف لە کەشێکی ئارام پێشوازیان لە جەژنی قیامە کرد و ئەو ئارامی و سەقامگیری و شەونخونی بۆ بەرگری هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگەی کوردستان گەڕاندەوە. بە هۆی خراپی ڕەوشی موسڵ و دەوروبەری کریستیانەکانی دەشتی نەینەوا لە هەرێم کوردستان بەشداری ڕێورسمی جەژنی قیامەیان نەکرد ، هەروەها ژمارەیێکی بەرچاوی خێزانی کرستیان لە دەرەوەی وەلآت بۆ ئەم جەژنە گەڕانەوە ناوچە ئارامەکانی هەرێمی کوردستان

لەم جەژنەدا کرستیانەکان خواردنی پاچە دورست دەکەن و هێلکە ڕەنگاو ڕەنگ دەکەن وەکو نەریتێکی کۆنی دەڤەرەکەیان و هەر لە پالّ کرستیانەکان ئێزدی و موسلمانیش بۆ پیرۆزبایی کردنی جەژن سەردانی دۆست و هاوڕێ و خێزانەکانیان دەکەن و جەژنیان لێ پرۆز دەکەن جەژنی قیامە جەژنێکی سەرەکی کرستیانەکانە.

بەڕپرسێ لقا ئێک جەژنا قیامەتێ ل کرستیانان پیروز کر



ب مەرەما پیروزباهی کرنا جەژنا قیامەتێ ل کرستیانێن پارێزگەها دهوکێ سەربەست روانشی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ، ب یاوەریا کارگێرین لقێ سەرا هەر ئێک دێرا بەرا و دیرا مەریەم عەزرائێ دا ، هەروسا چەندین مالباتێن کەسایەتییێن کرستیانان کر و ژ ئالیێ مەتران رەبان ئەلقەس مەترانێ کلدانا ل پارێزگەها دهوکێ و مەتران ئیسحاق مەترانێ دهوکێ و روسیا هاتنە پێشوازی کرن ، د ڤان سەرەدانان دا بەرپرسێ لقێ بناڤێ خوە و لقێ پیروزباهێن گەرم ئاراستەی وان کرن گوت ئەڤرو ئەم خوە سەر بلند دبینن د ڤێ کوردستانا ئازاد دا کو ب ئازادانە هەلکەفت و جەژنێن خوەیێن ئولی هەمبێز دکەن، کەلتوریّ پێکڤە ژیانێ و تەبایێ ڕۆژ بو ڕۆژێ خورتر لێ تێن دناڤا هەمی پێکهاتەییێن گەلێ کوردستانێ دا ، کو دبیت ئەڤ ئێکە ژی نە بەس ل ئیراقێ بەلکو ل گەلەک وەلاتێن دی نەبیت، هەروسا مەتران و کەسانێن کرستیانان سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کرن ژ بو ڤێ سەرەدانێ دیسان سوپاسێن خوەیێن بێ پایان ئاراستەی ڕێزدار سەروک مەسعود بارزانی کرن ، کو هاریکار و پشتەڤان بوویە د دەمێت خوەش و نەخوەش دا ئەڤە هەژی جهێ ڕێز و تەقدیرا هەمی کرستیانانە و ئەم ڤێ جوانیێ و کەلتوریّ پێکڤە ژیانێ ل کوردستانێ جوان و بلند د نرخێن .

لە هەڵمەتێکی بەرفراواندا شوێنە گەشتیارییەکان خاوێن کرانەوە



خەبات ـ سەید فەخرەدین: لەژێر ڕاسپاردەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پاکردنەوەی ژینگە بۆ ماوەی یەک هەفتە وەک ناوەندی بالآی هەولێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بەرێوەبەرایەتی شارەوانی ژینگە پارێزی توانرا هەڵمەتیک ئەنجام بدین بۆ پاک ڕاگرتنی ژینگە دەستمان کرد بە پاک کردنەوەی دەوروبەر و ناوەوەی دارستانی کەسنەزان.

شایانی باسە لەو هەڵمەتەدا هەڤاڵ مەیسەر عوبێد سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و هەڤاڵ دەریا سدیق کارگێڕی مەکتەبی سکرتاریەت و لاوێکی زۆری پایتەخت بەشداری بەرچاویان هەبوو.

هەولێر.. بە بەشداری 200 کۆمپانیا لە 15 وڵات پێشانگای ئاوەدانکردنەوەو بیناسازی و وزە دەکرێتەوە



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:

لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە پێشانگای نێو دەوڵەتی هەولێر و یە ئامادبوونی دەزگاکانی ڕاگەیاندن عەبدولا ئەحمەد عەبدولڕەحیم سەرپەرشتیاری پێشانگای نێو دەوڵەتی هەولێر دەربارەی پێشانگای ئاوەدانکردنەوەو بیناسازی کە بڕیارە ئەمڕۆ دووشەمە ڕێکەوتی 2019/4/22 بکرێتەوە ڕونیکردەوە: ئەمجارە بەبەشداری 200 کۆمپانیای گەورە لە 15 وڵات یازدەهەمین پێشانگا لەبواری بیناسازی و ئاوەدانکردنەوەو وزە لەناو پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر دەکرێتەوەو تیایدا 5 وڵاتی عەرەبی و 6 وڵاتی ئەوروپی و وڵاتانی دراوسێ و چەند وڵاتێکی دیکە بەشداری دەکەن و ماوەی چوار ڕۆژ بەردەوام دەبێت.

ئەوەی شایانی باسە بۆ جاری یەکەمە کە وڵاتی سعودیە لە ڕێگەی دەستەی گشتی پەرەپێدانی هەناردەی وڵاتی سعودیە بەبەشداری 22 کۆمپانیای تیایدا بەشدارەو سەرۆکی دەستە ئامادە دەبێت و بۆ جاری یەکەمە وڵاتی سعودیە بەو قەبارە گەورەیە بەشداری لەو پێشانگایەدا دەکات. جگە لەوەش شاندێکی گەورەی عێراقیش بەشداری ئەو پێشانگایە دەکات و ئومێدەوارین ئەو پێشانگایە خزمەت بە هاوڵاتیان بکات و گرنگی تەواوی بۆ هاوڵاتیان هەبێت. شایانی باسە هەر لەو پێشانگایەدا سێ وەزارەتی حکومەتی هەرێم بەشداری لەو دەکەن کە ئەوانیش بریتین لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو وەزارەتی کارەبا و وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بەشداری لەپێشانگایەکەدا دەکات

دواتر محەمەد شەریف ڕێکخەری پێشانگاکە ڕونیکردەوە: خۆشحالین بەکردنەوەی پێشانگای ئاوەدانکردنەوەو بیناسازی لە شاری هەولێر و بەباشترین شێواز زۆربەی کۆمپانیاکان خۆیان ئامادەکردووە بۆ کردنەوەی ئەو پێشانگایە کە بڕیار وایە ڕۆژی 22ی ئەو مانگە لە هەولێر بکرێتەوەو لەناو پێشانگاکە هەر وڵاتەو خەریکی ڕێکخستنی شوێنەکەیەتی تا ئەو کەل و پەلانەی کە نمایشی دەکات پیشانی هاوڵاتیانی کوردستانی بدات. دیارە هەموو ئەو کۆمپانیایانەی کە بەشداری لەو پێشانگایەدا دەکەن خاوەن ئەزموونن و بەرهەمەکانیان ستانداردی نێو دەوڵەتییە.

پاشان هەردی عومەر بەڕێوەبەری کارگێڕی پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێریش ڕونیکردەوە: دیارە پێشانگای ئاوەدانکردنەوەو بیناسازی یازدەهەمین پێشانگایە کە لە پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بەبەشداری 200 کۆمپانیالە 15 وڵاتەوە دێنە هەولێر و لە بوارەکانی ئاوەدانکردنەوەو بیناسازی و وزە پێداویستی وەکو ئاوو کارەبا لەخۆ دەگرێت و پێشانگایەکی زۆر گرنگە و بۆ یەکەمین جارە وڵاتی سعودیە بە ژمارەیەک لە گەورە کۆمپانیاکانی خۆی بەشداری لەو پێشانگایەدا دەکات کە بریتییە لە 22 کۆمپانیا بەسەرۆکایەتی دەستەی گشتی پەرەپێدانی هەناردەکانی وڵاتی سعودیە و ژمارەیەک لە گەورە کۆمپانیاکانی ئەوروپی و عەرەبی و وڵاتانی دراوسێش بەشداری لەو پێشانگایەدا دەکەن و پێشانگاکەش لە ژێر چاودێری وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و هەر لەو پێشانگایەدا 50 کۆمپانیای خۆمالی بەشداریان کردووە و ڕۆڵی کارایان دەبێت لە پێشانگاکەدا و هەوڵ دەدرێ کەل و پەلی کوالیتی ستانداری جێهانی لە پێشانگاکەدا نمایش بکرێت.



جەژن و رێ و رەسمێن ئێزدیا سەفەرا قۆلا . کێشانا قۆلا



مەهدی حەسەن موراد

لالش پەرستگەها پیرۆزا مە ئێزدیایە، ب لالشا نووراني یە ناسیارە، کانیا سپی و زمزم و قوب ونیشان و ئاقدێن خاس و چاکێن مە لێ هەنە ، رێ و رەسمێن گەلەک جەژنێن مە لێ د ئێنە گێران ، مینا جەژنێن : جەمایێ و چلێ هاڤینێ و چلێ زڤستانێ و سەرسالی و سەفەرا ماستا ،هەر سال ل روژا (١٥) ئادارا روژهەلاتی ئەڤ ڕێ و رەسمێن (سەفەرا قۆلا) دەست پێ دکەن دبتە ٢٨ئادارا زاینی، ل هێڤارا روژا ٢٧/ ئادارێ بابا شێخ و بابێ گاڤان و شێخێ وەزیر و میر حەج وچەند خلمەتکار و فەقیرێن ب خەرقە و هەر کەسەکی ئەشق و دل ل خلمەتا مالا شیخادی هەی ل پەرستگەها لالش حازردبن بۆ کێشانا قۆلا ، ووکی دیار ئەڤ رێ و رەسمێن سەفەرا قۆلا دگرێدای سەفەرا ماستا وچێکرنا زەیتا زەیتوونان ژبەر کو هەر ل دەمێ سەفەرا قۆلا دەست پێ دکەت سەفەرا ماستا ژی دەست پێ دکەت هەر وسا ل وان روژا دروستکرنا زیتا زەیتوونا ژی دەست پێ دکەن لەوا من ڤیا بەحسێ هەر سێ رێ و رەسما بکەم بقی رەنگێ لخارێ:


١- سەفەرا قۆلا - کێشانا قۆلا.
٢- رێ و رەسمێن سەفەرا ماستا.
٣- چێکرنا زەیتا زەیتوونا بۆ هلکرنا چرا و فتیلا.

ئێکەم: سەفەرا قۆلا -کێشانا قۆلا

پشتی خلمەتکار هەمی خرڤەدبن ل جەلسا بابا شێخ ئەڤێن هاتینە خێرێ بۆ سەفەرا قۆلا ل لالشا نورانی ل ڤێ هێڤارێ هەمی پێکڤە گەریانەکێ دناڤا گەلی د گەریێن و زیارەتی نیشان و مەزارگەهێن خاس و چاکا دبن و ڤەدگەرێنە جەلسا مەلک فەخردین و چەند رێ و رەسمێن ئولی د هێنە گێران ب ڤێ هەلکەفتی ، دگەل هندێ چەند ئامۆژگاری و ڕاسپاردە ژ لایێ بابە شێخ ڤە دئێنە گۆتن بۆ خلمەتکارا دا کەس چۆ زەرەر و زیانێ نەگەهیتە ژینگەهێ و خەملا دار و باری و ل دەمێ هاتن و چونێ هەمی گوهداریا قەول و دوعایا بکەن،و ل شەبەقێ روژا ٢٨ ئاداریّ دبتە روژا ئێکێ یا قۆل کێشانێ و بەیتا سبێ(بەیتا شێشمس) دهێتە گۆتن و هەمی پێکڤە بەرف پرا سەلاتێ ڤە دچن و فەقیر ل پێشیا هەمیا و ب ئەشق و هۆل هۆل و گۆتنا قەول و دوعایە هەتا د گەهن رەزێ زەیتونا و ل ڤی جهی بەلاش دبن و قۆلا خردکەن و دئێن بۆ ماوەیێ سێ روژا قۆلا د کێشن ، هەر سێ روژا شکەستی و خلمەتکار و هەر کەسەکی بڤێت دچتە قۆلا دگەل وان بو ئینانا قۆلا هەر بوزانین (٢) دوو روژا قۆلا بۆ مالا شیخادی دکێشن و روژەکێ بۆ شێلانا شێشمس قۆلا د کێشن بەس دڤێت دارێن حەشک کری و زێدە بیێن نابیت دارێن کەسک بکەن وخەملا چیای تێک بدەت ژبەر کو ئینانا قۆلا خێرەکا مەزنە و هەر کەسێ زیانێ ب گەهینت ژینگەهێ و دار وبارا گونەها و خێرا وی دێ ب هەدەر چت ، ئەڤجار دڤیا تەنها دارێن ژناڤچۆیی بکەت وبیێن بو مەتبەخا مالا شیخادی و ئەو سمات وخێر و خێراتێن د هێنە دروستکرن ل لالش، هەگەر تۆ بێژی بۆچی ل ڤان هەر سێ روژا و دەمێ سالێ قۆلا دکێشن ، ئەوژی ژبەر کو ل ڤان هەر سێ روژا دارەک نینە نە بژکڤت دا خودان خێر دارا ژێک جودا بکەن دارێن بژکڤی و حەشک.

هەر بۆزانین هەر سێ روژێن کێشانا قۆلا بابێ گاڤان دێ مەرۆڤی یە ب شەڤ روژ ، ئەڤ ژمارا خەتیرا ژی (٣٦٦) خەتیرا رامانا روژێن سالێ یە هەر فتیلەک ل سەر بنەمایێ روژەکێ ژ سالێ د هێنە ڤێخستن هەتا سال تەمام دبت زەیت بو چرایێن لالش د ڤێت ئەڤ زەیتا ژ زەیتونێن گەلیێ لالش بن.

یا خاسا رسلە
مە ل پێ فسلە
نەتلا ل پێ نەتلە
* * *
هنجیێ خلمەتا مالا نادیا
بکەت ژ دلە
دێ بتە مراز حاسلە
ووکی مەندێ شەریف و مەندێ
تزکلە
* * *
ئەم دکێمن و خودێ یی تەمامە



و مۆختار و شێخ و پیر و کەسایەتێن هەر گوندەکی دگەل وێ خێرا خرڤەکرین و دگەهنا لالش مجێور ب دەنگەکی بلند سێ جارا باندکەت: " گەلی خلمەتکارا گەلی ئێزدیا وەرنا پێشیا بزرێ شیخادی هێ.. هێ.. هێ". بابێ چاویش د هێتە پێشیا وان ، هەر جارەکا مجێور گازی دکەت گاڤەکێ پێشڤە دچن بابێ چاویش ژی گاڤەکێ دهێتە پێش و بخێرهاتنا وان دکەت ودێ بێژنە وان ئەڤە ئەم هاتین خلمەت قەبول و دێ ب ریێکەڤن تاوا بغورێ و چقلتو ل پێشیا واندا دگەل دەف وشەبابا و ب قەول و قەسیدا ب ریێدکەڤن د کولانا خێرێ دا دێ بەرف دەرگەهێ میر و دێ چنا دەرگەهێ قاپیێ و نان و ماستێ خۆ دێ گەهینێ خزمێ وفەقیر دێ دوعایێ ل خێرا وان کەت وگوندی دێ زیارەتی دەرچکا شیخادی و جهێن پیروزین و دێ ڤەگەرینا مجلسێ، و مالا فەقیری زادەکی بەرهەڤدکەن بو وان وپێکڤە دخون ، دەمێ ڤەدگەرێن هەر کەس بۆ مالا خۆ و کەس و کارێن خو ئەڤێن نەهاتین هندەک ژ نان و ماستێ مۆرکری ژ کانیێ سپی دگەل خو د ئینن مال و دکەنا هێڤێن بو ماستێ خۆ ناڤ مالیا خو ونان د بتە سمات.

هەر بو زانین سەفەرا نان و ماستا نەبەس نان و ماستا بەلکی نان و ماست و زیت و ئار وساڤارن و برنج وشەکر و چای و خویی دگەل چەند سەرپرا













سەرپرشتیا خلمەتکارا کەت و دێ چتە سەر جهەکی بلند و دێ بێژتە بابێ شیخ بابۆ چاخە ، بابێ شێخ دێ بێژتێ چاخە ، بابێ گاڤان دێ گازی کەت خوندکار کار بۆ میر حەج رابۆ ئەختیار کوچەک مەزن خودان ئۆجاغ خودان خێر وەرن دا بچینە خێرا شیخادی و دێ ب ریێکەڤن هەمی خلمەتکار بۆ چۆنا قۆلا، بابێ گاڤان دێ ل دوماهیکا هەمیا چت پشتی هەر کەس بارەکی قۆلا خرڤەدکەن و د هێن ل هاتنێ ژی بابێ گاڤان سەرپرشتیا ڤان هەمیا دکەت و ب سێ دەنگا جارەکا دی گازی کەت بابێ گاڤان هات بابێ گاڤان بابێ گاڤان هات دا کەس ژ خلمەتکار نەمینت ل چیای و دێ بەرف مالا شیخادی هێن ب قەول و قەسیدە دێ ئێنە دەرگەهێ میر و دەرگەهێ قاپیێ و گەهنا جهێ گزرێ قۆلا و هەر کەس دێ بارێ خۆ دانێتە سەر قۆلا ل ڤێ دەر بابێ شێخ و فەقیرێ ب خەرقە ومیر حاج وپێشیمام و بابێ گاڤان و چڤاتا رۆحانی یا ل وێ دەرێ دەست ب گۆتنا قەولەکی دکەن و دوعایا بو وان خلمەتکارا دکەن د باوەریا مەدا هەر سەر زەمانێ ئادەم و شیخادی ئەڤ قول کێشان هەبیە ل لالشا نورانی هەر کەسێ پشکداریّ ڤێ خلمەتێ بت ب مرازا خۆ شادبت .

دووەم: رێ و رەسمێن سەفەرا ماستا

دگەل رێ و رەسمێن سەفەرا قۆلا سەفەرا ماستا دەستپێ دکەت بۆ ماوەیێ هەیڤەکێ هەرۆژ گوندەک دوو گوند خێر و خێراتێن خۆ خرڤەدکەن بۆ مالا شیخادی دگەهینن ، فەقیرەکی مالا شیخادی بەری هنگی دهێتە ڕاسپاردەکرن ئەڤێ دبێژنێ قنتارچی بۆ گەهاندنا بەراتەکا مالا شیخادی و ئاگەهدار کرنا هەر گوند و کۆمەلگەهەکا ئێزدی لێ ئاکنجی نان و ماستی بگەهینە مالا شیخادی ، پشتی هەمی خەلک دهێتە ئاگەهدارکرن مجێور رۆژەکێ دەست نیشان دکەت و بانگ دەت و گوندی هەمی خێرا خو خرڤەدکەن د ئینە مالا مجێورێ گوندی و رۆژا دی سبەیکێ زوو ب رێ دکەڤن و دئینە مالا شیخادی بۆ ماوەیێ هەیڤەکێ گوند ب گوند دهێنە زیارەتا مالا شیخادی ، دبێژنێ نەقل یان سەفەرا نان و ماستا .

ئێزدیاتی د گەلەک قۆناغا دا دەرباز بییە و هەر قۆناغەکێ ب دوازدە هەیڤ رزق و خێر یی زاڤ بت ل مالا شیخادی بو هەر کەسێ بێتە پەرستگەهێ ل چی وەختی بت خێر و بێر هەبت و سەر بەرز ڤەگەرێت چی دەمێ سالێ بت قەدرێ میڤانا ل لالش بگرن ، بڤی رەنگێ لخارێ سەفەرا ماستا ل پەرەستگەها لالالش دێ بینی ل ڤێ سەفەرێ سێ روژا سەفەرا قۆلا ژ گەلیێ لالش خرڤەدکەن و دئینە مالا شیخادی دیسا هەر ل ڤان روژا نان و ماستی دەسپێدکەت هەر ڤان روژا سێ روژا چێکرنا زەیتا زەیتوونا بۆ هلکرنا چرا و فتیلا دروست کەن ،هندی ئینانا سەفەرا ماستاو خێر و خێراتێن مللەتی یە بو مالا شیخادی دا سالێ

بارزانیی نەمر لە چەند دیدار و دیمانەیەک

مستەفا بارزانی:
بەرژەوەندیی گەل و میللەت، ئەرکی هەموومانە و من یەکێکم لە خزمەتکارانی میللەت





ئامادەکردن وەرگێران/شێرکۆ حەبیب

6

راگەیاندنەکانی جیهانی و عەرەبی هەر لەسەرەتای هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلوولی مەزن، بایەخیان پێداوە و هەوڵی دیدار و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ رابەر و سەرکردەی ئەو شۆرشە کردەوە، کە ئەویش جەنابی مەلامستەفای بارزانیی نەمرە. لە ماوەی گەرانەوەی لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران بۆ عێراق و دواتر سەرکردایەتی کردنی بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستان، بارزانیی نەمر مەبەست بووە لە لایەن راگەیاندکار و رۆژنامەنووسانی عەرەب و بیانی کە دیمانەی لەگەڵ ساز بکرێت. لەسەر جەم ئەو دیمانانەی بەدەست ئێمە کەوتوون، هەوڵدەدین کە وەربگێڕینەسەر زووبانی کوردی و بڵاوی بکەینەوە. جگە لە رۆژنامەنووسە عەرەبەکان کە بابەتەکانیان وەردەگێردرێن بۆ کوردی، چەندین رۆژنامەنووسی بیانیش دیمانەیان لەگەڵ مەلامستەفای بارزانی ئەنجام داوە، وەک دانا ئادمز شمیدت، لۆڤا، بریماگۆف،.. سەرەڕای بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی شۆڕش لە زۆربەی راگەیاندنەکانی بیانی واتە ئەورووپی و ئەمریکی. لێرەدا دیمانەیەکی دیکە دەخەینە بەر دیدی خوێندەوارانی ئازیز، تا راستییەکان دەرکەوێت کە بارزانیی نەمر تەنیا هەوڵی، گەیشتنی میللەتەکەی بوو بە ئاوات و ئامانجەکانی.

مستەفا نەبیل رۆژنامە نووسێکی میسرییە لە دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئادارى ساڵی ١٩٧٠ سەردانی کوردستان دەکات و ئەم دیمانەیە لە گەڵ مەلامستەفا بارزانیی نەمر ساز دەکات و نووسیویەتی:

مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٣١ وەک کەسایەتییەک کە بەرەنگاری دەسەلاتی ناوەندی دەبێتەوە بەمەبەستی بەرگری لە مافەکان میللەتەکەی خۆی ناوی بڵاو بۆوە.

لە ساڵی ١٩٣١ تاوەکو١٩٤٢ لەو کاتەوە پێگەداداون بەردەوام بوو، ئەگەر چی جاروبار بارودۆخەکە هێور دەبووەوە، لەسەر ئەو شێوازە بەردەوام بوو تا جەنگی جیهانی دووەم. ئینجا جارێکی دیکە بارزانی سەرکردایەتی شۆڕش دەکاتەوە، بەڵام شۆڕشێکی زیاتر ڕێکخراو و زیاتر بەربڵاو، لە دوای ئەوەی کۆمەڵێک ئەفسەری کورد پەیوەندی پێوە دەکەن، بەڵام دوای سەرکۆنەکردنی بزووتنەوەکەی، لەگەڵ شێخ ئەحمەد و خانەوادەکەی روو لە ئێران دەکەن، لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێ دەبن، لەو ماوەیەدا کۆنگرەی باکۆ سازکرا و کۆماری کوردستان لەمهاباد راگەیاندرا و مەلا مستەفا بارزانی یەکێک بوو لە ئەندامانی ئەو حکومەتە، بەڵام سوپای ئێرانی حکومەتەکەی لە ناوبرد و هەندێ سەرکردەکانی لە سێدارەدان و لایەنگرانی پەرت و بڵاوەیان پێکرا.

بارزانیی لە سنووری عێراق دەرباز بوو، بۆ ئەوەی لە شاخەکان دژێژە بە خەبات بدات لە پێناو مافی نەتەوەیی کورد، لە ٢٠ مایسی ١٩٤٧ کاتێک هێزەکانی سەربازییەکان ئەو ناوچانەیان داگیر کرد، مەلامستەفا بارزانی لەگەڵ 530لەلایەنگرانی لە ڕێپیوانێکی سەختی کەم وێنە بەرەو سنووری تورکیا بۆ ئێران و بەرەو یەکێتی سۆڤیەت کەوتنە ڕێ و لە وێ بوونە پەنابەر و دوای شۆڕشی ١٤ تەمموز ١٩٥٨ بە ماوەیەکی کورت گەڕایەوە عێراق، رووداوەکان دوای ئەو کات ڕوونن.

ئەمانە هەموویان وێنەی سیاسەتمەدارێکی بەتوانای بۆ دروست کردم کاتێک لە ماشینەکە دابەزین لە شارۆچکەی قەسرێ کە چوار دەورە دراوە بە شاخ و لە ئامێزی شاخی حەسارۆست بەرزترین لوتکە شاخەکانی ناوچەکە خۆی حەشار داوە، و بارەگای کۆڕەکەی "ئیدریس" لە نێوان گەلاڵە و چۆمان، ناوچەیەکی زۆر سەختە و نزیکە لە سنووری ئێران، فڕۆکە هەلیکۆپتەرەکە ئێمەی گواستەوە بۆ چۆمان و لەوێشەوە بە ئۆتۆمۆبێل بۆ شوێنی دیدار، لەگەڵ سەرۆکی شاندی دانوستانکاری بەغدا لە چاوەڕوانی بارزانیدا بووین، یەکێک لە کورەکانی بارزانی (مەسعود) هات، دواتر ماشێنێکی دروستکراوەی یابانی لە جۆری جیپ تۆیۆتا، بارزانیی هێنا و دوایی زانیم ئەو ماشێنە دیاری سەددام حوسێن تکریتی جێگری سەرۆک کۆمارە.

مەلامستەفا بارزانی کەسێکی هۆشیارە و هەوڵ دەدات خۆی بەدوور بگرێت لە وەڵامدانەوە، کەسێکی دڵ فراوان و بەخشندەیە لە هەموو شتێک تەنیا لە وەڵامدانەوە نەبێت، هەست دەکەی لەگەڵ کەسێکی متەوازیعی.

ڕووی ئاخافتنەکەی لەو ژمارە زۆرەی ڕۆژنامەنووسەکان کرد و تەوازوعی خۆی خستەروو و باسی ئەوەی کرد کەوا دوێنێ ڕۆژنامەنووسێک ویستوویەتی دەستی ماچ بکات و ئەویش قەبوولی نەکردووە، ئینجا دەربارەی ئەو گۆرانکاریە گوتی: " ئەوان پرسیاری قەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەڵوێستی نێودەوڵەتی دەکەن، من یوتانت و نیکسۆن یا ویلسۆن نیم، لەگەڵ ئەوەی یوتانت تاکێکە هیچ دەسەلاتی لە دەستدا نییە" و سەرسوورمانی نیشان دا لە ئادەمیزاد ئەگەر راستییەکانیان بۆ باس بکەی باوەڕ ناکەن، ئەگەر درۆ بڵێی باوەڕ دەکەن.

پرسیارم لێکرد ئایا بدرخان نوێنەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات، گوتی: "بەدرخان کەسایەتییەکی ناسراوی بزاڤی کوردە"، ئینجا دکتۆر مەحمود گوتی ئەوە کەسێکی حزبی نییە و پیاوێکی بەتەمەنە ٧٤ ساڵە و لە کوردەکانی تورکیایە، لە وەڵامەکە بەگومان بووم.

دووبارە پرسیارم کردووە، ئەگەر فەلەستینییەکان داوات لێبکەن بە گوێرەی ئەو شارەزاییە هەتانە لە پارتی زانین، چ جۆرە ئامۆژگارییەکیان دەکەی؟. گوتی من بەندەیەکی هەژارم هیچ شارەزاییم نییە.

ـ ئایا سۆڤییەتییەکان پلەی جەنەرالییان پێنەدای، چونکە شارەزایتان هەیە لە شەری شاخەکان؟

* بارزانی: ئەمە ڕاست نییە سۆڤییەتەکان پلەی جەنەرالیان بەمن بەخشی بێت و هیچ شارەزاییەکی میژووی نییە. خالید کوری وەلید لە جەنگی یەرموک بە ژمارەیەکی کەم سەرکەوتنی بەسەر هەزاران بەدەست هێنا.

ـ بە چ شێوازێک ئەو ٢٠ کوردە هەڵدەبژێردرێن بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانی؟

* بەرژەوەندی گەل و میللەت، ئەرگی هەموومانە و من یەکێکم لە خزمەتکاری میللەت، کۆنگرەی حزب لە لەسەرەتای حوزەیران دەبەسترێت و لەوێدا ئەو ٢٠ کەسە هەڵدەبژێردرێن، بەرژەوەندی گەڵ و وڵات و ئاوەدانکردنەوەی دەبێ بریاردەر بێت.

ـ ئایا ئیدریسی کوڕت دەبێتە جێگری سەرۆک کۆمار؟

* بە دڵنیایەوە گوتی: " نەخێر من لێرە پێویستیم پێی هەیە بۆ ئیش و کار."

پرسیارم لێکرد...

ـ ئایا دەتوانی باسی میژووی پڕ سەروەریت بکەی؟

* گوتی: ساڵی ١٩٠٣ لە دایک بووم و تاوەکو ئێستا نەمردووم، ئەمە هەموو شتێکە.

ـ سەبارەت بە گەشتەکەت بۆ یەکێتی سۆڤییەت؟

* لەگەڵ ٥٣٠ پێشمەرگە ٥٢ ڕۆژ ڕۆیشتین، تا گەیشتینە سنووری یەکێتی سۆڤیەت و بەگوێرەی یاساکانی نێودەوڵەتی لەسەر سنوور ماینەوە تا ڕێگامان پێدرا و داخڵ بووین و زیاتر لە ١٠ ساڵ ماینەوە و ژمارەمان بوو بە ٩٠٠کەس.

ـ چۆن ژمارەتان زێدە بوو؟

* ژنیان هێنا لە ڕووسەکان و ژمارەمان زێدە بوو، و پارێزراوی لە یەزدان و گەرایەوە و خودا بەیەکگرتوویی هێشتینەوە و دووبەرەکی نەخستە نێوانمان، هەموو شتێک بە فەرمانی خودایە.

ـ ئایا کەسێک لە ئەندامانی مەکتەب سیاسی یا شاندی دانوستانکار، لەگەڵت بوون لە یەکێتی سۆڤیەت؟

* مامۆستایەکان هەمووی لێرە بوون، تەنیا پێشمەرگەم لەگەڵمدابوون.

ـ بۆ چوونتان سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی؟

* بارزانی گوتی: مەبەستی پرسیارتان چییە؟

ـ گرفتی یاسا یا حکومەت و یا ئەنجوومەنی تەشریعی بوونیان هەیە؟

* ئۆتۆنۆمی بۆ کورد و عێراق و ئاشتی، پێویستە هاوکار بین بۆ تەبایی و خۆشی نەک دووبەرەگی و ئاژاوە.

دیمانەیەکی تێر و تەسەل لەگەڵ مەلامستەفا بارزانی ئەنجامدا، زۆرێک لە ڕوخساری ئەو مرۆڤە باس بەدی دەکرا، لە کاتێکدا ئاگاداری هەموو شتێکە و مرۆڤێکی سادەیە و زۆر بەدینە.



گەورەیی و مەزنی پارتی دیموکراتی کوردستانی



سالم عیسی دژلەمەری

هەموومان و ئەوەی بۆ یەک جاریش بێت گەورەیی پارتی دیموکراتی کوردستانی هەر لەبەر چاوە و هەرگیز لەبیرناکات، تەنانەت غەیرە پارتییەکانیش، دەنا خودی خۆمان (پارتییەکان) گومانمان لەو گەورەییەی پارتی نیە و هەمیشە بۆ داهاتووی کوردستان تەنها پارتی گەورە دەبینین با پێتان بڵێم بۆچی؟.

لەبەر ئەوەی کوردبوون و پارێزگاری کردن لە خاکی پیرۆزی کوردستان تەنها و تاکە مەبەستی (بارزانی باوک) دامەزرێنەری ئەو پارتە بوو. هەروەها چونکە ئەوەی بڕیاری ئەم پارتە مەزنەی دا ئینتمایەکی زۆر زۆر بەهێزی هەبوو بۆ گەل و نیشتمان، جا لێرەوە من بۆ گەورەیی و سەروەریە زۆرەکانی پارتی زۆر ناگەڕێمەوە دواوە، چونکە سەروەرییەکانی ئەوەندە زۆرن کە مرۆڤ بۆ هەر دەقیقەیەک لەژیانی خۆی دەتوانم بڵێم شانازی بە یەکێک لە گەورەییەکانی دەکات، بەڵام من باسی گەورەیی ئەم دواییانەی پارتی دەکەم کە خۆتان ڕۆژانە دەیبینن. کوردەواری دەڵێ(هەمیشە پیاوی گەورە دەبێت دەست پێشخەر بێت)، ئای پارتی چەندە مەزنی کە هەموو ساتێکی بەرژەوەندیی گەڵ و نیشتمان دەخیتە پێش بەرژەوەندیی خۆت و هەمیشە بڕیاردەر و دەست پێشخەریت. ئای پارتی چەندە گەورەی کاتێک لەبەر کوردبوون و بەرژەوەندیی خەڵک و نیشتمان گەورەیی خۆت نیشاندا و هەموومان شاهێدی ئەوەین کە بۆ پێکهێنانی حکوومەت رووەکەیتە دەرگای هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و ناز و خواستی هەموولایەک لەبەر چاو دەگریت و لەگەڵ هەموویان دادەنیشیت، کەچی لە کاتێکدا هێشتا برینەکانت سارێژنەبوونە بە دەستی (هەنێکیان؟!) ، بەڵام لێرەش دیسان ئەمە سەلماندنی گەورەیی خۆتە، سەلماندی نیشتمان پەروەر و پەرۆشی خۆتە بۆ بەرژەوەندیی گشتی گەل و نیشتمان. پەندێکی تری کوردەواری هەیە دەڵێ(هەزار گوڵە زیوان لە سایەی گوڵە گەنمێک ئاو دەخواتەوە)، دڵنیام پارتی کە تەوازوعت لە ئەنجامی گەورەیی خۆتە، لە ئەنجامی بەرژەوەندیی گشتی خەڵکی کوردستان، تەنانە لەبەر لایەنگرێکی دڵ خاوێنی پەیوەست بەکوردبوونی ئەو لایەنانەیە کە حەز بەکوردایەتی خۆی دەکات، یان لەبەر خاتری دڵی دایکێکی جەرگ سوتاوە کە ڕۆڵەکەی بۆ نیشتمانەکەی خوێنی خۆی ڕشت، یاخود لەبەرخاتری منداڵێک کە باوکی شەهید بووە و هێشتا نازانێت و هەرگیز کەسێک نابینێت کە جێگەی باوکی بۆ بگرێتەوە....هتد. ئەوانە هەموو سەلیمنەرن بۆ گەورەیی پارتی دیموکراتی کوردستان.

دڵشاد میراودەلی



گوڵی وەفا بۆ گلکۆی نەمران

ئەوەی لەدوای مرۆڤ جێ دەمێنێت تەنها یادگاری مایەکی و واتاییە، بارزانی ئەو مرۆڤە ئازا و لەخۆ بردوو و چاونەترس و نیشتمان پەروەر و شۆڕشگێرە و یەکسانی خوازە و کۆڵنەدەرە بوو، کە هەر شتێک لەبارەی خەباتی ئەو زاتە بڵێی ناتوانی مافی تەواوی خۆی بدەیتێ، باسکردن لە خەباتی ئەو زاتە گەورەیە کەمکردنەوە نییە لە خەبات و ڕەنج و هەستی نیشتمانی کەسانی تر، هەروەهاپێشێل کردنی مافی کەسیش نییە، چونکە کە لە سەرکردەکانی وەک شێخ سەعیدی پیران و شێخ عەبدوڵڵای نەهری و شێخ محمودی نەمر و پێشەوا قازی محمد و بارزانیی نەمر، کە هەموویان لەنێو کوردان هەڵکەوتن و بەشێکی تەواون لە میژووی پر سەروەری گەلی کوردستان.

خەبات و فیکری بارزانیش هەم خەباتەکەی گەورەیە و پر بەپێستی نیشتمان بووە و هەمیش بۆ دوژمنانی سەلماندووە کە کورد شیاوی زۆرترە لەوەی دەیبینین. دەیان نموونەی دەرەوجیهانیش هەن کە لێرە جێگەیان نابێتەوە، فیکر و ڕێبازی بارزانی بۆ سەردەمەکەی خۆی و بۆ ئیستەیش زۆر دەسازێت و زۆربەی چەمکە جوانەکانی ژیان لە وتە بەنرخەکانی بارزانیی نەمردا وتراون و ئیشیان لەسەر کراوە بۆکاری حزبی و ڕێکخراوەیی هەوێنی کاری ڕاستەقینەن. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە بەتێڕوانینی نەک هەر ئەندامانی پارتی، بەڵکو دەرەوەی پارتیش، بارزانی بەتەنها مولکی حزبێک و لایەنێک نییە، چونکە ئاڵای کوردستان و خەباتەکەی و قسەی گەورە پیاوانی غەیرە کوردیش گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن، هەموو کورد و هەر شۆڕشگێڕ و نیشتمان پەروەرێک لە جیهاندا شانازی بە بارزانیی نەمر و خەبات و شۆڕش و بەرخودانی بارزانیی نەمر دەکات. بۆیە ئێمەش وەکو کورد لەهەرجوار پارچەی کوردستان، شانازی بە هەوڵ و کۆشش و خەبات و بەرخودان و قوربانیدانی بارزانییی نەمر و هەڤاڵەکانی دەکەین و سااڵنە لە یادی نەمراندا گوڵی وەفا و دڵسۆزی و بۆ گڵکۆی نەمران دەبەین.

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٦ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٩٨٥٤١٣ بەروواری ٢٠١٨/١٠/٢٣ بەبری ٣٠٠٠٠ سێ سەد هەزار دینار بەناوی کریم قادر مولود وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

ئاگاداری

گۆڤاری شیکا گۆڤارێکی وەرزی و هزرییە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دەریدەکات.

***

رئاسة محكمة استئناف منطقة كركوك/ كرميان

محكمة الاحوال الشخصية في كلار

العدد:٩٣٥/ش/٢٠١٨

التاريخ:٧/٤/٢٠١٩وفي الدعوي الشرعية١٦/٤/٢٠١٩ الرقمة ٩٣٥/ش/٢٠١٨

اصدرت محكمة الاحوال الشخصية في كلار قراراً غيابيا بتصديق الطلاق الخارجي الواقع بينك و بين زوجك المدعي (اسو محمد احمد)و لكونك مجهولة محل الاقامة لذا تقرير تبليغك بللقرار الغيابي في صحيفتين محليتين يوميتين ولك حق الاعتراض علي القرار اعلاة خلال (١٠)ايام تبدأ من اليوم التالي من تاريخ النشر و بعكسة يكتسب القرار الدرجة القطعية.

القاضي/ بروين علي احمد

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر

ژمارەی: ٢٠١٦/٨٠٣

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/١٦

ئاگاداری

بۆ قەرزار/ عبدالباقی عبدالله عبدالرحمن شوێنی نیشتەجێ نادیار

لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێتان وە نیشتەنی هەمیشەیی یان کاتی یان هەلبژێردراوتان نییە بۆ پێ ڕاگەیاندنتان، هەر بۆیە بەپێی مادەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن، بڕیاردرا لەڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە ئاگادار بکرێنەوە بە بڕیاری فرۆشتنی (الاحالة القطعية) لەسەر مولکی ژمارە (١- ١/٣٢٧ ك ١٥ گردە رەش اسعد بری ١,١٠٥,٦٠٠,٠٠٠ ملیار) ٢- ١/٣٢٦ ك ١٥ گردەرەش اسعد بری ١,٠٢٢,٨٤٠,٠٠٠) لەسەر داوای خاوەن قەرز (محمد شاکر عثمان) کە دەکاتە (٤,٥٥٣,٥٠٠,٠٠٠) ملیار دینار. وە بۆ جێبەجێکردنی ئەحکامی مادەی (٩٧) لەیاسای جێبەجێکردن بڕیاردرا بە ڕاگەیاندنتان بەم ئیحالەیەی سەرەوەی بۆ دانەوەی بڕی پارە قەرزی سەرەوە لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامەی ناوخۆ وە لەکاتی ئامادە نەبوونت ئەم بەڕێوەبەرایەتیە هەڵدەستێت بەجێبەجێکردنی زۆری بەپێی یاسا.

جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه

***

پارێزگای هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان

ژمارە: ١٠٢

ڕێکەوت: ٢١ / ٤ / ٢٠١٩

ئاگاداری

کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٤٣)

پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی ڕادەگەیێنێت بۆ پرۆژەی (چاککردنەوەی ڕێگای (کۆیە- ئاشتی) سەر بەقەزای کۆیە- پارێزگای هەولێر) کە (بەڕێوەبەرایەتی چاککردنەوە و پاراستنی ڕێگا و بانی کۆیە) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانەی دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (دوو شەممە) ڕێکەوتی ٦ / ٥ / ٢٠١٩ دەبێت.

وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت, وە کرێی بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:

- کۆمپانیا لە پلە (٨) کەمتر نەبێت.
- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.
- بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان و بەڵێندەر.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا و یەکێتی بەڵێندەران نوێ کراوە بێت و لەگەڵ خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (٨٠,٠٠٠) هەشتا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە.

تێبینی: بەڵێندەر یان کۆمپانیا دەبێت ئۆتۆمبێلێك دابین بکات بۆ گواستنەوەی ئەندازیاران وە مۆدێلی لە (٢٠١٠) کەمتر نەبێت بۆ ماوەی (سێ) مانگ.

نوزاد هادی مولود/ پارێزگاری هەولێر

***

پارێزگای هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر

ژمارەی: ٢٠١٦/٨٠٣

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/١٦

ئاگاداری

بۆ قەرزار/ عبدالباقی عبدالله عبدالرحمن شوێنی نیشتەجێ نادیار

لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێتان وە نیشتەنی هەمیشەیی یان کاتی یان هەلبژێردراوتان نییە بۆ پێ ڕاگەیاندنتان، هەر بۆیە بەپێی مادەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن, بڕیاردرا لەڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە ئاگادار بکرێنەوە بە بڕیاری فرۆشتنی (الاحالة القطعية) لەسەر مولکی ژمارە (١- ١/٣٢٧ ك ١٥ گردە رەش اسعد بری ١,١٠٥,٦٠٠,٠٠٠ ملیار) ٢- ١/٣٢٦ ك ١٥ گردەرەش اسعد بری ١,٠٢٢,٨٤٠,٠٠٠) لەسەر داوای خاوەن قەرز (محمد شاکر عثمان) کە دەکاتە (٤,٥٥٣,٥٠٠,٠٠٠) ملیار دینار. وە بۆ جێبەجێکردنی ئەحکامی مادەی (٩٧) لەیاسای جێبەجێکردن بڕیاردرا بە ڕاگەیاندنتان بەم ئیحالەیەی سەرەوەی بۆ دانەوەی بڕی پارە قەرزی سەرەوە لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامەی ناوخۆ وە لەکاتی ئامادە نەبوونت ئەم بەڕێوەبەرایەتیە هەڵدەستێت بەجێبەجێکردنی زۆری بەپێی یاسا.

جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه

***

پارێزگای هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان

ژمارە: ١٠٢

ڕێکەوت: ٢١ / ٤ / ٢٠١٩

ئاگاداری

کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٤٣)

پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی ڕادەگەیێنێت بۆ پرۆژەی (چاککردنەوەی ڕێگای (کۆیە- ئاشتی) سەر بەقەزای کۆیە- پارێزگای هەولێر) کە (بەڕێوەبەرایەتی چاککردنەوە و پاراستنی ڕێگا و بانی کۆیە) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانەی دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (دوو شەممە) ڕێکەوتی ٦ / ٥ / ٢٠١٩ دەبێت.

وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت, وە کرێی بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:

- کۆمپانیا لە پلە (٨) کەمتر نەبێت.
- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.
- بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان و بەڵێندەر.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا و یەکێتی بەڵێندەران نوێ کراوە بێت و لەگەڵ خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (٨٠,٠٠٠) هەشتا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە.

تێبینی: بەڵێندەر یان کۆمپانیا دەبێت ئۆتۆمبێلێك دابین بکات بۆ گواستنەوەی ئەندازیاران وە مۆدێلی لە (٢٠١٠) کەمتر نەبێت بۆ ماوەی (سێ) مانگ.

نوزاد هادی مولود/ پارێزگاری هەولێر

***

پارێزگای هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان

ژمارە: ١٠١

ڕێکەوت: ٢١ / ٤ / ٢٠١٩

ئاگاداری

کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٤٤)

پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی ڕادەگەیێنێت بۆ پرۆژەی (چاککردنەوەی ڕێگای (کۆیە- ئاشتی) سەر بەقەزای کۆیە- پارێزگای هەولێر) کە (بەڕێوەبەرایەتی چاککردنەوە و پاراستنی ڕێگا و بانی کۆیە) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانەی دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (دوو شەممە) ڕێکەوتی ٦ / ٥ / ٢٠١٩ دەبێت.

وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت, وە کرێی بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:

- کۆمپانیا لە پلە (٨) کەمتر نەبێت.
- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.
- بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لەنێوان بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان و بەڵێندەر.
- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا و یەکێتی بەڵێندەران نوێ کراوە بێت و لەگەڵ خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی ڕێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.
- فرۆشتنی تەندەر (٨٠,٠٠٠) هەشتا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە.

تێبینی: بەڵێندەر یان کۆمپانیا دەبێت ئۆتۆمبێلێك دابین بکات بۆ گواستنەوەی ئەندازیاران وە مۆدێلی لە (٢٠١٠) کەمتر نەبێت بۆ ماوەی (سێ) مانگ.

نوزاد هادی مولود/ پارێزگاری هەولێر

***

زانستی زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر

کۆلێژی کشتوکال

هۆبەی سەرچاوە مرۆییەکان

ژمارە: ١٠٢٠

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/١٦

بۆ/ خاتوو ایمان فرید صابر) (ئەندازیاری کشتوکالی) لە هۆبەی سەرچاوە مرۆییەکانی کۆلێژەکەمان

ئاگادارکردنەوە (اخطار)

لەبەر ئەوەی دەست بەکارنەبوویتەوە لەکۆلێژەکەمان باش تەواوبوونی مۆڵەتی هاوڕێیەتی لەڕێکەوتی ٢٠١٩/٤/١ بەپێویستمان زانی ئاگادارکردنەوە (اخطار) ئارastەتان بکەین بۆ ئەوەی دەست بەکاربێتەوە لە شوێنی کارەکەتان لەماوەی (١٥) پانزە ڕۆژ ئەگەر لە ناوەوەی هەرێمی کوردستان بێ و (٣٠) سی ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بیت ئەگەرنا بەپێچەوانەوە سزای یاساییت بەرامبەر دەگرینەبەر.

پ.ی.د. کاوە عبدالکریم علی

ڕاگری کۆلێژ بەوەکالەت

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر

ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٧/٣٢٢٢

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/١١

ئاگاداری

بۆ/ ارام ادهم اسماعیل

لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت, بۆیە بەپێی مادەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن, بڕیاردرا لەڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتی یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی (وەگرتنی گوفتاری لەدوسیەی ٢٠١٧/٣٢٢٢ بەلابردنی گلدانەوە لەسەر مولکی ژمارە ١/٨ کەرتی ١٤٢ النجاغ کبیر بەپێی مادەی ٦١ لەیاسای جێبەجێکردن) کە ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.

جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه

***

ئاگاداری

ڕۆژنامەیەکی نوێ بەناوی (هواشانگ) دەردەچێت بەشێوەی مانگانە خاوەن ئیمتیازی کۆمپانیایی (ایترنال تروست ئینفیستمینت) دەبێت سەرنووسەرەکەشی (شیفان شێرزاد عبدالرحمن) وە بە زمانی (صینی) دەبێت بارەگای سەرەکی دەکەوێتە شاری هەولێر گوندی ئینگلیزی خانوی ژمارە ١٨٨ هەر کەسێك ڕەخنە یان پێشنیارێکی هەیە دەتوانێت پەیوەندی بەژمارە موبایلی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانەوە بکات کەوا ئاماژەی پێکراوە ژمارە (٠٦٦٢٢٩٤٨٠٠).

***

دادگای بەرایی هەولێر/٦

ژمارە: ٣٢٤٧/ب/٢٠١٨/٣

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٣/٦

پێراگەیاندن

بۆ/ داوالێکراو (طاهر ابی)

داواکار (حسن نورالدین عزالدین) داوای ژمارە (٣٢٤٧/ب/٢٠١٨/٣)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داوالێکراو (طاهر ابی) ئەم دادگایە لە دادبینی ڕۆژی ٢٠١٩/٢/٢٤ بڕیاری دا بەپابەندکردنت بەدانی بڕە پارەی (٩٠,٠٠٠,٠٠٠) نۆ هەت ملیۆن دینار، وە خستنە ئەستۆی تێچووی داوا و ماندووبوونی پارێزەرایەتی لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەڕەکی دریم ستی و وەزیران و شوقە و ڤیلاکانی امپایەر) لە ٢٠١٩/١/١٧ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بەپێڕاگەیاندنت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بۆ مەبەستی پێڕاگەیاندنت وە مافی نارەزایی (اعتراض) وە تێهەلچوونەوە و پێداچوونەوەتان هەیە لەماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە بڕیاری پاشملەی دادگا بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕو کۆتایی وەردەگرێت.

دادەر/ حسین علی محمد

***

سەرۆکاتیا باژێرڤانیا زاخو

مولکایەتی و زەڤی و زار

ژمارە: ١٧٥١/ ٣٠١/٢/٢

ڕێکەفت: ٢٠١٩/٤/١٨

ئاگەهداری

لدویف نقیسارا ڕێڤەبەرییا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ ژمارە (٣١٧٧ ل ٢٠١٩/٤/١٦) کو ڕێڤەبەریا نەخشەدانانا ئاڤەدانی ل دهوکێ ژمارە (١٠٤٩ ل ٢٠١٩/٤/١٥) سەبارەت راستڤەکرنا نەخشێ هاتیە ئامادەکرن بو پارچێن ژمارە (٩ و ١٠) کەرتێ ٩١ جوار زاخو کو دبێتە نەخشێ ژمارە (١٤٦ ه) لدویڤ یاسایا ڕێڤەبەریا شارەوانیان یا ژمارە (٦) یا سالا ١٩٩٣ بەندێ (٢٥) شارەوانیا زاخو ئاگەهداریا هەمی هاوەلاتی و جهێن پەیوەندیدار دکەت بۆ ماوێ (٣٠) سیھ ڕوژا هەر ژ ڕوژا بەلاڤکرنا ئاگەهداریێ ل ڕوژنامێ دا هەر کەسێ شو لەژێ ماف هەیە ژبۆ دیارکرنا نەرازیبوونا خو یان هەر پێشنیارەکا هەبت دەربارەی ڤی نەخشەی پێش کێش بکەت بو شارەوانیا زاخو ل ماوێ ئاگەهداریێ.

ئەندازیار / بشار منیب محمود

سەرۆکێ باژێرڤانیا زاخو

***

سەرۆکاتیا دادگەها تێهەلچوونا ناوچا دهوک

دادگەها بەرایی/زاخو

ژمارە:١٥٥/ب/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢١

ئاگەهداری

بۆ داوالێکراو (فرهاد جمال یاسین) جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە

داواکار (هاشم فتاح محمود) بریکا بریکاری خو پارێزەر (ایاد احمد حسن) داوا ژمارە (١٥٥/ب/٢٠١٩) ل سەر تە تومارکریە و تێدا داخازا کوژمێ ($٢٩٧١٥) بیست و نەھ هزار و حەفسەد و پازدە دولار دکت ژ بەر بهایێ کازوایلی و گازا سبی، و ژبەر کوجهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە لدیڤ ڕونکرنا ڕاگەیەنەرێ بنگەهێ پولیسێن سرهلدان ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/٤/١٦ داوالێکراو نەهات ئاگەهدارکرن، و ھەڤپێچ دگەل ئیشعارا هەلبژارێ گەرەکا نەصارا کوتێدا هاتیە دیارکرن (ناڤێ وێ د تومارێت مەدا هەیە بەلێ نوکەنە ئاکنجی یێ تاخێ مەیە و سەفەرکریە بو دەرڤەی وەلاتی) و ژبەر دیار نەبوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە دادگەهێ ل ڕوژا ٢٠١٩/٤/٢١ بڕیاردا ب بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداری یێ د دوو ڕوژنامەیێن نافخوی و ڕوژانە دا پالپشت ب مادێ ٢١ ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بو ئامادەبوونا تە یان نوێنەرێ تە یێ یاسایی ل ڕوژا دادبینێ ڕێکەفتی ٢٠١٩/٥/٢٨ ل دەمژمێر ١٠:٠٠ سپێدێ و بە ڕوفاژی دادبینی دێ ب شێوێ پاشملە هێتە ئەنجام دان..

دادەر/ احمد حسن خلف

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر

ژمارەی دۆسیە/٢٠١٩/٣٩٧

ڕێکەوت/٢٠١٩/٤/٢١

جارِدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٢٥٤/١٣٤ کە کەوتوەتە کەرتی ٥ عنکاوە دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار میلاد حسام الدین خضر کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی عدالت عمر رحمان بەبڕی/ ٨١,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەندە ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی ولاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / احمد محمد فرزی

١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ٢٥٤/١٣٤ ك ٥ عینکاوە

٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو

٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە

٤ – پێکهاتەکەی/ خانوویەکی لە گەڕاجێك و دوو ژوور و مطبخ و حمام و مرافق نهۆمی دووەم و سێیەم لە یەك ژووڕو حمام و مرافق

٥ – ڕووبەرەکەی/٢٠٠ م٢

٦ - پلەی ئاوەدانکاری/

٧- نیشتەجێکەی/ کەسی تێدانەبوو

٨ – نرخی قرساو/ ٨٤,٠٠٠,٠٠٠ هەشتا و چوار ملیۆن دینار.

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/٤/١٠

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (Engineerin Peak) لە بەرواری ٢٠١٩/٤/٨ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وێستا دانراوە لە (گەلاوێژ) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕیوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی ئۆتۆمێل, سیاج و شەقام, نرخی بیناکە بە گشتی ٣٢٩٢٨٠٠٠٠ سێ سەدو بیست و نۆ ملیۆن و دووسەدو هەشتا هەزار دینارە.

٢- نرخی ئامێرەکان ٩٠,٩٩٠,٠٠٠ نەوەت ملیۆن و نۆسەدو نەوەت هەزار دینار وەك لە لیستی هاوپێچدا هاتووە.

٣- کۆی نرخی بینا و ئامێرەکان = ٤٢٠,٢٧٠,٠٠٠ چوار سەدو بیست ملیۆن و دووسەدو حەفتا هەزار دینار وەك لەلیستی هاوپێچدا هاتووە.

هاوپێچ:

لیستی ئامێرەکان

جێ بەجێ کاری داد

کاکەمد نجم الدین علی

***

سەرۆکایەتی دادگای تێهەلچوونەوەی ناوچەی کەرکووك/گەرمیان

دادگای بەرایی کەلار

ژمارە: ٨٥/ب/٢٠١٨

بەروار: ٢٠١٩/٤/١٦

ئاگاداری

بۆ/ داوا لەسەرکراو: دڵشاد قادر کریم

بە پێی بڕیارێکی ئەم دادگایە لە داوای ژمارە (٨٥/ب/٢٠١٨) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە، بە پێی ڕافەی ئاگادارکەرەوەی (اشعار) ی موختاری گەڕەکی (کەلار- کەلار کۆن) وە بونیاد لەسەر بڕیاری دادگا (٢٠١٩/٤/١٦) بەپێی مادەی (١/٢١) لە یاسای دادبینی شارستانی کە لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ئاگادارت بکەینەوە بە بڕیاری ژمارە (٨٥/ب/٢٠١٨) لە (٣/٣/٢٠١٩) کە تیایدا دادگاکەمان بڕیاری داوە بە نەهێشتنی هاوبەشێتی (ازالە شیوع) لەسەر مولکی ژمارە (١٨٨/٣) کەرتی ١٠٠ حمە گەورە) بە فرۆشتن لە ڕێگای دادگا وە دابەشکردنی پارەکەی (توزیع صافی الثمن) لە نێوان هاوبەشەکاندا (حسن ولی احمد و دلشاد قادر کریم و صوفی علی محمد) وە هەر یەکە بە گوێرەی پشکەکەی لە مولکی ئامارەپێکراو، وە لە ئەستۆگرتنی لەگەڵ کەسی سێیەمی داخل کراو لەپاڵ داوا لەسەرکراو (حسن ولی احمد) خەرجی دادوەری هەریەك بە گوێرەی پشکەکەی لە مولکەکەدا وە لە ئەستۆگرتنی داواکار (حسن ولی احمد) کرێی ماندووبوونی پارێزەرایەتی بریکارەکانی پارێزەران (نشاد عمر علی و کاوە لتیف علی و یاسین انور مجید)

بەپێی دەرئەنجامی فرۆشتنی مولکەکە وە پارێزەکەی تێپەڕ نەکات لە (١٠٪) لە پشکی فرۆشتنی دادوەری وە لە (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن تێپەڕ نەکات، وە بڕیاری دادگا شیاوی بەرهەڵست کردنە و تێهەلچوونەوە و پێداچوونەوەیە، بە پێچەوانەوە دادگا بەپێی یاسا بەردەوام دەبێت لە کارەکانی.

دادوەری یەکەم / د.قاسم ا ساماعیل علی

***

ڕاگەهاندن

بو / داوالێکراو : یوسف حسین محمد

قێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (١٦٨ /ش/٢٠١٩) ل ڕوژا (٢٠١٩/٤/٧) ژێك ڤەبوونا دادی (تفریق قضائی) دناڤبەرا تە و داواکار (نرمین ناظم محمد) ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتڤیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بریاری زی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕوژنامەیێت ڕوژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاسایدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت.

دادوەر / یوسف الیاس سدن

***

داد گەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / ١٤٥ /ش/ ٢٠١٩

ڕێکەوتی / ١٨ / ٤ / ٢٠١٩

ڕاگەهاندن

بو / داوالێکراو : جنت عبدالله احمد

قێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (١٤٥ /ش/٢٠١٩) ل ڕوژا (٢٠١٩/٤/١٤) ژێك ڤەبوونا دادی (تفریق قضائی) دناڤبەرا تە و داواکار (هکار رشید صدیق) ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتڤیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بریاری زی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕوژنامەیێت ڕوژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاسایدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت.

دادوەر / یوسف الیاس سدن

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی کۆیە

ژمارە/ ٢/ت/٢٠١٨

بەروار/ ٢٠١٨/٩/١٧

ئاگاداری

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی کۆیە بە فرۆشتنی بینا و ئامێرەکانی کارگەی بیرەبات بۆ دروستکردنی (محویلەی کارەبا) کە بەناوی قەرزدار(سالم طه محمود) تۆمارکراوە لەبری ئەو قەرزەی کەلە ئەستۆیەتی بۆ خاوەن قەرز پێشرەو شمس الدین أحمد) کە بڕەکەی (٩٧٢٩٧٨٠٠) نەوەدو حەوت ملیۆن و دوو سەدو نەوەدو حەوت هەزار و هەشت سەد دینار بۆیە بڕیارماندا بە فرۆشتنی بینای کارگەکەو ئامێرەکانی ناوی، بە شێوەی ئاشکرا لەناو گۆڕەپانی کارگەکە، پاش بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداری یە لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناو هەرێم بۆماوەی (٣٠) سی ڕۆ لەدوای بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداری یە، پارەی جارچی و میرانە لە ئەستۆی کڕیارە، نەخشەو پێکهاتەی بیناکەو ناوی ئامێرەکان و نرخەکانیان.

١- پێکهاتەی بیناکە(ژووری بەڕێوەبەرو کرێکارەکان+ چایخانەو چێشتخانە+ کاشی و ئەلیکۆبۆن و سقف سانەوی)، مزگەوت و تەوالێت، ژوری پرسگەو گەراجی

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (ئاریافۆن) بۆ گەیاندنی گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر – زیلان ستی)

پاکتاوکار/ ئاکام عباس محمود

ناونیشان/ هەولێر- زیلان ستی

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٧٤٩٤٩٧٥

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر

بەشی یاسا

ژمارە: ٧٢٨٧

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢١

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (ئاریافۆن بۆ گەیاندنی گشتی/ سنوردار) پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (ئاریافۆن) بۆ گەیاندنی گشتی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٣/٤) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (ئاکام عباس محمود) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بڕیارە نووسراوە لە بەروارى ٢٠١٩/٤/٢١

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/بەوەکالەت

خوێندنەوەیەکی تر

سەبارەت بەنەخشە هەڵکۆڵکراوەکەی دەربەند گاور

کەمال نوری مەعروف

(1-2)

پێشەکی:

شارەزایان و پسپۆڕان زۆرن ئەوانەی لەسەر نەخشە هەڵکۆڵراوەکەی دەربەند گاوریان نووسیوە، بەڵام لەڕاو بۆچوونەکانیاندا جیاوازییان هەیە لەدیاریکردنی ناسنامەی پیاوی سەرکەوتووی نەخشەکەدا، ئەوەش وایکردووە نەتوانن رایەکی دروست لەسەری بدەن بۆ دیاریکردنی مێژووەکەی. هۆکاری هەموو ئەو رایانەش لەبۆچوونیاندا دەگەڕێتەوە بۆنەوەی نەخشەکە نووسینی لەسەر نییە تاوەکو بەهۆیەوە سنوور بۆ سەردەمەکەی دابنێن. بۆیە گەیشتن بەمێژووی نەخشەکەو دیاریکردنی سەردەمەکەی هەر دەبێت لەڕێگای بەراوردکارییەوە بێت لەنێوان نەخشی ناوبراوو نەخشە جۆراوجۆرەکانی تردا هەربەوەش دەتوانین بگەینە ئەنجام بۆ بەدەستهێنانی مێژووی نەخشی ناوبراو کە هونەرمەندی نەناسراو توانیویەتی بەوێنە رووداوی چیرۆکێکمان بۆ دەربهێنێت کە هونەری هەڵکۆڵینی شارستانیەتێکی کۆنمان بۆ پێناسە بکات.

شوێنی نەخشەکە:

نەخشە هەڵکۆڵراوەکەی بەردی شاخەکە دەکەوێتە ناو دەربەندێک کە بەزنجیرە شاخێک دەوەردەراوە کە بەقەڕەداغ ناسراوە، زنجیرەکەش لەدەربەندی بازیانەوە دەستپێدەکات هەتاکو دەگاتەوە بەدەربەندیخان. لەناو ئەو زنجیرەشدا گەلێک دەربەند هەن کە ناسراون و لەخۆرئاواوە بۆ خۆرهەڵات دەڕۆن وەکو (سەگرمە) و(جافەران) و(گۆشان) و (داری زەرد) و(ئەستێل) و(گاور) و(تەکیە).

ئەوەی لەناو ئەو زنجیرە شاخەدا سەرنج ڕاکێشە دامێنی خۆرئاوایەتی کە زۆر لێرەو دەرخت و ئاوی تێدا کەمترە لەوەی دامێنێ خۆرهەڵێتی کە پێچەوانەی ئەوی ترەو کەمتریش لێرەو دەرخت و ئاویشی زۆرەو شوێنی نەخشەکەی دەربەند گاوریش دەکەوێتە ئێرە.

شوێنی نەخشەکە سەرووی شیوی گۆشانە لەناوچەی قۆپی کە باشووری شارۆچکەی قەرەداغی لەپارێزگای سلێمانی گرتووە(1).

لەئێستادا ڕێگای ئوتومبیل نزیک دەبێتەوە لەشوێنی نەخشەکە کە لەدەمی شاخەکەدا هەڵکۆڵراوەو لای ڕاستی دەربەندەکەی گرتووە کە بەگاور ناسراوە. ڕێگای گەیشتنیش بەشوێنەوارەکە باشترە لەڕێگای تەکیەوە بێت کە بەئوتومبیل دەتوانێت لێوەی نزیک ببیتەوەو بەماوەیەکی کەم بەپێ دەتوانیت بیگەیتێ.

شێکردنەوەی وشەی گاور:

ناوی (گاور) کە لەسەر دەربەندەکە گوتراوە بەپێی گەرانێک بەناو فەرهەنگە جۆراوجۆرەکانی فارسیی و عەرەبیدا دیارە لە (گەبری) زەردەشتی یەوە هاتووەو بەو کەسانە گوتراوە کە لەسەر ئایینی ناوبراو بوون(2). مامۆستایان تەها باقرو فوئاد سەفەریش هەر ئەو مانایەیان دووبارەکردۆتەوە هەروەکو دەڵێن:

لەئێستادا کورد ئەو ناوەی لەسەر هەمو ئەو شتانە داناوە کە بۆ بەر لەئیسلام دەگەڕێتەوە(3) بەو مانایە واتە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەنەخشە هەڵکۆڵراوەکە کە لەم باسەدا قسەی لەسەر دەکەین و لە ڕۆژگاری ئێستاشماندا ناوێکە کورد بەعەیساییەکان دەڵێت کە هەڵەیەو لەشوێنی خۆیدا نییە.

وەسفی نەخشەکە:

ئەوەی لەم نەخشە هەڵکۆڵراوە بەرجەستە کراوەدا بەرچاو دەکەوێت وێنەی پیاوێکی جەنگاوەرە، ڕیشێکی لاکێشی هەیەو لەسەر لا وەستاوە سەیری لای چەپ دەکات، درێژییەکەی (10) پێیەو بەقوواڵی لەبەردەکە دەرهێنراوە، کڵێوێکی خڕی لێوارپانی لەسەردایەو بەشێکی قژی لەپشتەوە بەکۆکراوەیی لەگەڵ گوێچکەیدا دەبینرێت. دەموچاوی کەسەکە لەگەڵ ئەوەشدا کەمێک تێکچووە، بەڵام بەباشی دەبینرێت، ئەو بەشەی ڕیشی لەچەناگەیەوە نزیکە تاشراوە، لەدوای ئەوە تاڵەکانی پێچاوپێچ هاتوونەتە خوارەوەو لەخوار دەمیشیەوە پاشماوەی ئەو تاڵانە بەرچاو دەکەون کە بەشێوەیەکی ڕێکو جوان دەرهێنراون، هەروەها لەتەنیشتییەوە ئەو تاڵانەش دەبینرێن کە لەگوێیەوە بەرەو خوارەوونەتەوەو پێکهاتووە لە 3ڕیز کە دەتوانین دەستنیشانی حەوت لەو تاڵانە بکەین، لەژێر کڵێوەکەشی لەتەنیشتەوە ژمارەیەکی تریش لەو تاڵانە بەرچاو دەکەون کە لەشێوەی لوولدا دەبینرێن، ئەوەی لەڕیشی پیاوی جەنگاوەر ماوەتەوە پێکهاتووە لە 14تاڵ کە بەسەر سنگیدا بەیەکسانی شۆڕبوونەتەوە تا گەیشتوونەتە لای باسکی چەپی کەبەلای لاشەکەدا چەماوەتەوە، چەمانەوەیەکی شێوە وەستاوی لەسەر پشتێنەکە دروستکردووە.

کەسەکە دەمی داخستووەو لەشێوەی هێڵێکدا دەبینرێت کە بێدەنگی پێوە دیارە وەکو لەتەواوکردنی ئەرکەکەیدا بێت، کەوانێکی بەیەکێک لەدەستەکانیەوە گرتووە کە بەشی سەرەوەی شکاوەو بەرچاو ناکەوێت، هەروەها تەنورەکەی بۆ لای سەرەوە کراوەتەوەو لەهەردوولاوە گیرفانی هەیە، ئەوەی لای ڕاستی بەهۆی ئەوەی شکاوە نابینرێت(4).

ماسولکەکانی سنگ و دەست و مەچەکی پیاوەکە دیارن و بەڵگەی ئەوەن کە خاوەنەکەی کابرایەکی بەهێزو بەتوانایەو لاشەیەکی پتەوی هەیەو لەناوەڕاستی تەمەنیدایە، کرانەوەی ئەو بەشەی سەرەوەی تەنورەکەش لەبەرئەوەیە بتوانێت بەهەموو لایەکدا بجوواڵێت.

ئەو پشتێنەی پیاوی سەرکەوتوو بەستوویەتی چوارقەفەو بەلاشەکەیەوە دیارە، لەقەفی چوارەمیدا سەری پشتێنەکەی لەناوەوە بۆ دەرەوە هێناوەتەوەو لەسەر پشتێنەکەی دیارە کە وەکو تیرۆڕووە قوماشێک بەلای ڕاستیدا شۆڕی کردۆتەوەو لەپشتێنەکەی جیاکردۆتەوە هەروەها کۆتاییەکەشی بەلای ڕاستا بۆ سەرەوە بردۆتەوەو جارێکیتر بۆ ناوەوەی هێناوەتەوەو وەکو لەنەخشەکەدا بەرچاو دەکەوێت، کەسەکەش دەستی ڕاستی بۆ دواوە بردووەو کوتەکێکی پێگرتووە.

کەسەکە قاچی ڕاستی باش دەرنەکەوتووە، بەڵام قاچی چەپی بۆ لای ئەڕنۆی بردۆتەوە وەکو خاوەنەکەی لەکاتی ڕۆشتندا بێت و بیەوێت بەسەر شاخەکەدا سەربکەوێت، ملوانکەیەکی لەملدایە شێوەی کەوانەیی وەرگرتووە کەلەبەردی گەورەو بەنرخ دروست کراوە، بەشی پێشەوەی ڕیشی داپێۆشیوە جگە لەوەیش مەچەکیشی بەهەمان دەستوور بەبەردی خڕی بەنرخ ڕازاوەتەوە، بەڵام ئەوەی لەمەچەکی چەپیدایە بەهۆی ئەوەی تێکچووە نابینرێت.

ئەو بەشە بەردەی هەڵکۆڵراوەو دەکەوێتە ڕێر تەنووڕەی پیاوی سەرکەوتوو لەبەر هەر هۆیەک بێت تێکچووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەڕێر هەر قاچێکیدا وێنەی کەسێک دەبینرێت کە کەوتووەتە سەر زەوی، قەوارەکەی چواریەکی وێنەی پیاوی جەنگاوەرە، قاچ و ڕیشووی کڵێوەکانیان کە بەشێوەی پرچ دەرهێنراون لەسەریانەوە بەرەو خوارەوونەتەوە هەروەکو لەشێوەی کەوتنەخوارەوەدابن، ئەو کەسەی لای چەپە بەباشی ماوەتەوە تەنیا قاچی چەپی نەبێت کەمێک تێکچووە، بالّی ڕاستی بۆ دواوە بردۆتەوەو لەپی دەستی سەرەوەشی داخستووە، بەڵام لەپی دەستی خوارەوەی کردۆتەوە.

کەسەکە ڕیشێکی لوولی کورتی تەنکی هەیەو کڵێوێکی لەسەر دایە گوێی داپۆشیوەو ڕیشووەکەی بۆ دواوە بردۆتەوەو تەنوورەیەکی لەبەردایە تاوەکو سەر ئەژنۆی هاتووە، سنگی تەواو ڕووتەو لەسنگی پیاوی سەرکەوتوو دەچێت. ئەو کەسەی لای ڕاستە لەوەی لای چەپ جودایەو بەسەرلادا کەوتووە، لەبەشی خوارەوەیدا لاقی ڕاستی لەگەڵ چەپیدا لەیەکیداوەو بەرەو خوار بوونەتەوە کە گۆشەیەکی نووک تیڕی دروستکردووە(5) جگە لەوەش لەپی دەستی سەرەوەی کردۆتەوەو ئەوەی خوارەوەی داهێستووە.

ئەو ڕایانەی لەسەر نەخشە هەڵکۆڵراوەکەی دەربەند گاور گوتراون: هەروەکو لەسەرەتادا باسمانکرد گەلێک ڕای جۆراوجۆر لەسەر نەخشەکەی دەربەند گاور گوتراون کە دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەدا ئاماژەیان پێبدەین:

1- یەکەمجار ی.جی. ئادمۆندس(6) لەساڵی 1925چووەتە دیدەنی نەخشەکەو وێنەی زۆری گرتووە، بەڵام ئەو وێنانەی ئادمۆندس گرتوونی تەواو ڕوون و ئاشکرا نەبوون بەجۆرێک کە بتوانێت بەهۆیانەوە بەشە جیاجیاکانی نەخشەکە تەواو دەربخات(7). لێکچوونی نەخشەکەش لەهەندێک ڕووەوە لەگەڵ نەخشەکەی میلی سەرکەوتنی (نەرام سین)ی ئەکەدی گەیاندوویەتی یە ئەو ئەنجامەی کە بڵێت نەخشەکە گوزارشت لەهەمان ڕووداوی نەخشەکەی میلی سەرکەوتن دەکات(*).

وا دیارە ئادمۆندس کاریگەری ڕای تری لەسەر بووە، یان ئەوەتا شارەزایی لەسەر زانستی شوێنەوار نەبووە کە بتوانێت هونەری هەڵکۆڵینی نەخشێک لەڕووە جیاجیاکانییەوە سەردەمێک لەسەردەمێکی تر جیابکاتەوە بۆیە ئەو لەیەکچوونەی لەهەندێک ڕووەوە لەنێوانیاندا دیویەتی گەیاندوویەتی یە ئەو ڕایە کە ناتوانین بەڕایەکی دروستی وەربگرین.

2- مامۆستای میژوونووس تۆفیق وەهبی ڕای وایە کە نەخشەکەی دەربەند گاور بۆ نەرام سین پادشا بگەڕێتەوە. ئەم ڕایە لەو لەیەکچوونەوە هاتووە کە لەنێوان دیمەنەکانی میلی دەربەندگاوروو میلی سەرکەوتنی نەرام سین دا هەن، ئەم بۆچوونەی مامۆستا وەهبی لێرەدا کە تێیدا درێژە بەباسەکەت دەدات و لای وایە ڕوداوەکانی ناو نەخشەکەی دەربەند گاور هەمان ڕوداوەکانی میلی سەرکەوتنە کە لەو ڕووەوە هاتووە لەبارەی گۆڕەپانی شەڕەکەوە دەڵێت: لۆلۆبیەکان لەئەنجامی ئەو شەڕەیاندا کە لەگەڵ (نەرام سین) و سوپای ئەکەدی یەکان کردی ناچار بوون بۆ دواوە بگەڕێنەوەو پەنا بەرنە بەر شاخەکانی قەڕداغ و خۆیان لەقەڵاو دەربەندی گەورە قەڵاو پەیکوڵی و چرچە قەڵا لەم دەستدرێژییە بپارێزن کەڕاستەوخۆ نەیانتوانیوە هێرشەکەی (نەرام سین) بەرپەرچ بدەنەوە، **هەروەها لەسەری دەڕواو دەڵێت:** لەدەشتی (سێوسێنان) گەورەترین شەڕ ڕوویداو بووە هۆی ئەوەی (نەرام سین) بەسەر بەشێک لەلۆلۆبیەکاندا سەربکەوێت(8).

هەروەها مامۆستا وەهبی دەڵێت: لێرەدا بەڕاستی دەزانم کە بڵێم: پاشماوەی ئەو لۆلۆبیانە پەنایان بردۆتە بەر (قۆپی)، (نەرام سین) بۆ پارێزگاری لەخۆیان فەرمانیداوە هەندێک لەو دیلانە لەسەر دیواری بەردینی (قۆپی) بەربدەنە خوارەوە ئەمەش هەروەکو دەڵێ: بەئاشکرا بەنەخشە هەڵکەندراوەکەی دەربەند گاورەوە دیارە(*).

لێرەدا بەپێویستی دەزانم کە بڵێم: ئەو سەرچاوە میژووییانە کامانەن کە مامۆستا وەهبی بۆ باسکردنی شەڕی نێوان (نەرام سین) ی ئەکەدی و لۆلۆبیەکان بەپشت بەستن بەدیمەنەکانی ناو نەخشەکەی دەربەند گاور پەنای بردۆتە بەریان؟. بۆیە بەڵای منەوە باشتر وابوو پێشەکی ناوبراو ئەوەی بزانیایە کە ئایا ڕاستە نەخشەکەی دەربەند گاور بۆ (نەرام سین) دەگەڕێتەوە؟ دواجار مامۆستا وەهبی قسەی دێتە سەر ئەوەی کە دەڵێت: لەدەشتی (سێوسێنان) گەورەترین شەڕ ڕوویداو بووە هۆی ئەوەی (نەرام سین) بەسەر بەشێک لەلۆلۆبیەکاندا سەربکەوێت.

بۆ ئەم بڕگەیە هەر ئەوەندە دەڵێم: ئەوەی شارەزای ناوچەی قەرەداغ بێت دەبێت ئەوە بزانێت لەدۆڵێکی وەکو (سێوسێنان) شەڕ ناکرێت، چونکە لەدوولاوە شاخ دەوری داوەو شەڕکردنیش لەو شوێنەدا بەزیان بۆی دەگەڕێتەوەو بەسوودی دوژمن تەواو دەبێت. مامۆستا وەهبی دەبوایە ئەوەی بزانیایە کە لۆلۆبیەکانی شارەزاو دانیشتووی ناوچەکە ئەوەیان زانیوە ئەگەر لەشاخ بەرێن شەڕەکە دەدۆڕێنن، بۆیە دەبوایە ئەوەی بزانیایە: لەو شوێنەی کەئێستا نەخشەکەی دەربەندگاوری لێیە تەنیا بۆ نەخشەکە دیاری کراوە، بەڵام بۆ شوێنی شەڕەکە پێدەچێت هەر لەدەشتە پان و بەرینەکەی ناوچەی تانجەرۆ نزیک بەعەربەت ڕوویدابێت.

لێرەدا پیاوی نەناسراوی سەرکەوتووی دەربەندگاور داستانی سەرکەوتنی بەسەر لۆلۆبیەکاندا تۆمار کردووەو نەخشەکەیان لەبەردی شاخەکە بۆ دەرهێناوە کە تێیدا دیلەکان دەبینرێن کە لەشاخەکە خراونەتە خوارەوە، بێ ئەوەی (نەرام سین) بێت.

لەلایەکی تریشەوە بەو سیفەتەی کە ماوەی چەند ساڵێک لە 2004وە بۆ سەرەتای 2009بەڕێوەبەری شوێنەواری گەرمیان بووم، هەموو ئەو گردانەی کە ناوبراو بەقەڵای بەرگری لۆلۆبی ناوی هێناون دوای گەڕان پێیانداو وەرگرتنی زانیاری لەسەریان بۆم دەرکەوت هیچ کام لەوانە پاشماوەی قەڵایان پێوە دیار نەبوو لەناویشیانا لەتە گۆزەیەکەم بەرچاو نەکەوت کە بۆ سەردەمی (ئەکەدی - سۆمەری) بگەڕێتەوە، بەڵکو لەتە گۆزەو گڵێنەکانیان کە دەست نیشانی سەردەمەکانیان دەکەن لەپارچە سوالّەتی ئاشکانیی و ساسانی بەوڵاوە شتێکی تری کۆنترم نەدۆزیبەوە، هەروەها بەچرچە قەڵاشەوە دیاربوو لەسەردەمی ساسانیدا پێدەچێت پەرستگایەکی زەردەشتی بووبێت، چونکە پاشماوەی سووتاوی و خۆڵەمێشم لێ دۆزی یەوەو دیاریش بوو گردەکە لەشوێنێکی بەرزدا بوو کە دەیڕوانی بەسەر ناوچەکەداو تێیدا بوونی ئەو پەرستگایە بەپێی شوێنەکەی ئاسایی بووە بۆ ڕۆژگارەکە.

3- باسی نەخشە هەڵکۆڵراوەکەی (دەربەند گاور) لەنووسینی شوێنەوارناسە عیراقییەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە لەوانە مامۆستایان (تەها باقر) و (فوئاد سەفەر) کە دەڵێن: زۆرینەی باوەڕپێکراوان وا دەبینن کە لەکارەکانی پادشای ئەکەدی نەرام سین بێت کە کوڕەزای سەرجۆنی دامەزرێنەری بنەماڵەی ئەکەدییە لەسنووری 2400 پ.ز(9) ئەوەی ئەم ڕایە بەهێز دەکات نەخشە هەڵکۆڵراوەکە لەڕووی هونەری و بابەتیانەوە هاوشێوەی یەکێکە لەو میلە بەردینانەی نەرام سین کە بەمیلی سەرکەوتن ناسراوەو سەرکەوتنی خۆی بەسەر پادشای لۆلۆ (ساتۆنی) تۆمار دەکات، وا دیارە ناوبراوانیش ئەو ڕایەی کە وتوویانە لەسەر نەخشەکە بەهۆی ئەو لەیەکچوونەوە بووە کە لەنێوان هەندێک لەدیمەنەکانیاندا هاوشێوە بوونەتەوە بێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ هەندێک دیاردەی تری هونەری کە لەنەخشەکەی دەربەند گاوردا پێچەوانەی دیاردەکانی میلی سەرکەوتنە بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو ڕایەش وەکو ئەوانی تر بەلاوازی دەمێنێتەوەو ناتوانین وەربگرین.

4- دکتۆر (تاریق مەزڵوم) و (وەلید یاسین) لەگەشتێکیاندا بۆ ناوچەی سلێمانی لەڕێر ناونیشانی: (استطلاعات اثریه فی محافظه السلیمانیه) ڕایان وایە نەخشە هەڵکۆڵراوەکەی (دەربەند گاور) لەپاشماوەی کاری شەڕی پادشای ئەکەدی (نەرام سین)(10) بێت.

وا دیارە ئەمانیش وەکو ئەوانی تر گشتەکەیان، بۆ گەڕانێکی ئاسایی بووە بەناوچەکەدا بۆ دیتنی هەندێک لەو شوێنەوارانەو بەسەرکردنەوەیان بێ ئەوەی ئامانجیان دەرخستنی ڕای زانستی بێت یان شتێکی نوێ بڵێن کە لەگەڵ واقیعی نەخشەکەدا بگونجێت. جارێکیتریش هەمان ئەو ڕایە لەنووسینێکی (عادل ناجی) بەناونیشانی (النحت الاکدی) دووبارە بۆتەوە کە نەخشەکەی بۆ سەردەمی (نەرام سین)(11)ی ئەکەدی گێڕاوەتەوە، بێئەوەی پەنا بەڕێتە بەر سەرچاوەیەک کە بینای ڕاکەی لەسەر بکات.

5- جارێکی تر ساڵی 1960دیتنی نەخشە هەڵکۆڵراوەکەی دەربەند گاور لەناوچەی سلێمانی پاڵی نا بەلێکۆڵەری ئاڵمانی (ئیڤاستڕۆ مینگیر) (Evastrommenge) (گەشتێک بکات بۆ ناوچەی سلێمانی بەهاوڕێیەتی وێنەگری پەیمانگەی ئاسەواری ئاڵمانی (Tachink.w) لەبەغدا بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەری، ئەوەبوو ساڵی 1963لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر بڵاوکردەوە بەناونیشانی نەخشە هەڵکۆڵراوەکەی دەربەند گاور.

لێرەدا (Eva) گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە ئەم نەخشە هەڵکۆڵراوە بۆ چاخی ئیمپڕاتۆریەتی ئەکەدی بگەڕێتەوە، هەروەکو دەڵێت: ناتوانین سنووردێک بۆ مێژووی نەخشە هەڵکۆڵراوەکەی دەربەند گاور دابنێین کە هی سەردەمی پادشایەکی دیاریکراوی پادشاکانی چاخی ئەکەدی بێت(12). ئەم ڕایەش وەکو ئەوانی تر نەیتوانیوە لەسنووری چوارچێوەی پادشاکانی ئەکەدی دەربچێت بۆیە ناتوانین وەکو ڕایەکی زانستی بۆ ئاشکراکردنی سەردەمەکەی مامەڵەی دروستی لەسەر بکەین.

6- جارێکیتر (ڕۆدا)ی شوێنەوارناسی ئاڵمانی، باسی ئەم نەخشەی لەگەڵ میلی سەرکەوتنی (نەرام سین)دا کردووەو وتوویەتی: بابەتی میلی سەرکەوتنی (نەرام سین) بەردەوام لەچاخەکانی دواتریشدا کارەکەمانی زیاتر لێ ئاڵۆزکردووین بۆ دانانی مێژووی نەخشە هەڵکۆڵراوەکەی دەربەند گاور. وا دیارە ناوبراو نەگەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە هونەری هەڵکۆڵین بەپێی پێشکەوتنی ڕۆژگارەکەو بەرەو پێشچوونی گۆڕانکاری تێدا ڕووبدات(13)، واتە قۆناغی سەردەمێک بەرێ و ناوی قۆناغی گواستنەوەی لێ بنێین کە دیاردەی هونەری هەردوو سەردەمەکە بۆ چەسپاندنی وەربگرێت بەوەش ناوێکی نوێتی لێ بنرێت کە لەو قۆناغەدا پێگەیشتووە، بۆیە ڕایەکەی هەروا لەگوماندا هێشتۆتەوە.

7- زانای ئاڵمانی مۆرتکارت لەوبارەیەوە ڕای وایە: کە نەخشە هەڵکۆڵراوەکەی دەربەند گاور بەپێی شێوەی سەری پیاوەکەو ڕیشە لاکێشییەکەی لەهونەری چاخی بنەماڵەی ئوری سێیەمەوە نزیکە واتە (نزیک بەچاخی شولگی، هەروەها مۆرتکارت دەڵێت: هەتاکو ئێستا دەموچاوێکی ئەکەدی نییە کە ڕیشێکی لاکێشی هەبێت بۆیە دەتوانین بڵێین: ڕیشی پیاوی دەربەند گاور تەواو لەپڕیشی (ئۆرنەمۆ) دەچێت کە لەسەر میلە بەناوبانگەکەی لە (ئوور) بەرچاو دەکەوێت، لێرەدا دکتۆر (سوبحی ئەنوەر ڕەشید)یش پشتگیری لەڕاکەی دەکات(14).

بەلای منیشەوە هەمان ئەو ڕایە وەردەگرم کە لام بەجێیەو دەربڕین لەقۆناغی گواستنەوەی هونەری هەڵکۆڵین دەکات لەهەمان کاتیشدا گەڕانەوەیەکە بۆ هونەری هەڵکۆڵینی نەخش لای هونەرمەندەکە کەبۆ سەردەمەکانی بەر لەخۆی بۆ خزمەتی چینی دەسەڵاتدار داینراوە.

ڕای ئێمە بەڕامبەر نەخشەکە:

وەکو دەبینرێت ئەو هونەرمەندەی وێنەی پیاوی سەرکەوتووی بەشێوەیە دەرهێناوە دەتوانین کارەکەی بەشێوەیەکی واقیعی لەقەڵەم بدەین، چونکە هونەرمەندەکە هاتووە کەسەکەی بەسنگێکی چوارگۆشەی گەورەو شانێکی خڕ دەرهێناوە، لەگەڵ دەرهێنانی ماسولکەکانی باڵ و سنگ و لاقیدا هەروەها لەدەرهێنانی پۆشاک و پشتێنەکەشیدا هەتاکو ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتووە، ئەمەش دەربڕینێکە هونەرمەندەکە ویستوویەتی گۆڕانکاری بکاو بابەتێکی نوێ لەکارە هونەرییەکەیدا بەئەنجام بگەیەنێت، بۆ ئەوەی بتوانێت وەکو ئەوەی لەڕیانەوە چرۆی دەرکردووە بیخاتە بەرچاو(15). بەم کارەی هونەرمەندەکە توانیوێتی تابلۆیەک لەچەند دیمەنێکدا واقیعیانە بژمان بەرهەم بهێنێت لەجیاتی ئەوەی پەنا بەرێتە بەر هێما وەکو لەتابلۆکانی قۆناغی بەر لەم نەخشە بەرچاو دەکەون. قەڵەوی کەسەکەو دەرهێنانی ماسولکەکانی لەشی بەوشێوەیە وەڵێمێکە بۆ جوانیی و سروشتی بەهێزی لەشی پیاوەکە لەو چاخەدا، سەرکەوتنی هونەرمەندی نەناسراویش لەدەرهێنانی دەموچاوی کەسەکەدا بەشێوەیەکی جوان بەڵگەی بەتوانایی هونەرمەندەکە دەردەخات لەکارە هونەرییەکەیدا.



نەخشەکەی دەربەند گاور

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1921:
میساقی بەرشلۆنەی تایبەت بە ڕێکخستنی ئازادی ترانزێت واژۆ کرا .



سالی 1911:
یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی پراڤدا لە شاری سانت پترسبۆرگ دەرچوو .



سالی 1945:
لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهاندا هێزەکانی هاوپەیمانان کۆنترۆڵی پۆلۆنیایان کرد لە ئیتاڵیا .



سالی 1981:
بۆ جاری یەکەم دایکە تیرێزا سەردانی ژاپۆنی کرد .



سالی 2004:
لە کۆرپای باکور دوو شەمەندەفەر بەیەکیان دادا و 3000 قوربانی لێ کەوتەوە .



سالی 2012:
لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی فەرەنسا، فرانسوا ئۆلاند سەرکەوتنی وەدەست هێنا .

میسر.. ڕاپرسی بۆ دڕێژەدان بە حوکمی عەبدولفەتاح سیسی



عەبدولقادر کەلهۆر
DW

لە نێوەندی ڕەوشێکی پڕ لە پشێوی نێودەوڵەتی هەرێمیی و نێوخۆییدا میسر بەرەو ڕاپرسیی لە هەمبەر هەموارکردنەوەی دەستوور هەنگاو دەنێت، کە لە مێژووی سیاسەتی میسردا ڕووینەداوە . لێرەدا پرسیارێک سەرهەڵدەدات ئایا ئەو هەموار کردنەوەی دەستوورە لە پێناو واقیعێکدایە کە هاتۆتە پێشەوە و بە ناچاری پێویستە بکرێت ، یاخود لە پێناو دڕێژدانە بە حکومی عەبدولفەتاح سیسی تاکو ساڵی 2030.پێش چەند ساڵێک قسە و باس کەوتە نێو نێوەندی سیاسی میسری ، ڕەنگە هەموارکردنەوە لە دەستووری میسر ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی سیسی بۆ درێژترین ماوە لەسەر دەسەڵات بمێنێتەوە.



بە پێی گوتەی سیسی ئەو دەستوورەی کە ئێستا هەیە ساڵی 2014 بە نیازپاکی نووسراوەتەوە و هەل بە هیچ سەرۆکێک نادات پرۆژە سیاسی و ئابوورییەکانی تەواو بکات کە دەستی پێکردووە، کە بریتیە لە چوار ساڵ و درێژکردنەوەی تەنیا بۆ یەک خولی سەرۆکایەتی دیکە کە ئەویش چوارساڵە.ئەو بیرۆکەیە ئێستا بووەتە واقیع ، دوای ئەوەی تەنیا لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان باس دەکرا و لایەنگر و هاودژی هەبوو، ئێستا بووەتە واقیع و لە نێو پەرلەمانی میسردا گفتوگۆ لەسەر هەموارکردنی بەندەکانی دەستور دەکرێت.ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە ، پەلە پەلێکی زۆر لە پرسی هەموارکردنی دەستوری میسر هەیە، هەندێک پێیانوایە بەهۆی نزیکبوونەوەی مانگی ڕەمەزانە، هەندێکی دیکەی پێیان وایە دوای مانگی ڕەمەزانیش پاڵەوانییەتی جامی نەتەوەکانی ئەفریقیا لە قاهیرە دەستپێدەکات و هێزە ئەمنییەکان بە پاراستنی ئەمنیەتی یاریگەکان سەرقاڵ دەبن ،ئەوەش ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی دواکەوتنی ڕاپرسی لەسەر هەموارکردنەوەی دەستوری میسر ..

هەر لەو بارەوە دکتۆر عەمار عەلی حەسەن ،نووسەر و شارەزا لە بواری سیاسی میسر دەڵێت :نیازی هەموارکردنەوەی دەستوری میسر هەر لەگەڵ پێکهێنانی لیژنەی خەمسین دەستپێکرد، کە ئەرکی نووسینەوەی دەستوری گرتە ئەستۆ لە ساڵی 2014. حکومەتیش کاتی زیاتری خستە بەردەم ئەو پرسە تا ئەو کاتەی سەرۆکی میسر عەبدولفەتاح سیسی گوتی، ئەو دەستورە بە نیازپاکی نووسراوەتەوە و پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە، چونکی هیچ سەرۆک: ناتوانێت لەو ماوە کورتە پرۆژە سیاسی و ئابوورییەکانی تەواو بکات کە چوار ساڵە . هەر لە ساڵی یەکەمی گرتنە دەستی دەسەڵات قسە و باس پەیدا بوو بۆ هەموار کردنەوەی دەستوری میسر و هەندێک لە نووسەرەکانی نزیک لە دەسەڵاتیش بە نووسینەکانیان ڕێگەیان بۆ ئەو پرسە خۆشکرد، وایان کرد پرسەکە بکەوێتە بەر گرنگی پێدانی ڕای گشتیی . ئەوکات ئامۆژگاری سەرۆکی میسر کرا کە ئارامی زیاتری هەبێت و لەکاتی خولی دووەمی دەسەڵاتیدا ئەو پرسە بخاتە ڕوو . جێی سەرنجە هەموو ئەو سەرۆکانەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاتێک بیرۆکەی دڕێژەدان بەماوەی حوکمڕانیان دەکەوێتە مێشکەوە یەکەم هەنگاو کە دەستی پێ بکەن گۆڕینی دەستوری وڵاتە لە بەرژەوەندی خۆیان ، هەنگاوی دووەمیش بێ گومان خۆسەپاندن و دیکتاتۆریەتە ..



ئەمەریکا گوشاری زیاتر دەخاتە سەر سەرۆکی ڤەنزوێلا

AFP

بەمەبەستی زێدەکردنی گوشار بۆ سەر سیستەمی حوکمی سۆسیالیستی ڤەنزوێلا، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا مایک پۆمپیۆ وەک وێستگەی سێیەمی سەردانەکەی بۆ ئەمەریکای لاتینی ، سەردانی " لیما"پایتەختی دەوڵەتی پیرۆی کرد.. لەو چوارچێوە پۆمپیۆ دانوستانی لەگەڵ سەرۆکی پیرۆ " مارتن ڤیزکارا" و "نستۆ پۆپۆلۆزیۆ " وەزیری دەرەوەی پیرۆ ئەنجامدا.

لە دانوستانەکەدا وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ستایشی ڕۆڵی پیرۆی کرد لە هەمبەر ئەوەی پێشوازی لە هەزاران هاووڵاتی ڤەنزوێلا کرد کە بەهۆی ئەو هەمو تەنگژەی ڕووی لە وڵاتەکەیەان کردووە، ڕایان کردووە و ئاوارە بوون . هەروەها پۆمپیۆ ستایشی ڕۆڵی سەرۆکی پیرۆی کرد کە هەوڵەکانی خستووەتە گەڕ بۆ نەهێشتنی گەندەڵی لە وڵاتەکەی کە پێشووتر هەر چوار سەرۆکی پیرۆ تێوەی گلابوون و بەهۆیەوە دەسەڵاتیان لەدەستدا.دواتر وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لەپرێس کۆنفرانسێکدا گوتی، ئامانج مانەوەی هاووڵاتیانە لە وڵاتەکانی خۆیان و بۆ ئەو مەبەستەش هەوڵدەدەین ئارادایە و ئەو پەیوەندییانەش بەردەوام لە پێشکەوتندان .

گوتەبێژەکە ئاماژەیدا ، هەردوولا پێداگیریان کردووە لەسەر بەردەوامی هەوڵەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و گلدانەوەی تەنگژەکانی ڤەنزوێلا و کاریگەرییەکانی بۆ سەر وڵاتانی دراوسێ .. هەروەها ئومێدیان خواست چیدیکە کوبا و ڕوسیا و چین پشتگیری لە سەرۆکی ڤەنزوێلا نیکولاس مادۆرۆ نەکەن .

پۆمپیۆ:مەترسییەکانی سەر ئەمەریکا و چیلی هاوشێوەیە

پێشتر وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا سەردانی پاراگوای کردبوو ستایشی ئەو پێشکەوتنی دیموکراسیەی کردبوو کە پاراگوای لەماوەی دوایی بەخۆوە بینیوە .کە پێشووتر تاکو ساڵی 1965 ڕژێمێکی دیکتاتۆری حوکمی ئەو وڵاتەی دەکرد ، بەمەش پۆمپیۆ یەکەم وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا سەردانی پاراگوای دەکات . هەر لەو چوارچێوە پۆمپیۆ سەردانی دەوڵەتی چیلی کردبوو، لەگەڵ سبستیان بینییرا سەرۆکی ئەو وڵاتە باسیان لە پەیوەندییە بازرگانییەکانیان لەگەڵ وڵاتی چین کردبوو . بەڵام یەکێک لە گرنگترین سەردانەکانی بەرپرسانی ئەمەریکا بۆ وڵاتانی ئەمەریکا لاتینی ، سەردانی پۆمپیۆیە بۆ شاری کۆکۆتا وڵاتی کۆلۆمبیا کە دەکەوێتە سەر سنوری ڤەنزوێلا . لەو شارەوە پەنابەرانی ڤەنزوێلا وێستیان هاوکاری مرۆیی بەدەستبێنن و گەمارۆی سەپێراو بەسەریاندا لەلایەن حکومەتی ڤەنزوێلاوە بشکێنن. هەر یەک لە و چوار دەوڵەتەی کە پۆمپیۆسەردانی کردوون ، پاڵپشتی هەڵوێستی ئەمەریکا دەکەن لە هەمبەر سەرۆکی ڤەنزوێلا.

پۆمپیۆ لە پریس کۆنفرانسەکەیدا لە هەمبەر ڕۆڵی چین و دەست ڕۆیشتوویی لە ئەمەریکای لاتینی گوتی، هەردوو حکومەتی ئەمەریکا و چیلی مەترسیەکانیان هاوشێوەیە، گوتیشی بە چالاکییە بازرگانییەکانی چین سەرچیغ مەڕۆن چونکە زۆربەی کات پەیوەستە بە قوڵیی ئەمنی قەومیتانەوەو مەبەستیانە مولکیە فیکریەیتان لەدەست دەربێنن و بە ناچاری بتان خەنە سەر تەکنۆلۆژیاو لە بواری ئابووری دوورتان بخەنەوە .ئێمەش بە هەمو توانایەکمان ڕووبەڕووی ئەو هەنگاوانەی چین دەبینەوەو کار بۆ پەرەپێدانی شەفافیەت لە ئەمەریکای لاتینی دەکەین.

ئا: ل.کاروباری نێودەوڵەتی

www.xebat.net
دووشەممە2019/4/22 ژمارە (5733)
خەبات



پاریس نۆتردامە و نۆتخدامیش قەقنەسە

ئەو دیمەنە تۆقێنەرەی سووتانی کاتێدراکەی نۆتردامی شەوی 16ی ئەم مانگەن، ئەو سووتانەی نەک هەر پاریس، بەڵکو هەموو پایتەختانی جیهانی بە ئاگای، تاساند و هەژاند بە هەوڵێری پایتەختیی کوردستانیشەوە



د.محەمەد خدر مەولوود

لەوانەیە ئەم ناونیشانە (پاریس نۆتردامە و نۆتخدامیش قەقنەسە)، لە شیعرە ناودارەکەی ئەراگۆنی شاعیری فەرەنسی (چاوەکانی ئەلیزا) تۆزێ نزیک بێ، منیش هەر ئەو مەبەستەم هەیە، ئەو، ئەراگۆنی شاعیر لە چامە شیعرێکیدا دەڵێ: (ئێلیزا، پاریسە، پاریسیش ئێلیزایە) شاعیر جوانییەکانی پاریس لە چاوی ئێلیزاوە دەبینێ وپاریسییەکانیش نۆتردام بە خاتوونەکەی خۆیان دادەنێن، کەواتە هەروابووە پاریس لە جوانییەکان، لە خاتوون و نازدارەکانەوە بنیات نراوە و دروست کراوە و تا ئەمڕۆش پاریس و پاریسییەکان، بە شۆڕشی هزر و بیریان، بە دیموکراسییەت و مافەکانی مرۆڤ، کاریگەربیان بەسەر تەواوی شارستانیەتی غەربیرە فەرەنسی دا هەبووە تەنانەت لە بواری ئاینیی و پێدرێژی کردنی کەنیسەش لە سەردەمە تاریکانەی ژیان دا.

کە مەبەستییان چەوسانەوەی مرۆڤ بووە و ئایینیان وەک ئامرازێک ، لە ئامرازەکانی ترس و تۆقاندن بەکارهێناوە و مرۆڤیان هەمیشە وەک بوونەوەرێکی بودەڵەی ترساو و رەتێندراوی دەستی قەزا و قەدەری خواکردە نیشان داوە. ئەوان فەرەنسیی و پاریسییەکان ئەو کەلتوورەیان تووڕ هەڵدا و هەمیشە جوانییە شاراوەییەکانی مرۆڤ و توانی ئەفراندنییان هێناوەتە پێش و مەبەستیان بووە مرۆڤ دەستەوەستانی قەزا و قەدەرە و قەدەریەت نەبێ .ئەو دیمەنە تۆقێنەرانەی نێو رۆمانەکەی ڤیکتۆر هیگۆ (نۆتردامەکەی پاریس – وەک لە عەرەبییەکەی وا وەرگێڕدراوە – احدب نوتردام – قەمبورەکەی نۆتردام)، گرفتی نێوان کوازمیدۆ و ئێزمێراندا، دابڕینی خەڵکی پاریس لە دەوروبەر و لە زانست و زانیاری و زاڵکردنی هەمان ئەو دیمەنە تۆقێنەرەی سووتانی کاتێدراکەی نۆتردامی شەوی 16ی ئەم مانگەن ، ئەو سووتانەی نەک هەر پاریس ، بەڵکو هەموو پایتەختانی جیهانی بە ئاگای ، تاساند و هەژاند بە هەوڵێری پایتەختیی منیشەوە.

ئاخر ئەو شەوە ، لەگەڵ سووتان و گڕ و کڵپە لێ هەستان و دارمانی بنمیچی کاتێدراییەکەی نۆتردام ، پەڕ پەڕ لاپەڕەی رۆمانی (احدب نوتردام و فلیمەکەی ، قەمبورەکەی نۆتردام)م لەبەر چاودا هەڵدەوەری، لەگەڵ دارمانی بنمیچ و سوتانی پەنجەرە و ئایکۆنە رەنگینەکان ، سەمای شێتانەی (ئێزدەمیرا) و ئیرەیی (کوازمیدۆ)م دەهاتەوە بەرچاو ، کە چۆن کوازمیدۆی قەمبوور لیکی لە دەم دێتە خوارێ و بە تیلەی چاوێ لە سەمای شێتانەی ئیزمیراندە دەڕوانێ و جورئەتی ئەوەش ناکا نەک هەر رێ لە سەماکردنی بگرێ ، بەڵکو روخساری دزێو و ناشیرینی خۆشی پێشانی بدات.

ئەو دیالۆگەی نێوان کوازمیدۆ و ئیزدەمیراندە، وا جوان رۆنراون ، مەگەر هەر لە شێوازی ڤیکتۆر هۆگۆی رۆماننووس بچێ، لە شێوە و شێوازی قسە و گفت و گۆکانی قارەمانەکان وا هەست دەکرێ نۆتردام – خاتوونەکەی پاریس وێڕای بەسەرچوونی کات کارەساتێکی لێ روودەدات . وەک ئەوەی لە خوێندنەوەی رۆمانەکەدا دەیبینێ و لە سووتانی شەوی 16ی نیسانی ئەم مانگەی نۆتردامدا بینیمان ئەوە جوانییەکانن لەبەردەم رەشەبای قین و بێبەزەیی و دزێوی قەدەر ئەوەی رووبدا لای ڤیکتۆر هیگۆ تۆمارکرابوو، خوێندراوەتەوە ، لە شاکارێکی فەرەنسی پڕ لە هەستی مرۆڤایەتی و مرۆڤەکان بە جوان و ناشیرینیانەوە کە (ئێزمیراندە و کوازمیدۆ) نوێنەرایەتییان دەکرد و نووسەر لە ساڵی 1831 لە شاکارەکەیدا یاداشتی کردووە.

ئەوەی لە شەوی 16ی ئەم مانگەش سووتا ، نۆتردام کلێسەی دێرینی کاسۆلیکییەکان لەپاریس کەدوای 172 ساڵ لە کارکردنی لە ساڵی 1345 تەواو بوو ، ئاگری ئەو شەوە، شەوی سێشەمەی مانگی نیسانی ساڵی 2019 دەرەقەتی نایێ و ناتوانێ هزو بیری مرۆڤایەتی و جوانییەکانی ئەفراندن و شاکاری دەست و بازووی پاریسییەکان لەناو ببات.

لە کاتێکدا شاندنی پاریس و حکوومەتی فەرەنسی لە 15 و 16ی ئەم مانگە، ئەو یەک دوو شەوە لە هەوڵێر بوون میوانی کوردستان بوون و بۆ ئەوەی ئەوجارە هەوڵێر بکەنە دەستەخوشکی پاریس .وەک چەندین جاری دیکە پاریسییەکان هەر لێرە، لە هەوڵێر بوونە و هەر لە سەرەتاوە بەر لە شەڕی داعش و لە سەردەمی خاتوو دانیال میتەرانەوە، لەکاتی شەڕیش دا پشتیوانی کوردستان و پێشمەرگە و دۆزی کورد بوونە. خاتوونەکەی پاریس، کە فەرەنسییەکان نۆتردام بە نۆتخدام گۆ دەکەن و نۆتخدامیش بەمانای خاتوونەکەم دێت جێی نیگەرانی و داخ و پەژارەییە، تراژیدیایە ئاوا بسووتێ و ئاگر بتگرێ..!! ئەو رووداوە، رێککەوتێکە، هەڵوەستەی دەوێ و لە شارەجوان و ئەکتیڤەکانی جیهانەوە لێت رادەمێنم و لە هەوڵێرەوە بۆ نۆتخدام دەڵێین:

هەوڵێر پاریسە و ، پاریس نۆتردامە – نۆتخدامیش خاتوونێکی فەرەنسییە، قەقنەسە و هزرێکی جوان و ئەفرێنەرانەیە بۆ مرۆڤایەتی.

هەوڵێر – 18-4-2019

کاریکاتێر



مانشێت



سکای نیوز:
لە پایتەختی سریلانکا 3 کلێسا و 3 هۆتێل تەقێنرانەوە و لە ئەنجامدا 42 کەس کوژران و دەیانی دیکە بریندار بوون .



ئەلجەزیرە:
دوای کوژرانی رۆژنامەنووسێکی ئافرەت لە ئێرلەندای باکوور، پۆلیس دوو کەسی دەستگیر کرد.



ئەلشەرقولئەوسەت:
دەزگای ئاسایشی بەلژیکا دووپاتی کردەوە کە ژمارەی رێکخراوە توندڕەوەکان گەیشتۆتە 100گرووپ .



ئەی ئێف پی:
خولی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ئۆکرانیا دەستی پێکرد.



فرانس 24:
لە کابۆڵی پایتەختی ئەفغانستان چوار چەکدار هێرشیان کردە سەر باڵەخانەی وەزارەتی پەیوەندیەکان و لە ئەنجامدا ژمارەیەک خەڵک کوژران و بریندار بوون .



کەنالی ئار تی:
وەزیری بەرگری تورکیا یۆنانی بەوە تۆمەتبار کرد کە چەکی ڕەوانەی ژمارەیەک دووڕگەی کێشەلەسەری نێوان هەردووک وڵات کردووە .

پاش تێپەڕبوونی 12000 ساڵدا رەنگە کۆپی بکرێتەوە




تیمێک لە پسپۆڕانی بواری کۆپی (یان کلۆنکردن) ی فیلی (ماموت) کە سیمبولی چاخی سەهۆڵی بووە و پێش 12000 ساڵدا ژیاوە، لە هەوڵی دووبارە کۆپی کردنەوەی ئەم گیاندارەدن، بۆ ئەم مەبەستە تیمێکی هاوبەشی زانایانی ئەمریکی و ڕووسی و ژاپۆنی بەشدار دەبن لەسەرخستنی ئەم پڕۆسەیە و هیوا دەخوازن کەوا لە 6 ساڵی داهاتوودا یەکەم بێچووی ئەم جۆرە فیلە لەناوچووە دووبارەو دوای 12000 ساڵدا، ڕووناکی دونیا ببینێتەوە!. پڕۆسەکەش بریتییە لە دەرهێنانی (ترشی ڕیب ی ناووکی) لە پاشماوەی فیلێکی ماموتی بەستووی هەڵگیراو لە نێو تاقیگەیەکی ڕووسی و پاشان تێکەڵکردنی لەگەڵ هێلکەی فیلێکی ئەفریقی بە هیوای بەرهەمهێنانی کۆرپەیەکی ئەم جۆرە فیلە لەناوچووەدا. جێگای ئاماژە پێدانە کەوا تیمێک لە زانایان لەساڵی 2007داو لەنێو دراستانێکی بەستووی ناوچەی (سایبریا) دا، کەلەشی یەکێ لەو ماموتانەوە بەشێوەیەکی بەستوویان دۆزییەوە و بەشێوەیەکی زۆر باشیش مابۆوە. بەڕای زۆر لە زانایانیش زانیاری زۆر گرنگ دێنە دەست لەکاتی سەرکەوتنی ئەمجۆرە کلۆنکردنە، بە تایبەتیش نزیکبوونەوە لەو هۆکارانەی کە وایکرد بەر لە هەزاران ساڵدا ئەم گیاندارە زەبەلاحەو هەزاران جۆرە گیانداری دیکە تا هەتایە لە ناو بچن.

قورسترین ئەستێرەی نێو گەلەستێرەمان دۆزرایەوە


لێکۆڵینەوەیەکی نوێی شیکردنەوەی شەپەنگی ڕووناکیی دەربارەی یەکێ لە ئەستێرە ئاساییەکانی نێو گەلەستێرەمان کە ناسراوە بە (HD 30963) دەریخست کەوا خاوەنی تێکەڵەیەکی نائاسایی و ناوازەی تۆخمی کیمایی قورس و کەمێنەیە لەنێو پێکهاتەکەیدا، وەک (قورقوشم -Hg) و (مەنگەنیز - Mn)،وە پێشتر پسپۆڕان هەرگیز نایندەزانی کەوا ئەم ئەستێرەیە زۆر قورسترو دەوڵەمەندترە بە پێکهاتەو تۆخمی کیمایی هەرە ناودارو گرانبەهادا.

لەتەک ئەو دوو تۆخمەی سەرەوودا، پسپۆڕان بۆیان دەرکەوت کەوا ئەو ئەستێرەیە زۆر دەوڵەمەندە بە تۆخمە هەرە ناودارو کەمێنەکانی وەک (پلاتین -Pt) و (ئیتریۆم -Y) و (زەرکۆنیۆم -Zr) کە بەڕێژەی 50 جار ئەوەندەی زیاتری خۆری ئێمەی تیادایە، ئەوە لە کاتێکدا کەوا بارستایی تۆخمی (قورقوشم) لەنێویدا دەگاتە 150000 جار ئەوەندەی خۆری ئێمە، هەر بۆیە، ئەو ئەستێرەیە خاوەن کایەیەکی موگناتیسی یەگجار زۆر بەهێزەو دەکرێ وەک تاقیگەیەکی موگناتیسی لێبی بڕوانرێ تا بکرێتە بنچینەیەک و سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ بەرواردکردن و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەر کایەی موگناتیسی ئەستێرەکانی دیکەی ئاسمان بەجیاوازیی بارستایی و قەبارەو سروشتی پێکهاتیی کیمیایی مادەکانیان.



لە ڕووی تایبەتمەندییەکانی دیکەیدا، پسپۆڕانی فەلەکناسی دەڵێن کەوا تیرەی ئەستێرەی ناوازەی (HD 30963)، لەنێوان 1.5تا 2 جار ئەوەندەی تیرەی خۆری ئێمە دەبێت و بارستاییەکەی 2.90جار ئەوەندەی بارستایی خۆری خۆمان دەبێت و پلەی گەرمیی ڕووەکەی دەگاتە 11200 پلەی سەدی و بەخێرایی نزیکەی 24 کیلۆمەتر لەیەک چرکەدا بەدەوری خۆیدا دەخوولێتەوەو لەماوەی هەر 4.12 ڕۆژی (24 کاتژمێرێدا)، خولێک بە دەوری خۆیدا تەواو دەکات و ماوەی نێوانمان نزیکەی 930ساڵی ڕووناکی دەبێت و نزیکەی 84 جار لە خۆری خۆمان گەشترەو ڕەنگیشی شینێکی زۆر کاڵە.

ئایا (هەسارەی نۆیەم) هەیە؟



سەرەڕای نەبوونی بەڵگەیەکی بینراوی ڕاستەوخۆ لە گرتەو وێنەی فۆتۆگرافی، بەڵام تیمێک لە فەلەکناسانی ئەمریکی سەر بە (زانکۆی کالیفۆرنیا) ڕایانگەیاند کەوا ئێستا بەڵگەی بەهێزیان لەبەر دەستە لەسەر بوونی هەسارەیەکی گەورە لە دواوەی خولگەی هەسارەی بچووکی (پلوتۆ) بە مەودایەکی یەگجار زۆرو بە خولگەیەکی یەگجار سەیریش، ئەویش لە ڕێگەی کارتێکردنی ڕاستەوخۆی لەسەر جوڵەی تەنە بچووکەکانی نێو ناوچەی ناسراو بە (پڕێنی کایپەر) کە بریتییە لە تەوقێکی مەزن و دەوری تەواوی سیستەمی خۆری داوەو بریتییە لە کۆی سەدان تریلیۆن پارچە نەیزەک و هەسارەی بچووکی بەردینی و سەهۆڵیی و گشتیان لە دواوەی خولگەی پلوتۆ بە مەودایەکی دوور بەدەوری خۆردا دەخولێتەوە.

پسپۆڕان تاوەکو ئێستا شوێنگەی ئەو هەسارەیەیان دەستنیشان نەکردووە، بەڵام بەهۆی کارتێکردنە هەستپێکراوەکەی لەسەر تەنەکانی ناوچەکەدا، پێشبینی دەکرێت نزیکەی 10 جار لە زەوی گەورەتربێت.

"دوای ئەو ڕاگەیاندنەمان زۆرێک لە تلسکۆپ و ڕوانگەکان هەلی دۆزینەوەی ئەو هەسارەیەیان بۆ ڕەخساوەو منیش پڕ بەدڵ هیوادارم لەکاتی ڕاگەیاندنی فەرمیمان، هەموو فەلەکناسانی جیهان هەوڵی جیددی بدەن بۆ دۆزینەوەو دەستنیشانکردنی شوێنگەو تایبەتمەندییەکانی"، لە زاری فەلەکناس (د. مایک براون).

بەپێی پێشبینیی ئەم تیمیە بۆ ئەو هەسارە نادیارەدا، ڕەنگە خاوەن خولگەیەکی یەگجار زۆر سەیر بێ بە دەوری (خۆر) داو بە مەودای 20 جار ئەوەندە دوورتر بێت لەماوەی نێوان هەسارەی (نیپتۆن) خۆر، واتە نزیکەی 90 ملیار کیلۆمەتر لە خۆرەوە دوورەو خودی خولگەکەشی هێلکەییەکی تەواوبێت و بە ماوەی نێوان 10 تا 20 هەزار ساڵ جارێک خولێک بەدەوری خۆردا تەواو بکات!

بەڵگەی هەرە بەهێزی فەلەکناسان بۆ ئەو هەسارەی 9یەم دەگەڕێتەوە بۆ کارتێکردنی لەسەر (پڕێنی کایپەر)، وە لەم بارەیەوە (د.بڕوان) گوتوویەتی:"تەنە هەرە دوورەکانی نێو (پڕێنی کایپەر) زۆر بە ڕوونیی بەرەو یەک ئاراستەی ڕێک و پێکی وردو سەیر دەجوڵێن، وە لەبەر دووریی یەگجار زۆریان، ئەوا هێزی کێشکردنی خۆر لەو ناوچەیەدا بەهێزێکی ئەوتۆ نییە تاوەکو ڕیزبەندییەکی ئاوا ڕێک و پێک لە جوڵەی تەنەکانی نێو (پڕێنی کایپەر) دا دروست بکات، تەنها بوونی هەسارەیەکی گەورە نەبێ، کە ئەو دەتوانێ ئەم کاریگەرییە بخاتە سەر ئەو تەنە هەرە دوورانە لە خۆرەوە". جێگای ئاماژەیە ماوەی 100 ساڵ دەبێت مقۆمقۆیەکی بەردەوام هەیە لەنێو فەلەکناسان لەسەر بوونی هەسارەی دیکە لەنێو (سیستەمی خۆر) دا، بەڵام هاتنی ئەمجارەی (د.بڕوان) بۆ نێو گۆڕەپانی دۆزینەوەی ئەم هەسارە پێشبینیکراوە، ڕەهەندێکی دیکەی داوەتە ئەم کەیسە، چونکە فەلەکناس (د. مایک براون) پسپۆڕە لە دۆزینەوەی تەنە هەرە دوورەکان و هەر خۆی لەساڵی 2005 دا توانی هەسارۆکەی گەورەی (ئیریس) بدۆزێتەوە کە دەکەوێتە نێو (پڕێنی کایپەر) و تیرەی دەگاتە 2236کیلۆمەتر، هەر ئەو دۆزینەوەی (د.بڕوان) بوو بووە هۆکاری لادانی (پلوتۆ) لە لیستی (هەسارەکان ڕ Planets) بۆ (هەسارەی بچووک یان گرگن - Dwarf Planet) لە ساڵی 2006دا.

مانگەکانی وەک (گورگ و ڕاوچی و پەمبەیی) تەنها نازناون

ماوە ماوە لە میدیاکاندا ناوی نامۆی (مانگەکانی ساڵ) دەبیستین و بێگومان لەم چەند ساڵەی دواییدا ئەو ناوانە لەنێو ئێمەدا بلاوبوونەتەو پێشتر هەرگیز نەزانراون.

کێشەکە لەوەیە، کەوا بەشێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و خەڵکیش وا دەزانن کەوا ئەو ناوانە هێمان بۆ دیاردەی فەلەکیی و ڕووداتی هەندێ حاڵەتی نامۆ، کەچی لە ڕاستیدا ئەو ناوانە لە ڕووی زانستی فەلەکی و فیزیایی و کەش و هەواییدا هیچ بنەمایەکیان نییەو تەنها تەنها پەیوەستە بە ئەفسانەو میتیۆلۆژیای گەلانی کۆن کە لە (کەنەدا) و (ویلایەتە یەکگرتووەکان) دا دەژیان و تا ئێستاش وەک کلتوور ماونەتەوە.

ئەو ناوانەش بەستراونەتەوە بە کاتی دەرکەوتنی مانگ لە کاتی تابانیدا کە بەم شێوەیەی خوارەوە ناوزەد کراون:

کانوونی دووەم: مانگی گورگ
شوبات: مانگی بەفر
ئادار: مانگی کرم
نیسان: مانگی پەمبەیی
ئایار: مانگی گوڵبی
حوزەیران: مانگی فڕاوکە
تەمووز: مانگی پوش
ئاب: مانگی دەرەی سەوز
مانگی ئەیلول: مانگی دروێن
تشرینی یەکەم: مانگی ڕاوچی
تشرینی دووەم: مانگی شەختە
کانوونی یەکەم: مانگی شەوی درێژ ژ یان سارد

دەرمانی دابەزاندنی کێش تەنها زیانی بۆت هەیە!

زۆربەی خەڵکی بەرەو بەکارهێنانی داوو دەرمانەکانی تایبەت بە دابەزاندنی کێشی لەش بەکاردێنن، کەچی چەندین لێکۆڵینەوەی پزیشکی ئێستا ئاماژە بەوە دەدەن کەوا ئەم جۆرە داوو دەرمانانە هۆکارێکی زۆر بەهێزی مردنی کت و پڕن، بە تایبەتیش ئەگەر بێ پرسی پزیشک و بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بەکار بهێنرێت. لەنێوان ئەو دەرمانانەی کە پێکهاتەی (سیبتۆترامین) یان تیادایەو ئارەزووی خوراردن کەم دەکاتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا بخۆرەکەی دووچاری خەمۆکی و گۆشەگیری و لە کۆتاییدا خۆکوژی دەکاتەوە، ئەمە جگە لە گیروگرفتی تەندروستی بۆ دڵ. هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی نوێی سوێدی کە لە (سەنتەری لێکۆڵینەوەکانی شێرپەنجە) ئەنجام دراوە دەرکەوتووە کەوا ئەو خوادرنەوانەی شەکری تیادا نییە و لە جیاتی ئەو مادەی (ئەسپرتام) لەنێو خوادرنەوەکانی (دایت) بەکار دەهێنرێت، هۆکارێکە بۆ تووشبوونی مرۆڤ بە شێرپەنجەی خوێن، بە تایبەتیش لە نێو چینی منداڵان و گەنجاندا. لەم بارەیەوە دکتۆر (هنریک کریستەر) ی مامۆستای زانستی نەخۆشییەکانی خوێن و شێرپەنجە ئاماژەی بەوە داوە کەوا مادەی (ئەسپرتام) لە دوو توخم پێکهاتووە، (ئیسبرجینسیر و فینیل ئالانین) لەگەڵ کەمێک (میتانۆل). لە دەرەنجامی تاقیکردنەوە سەرەتاییەکان لەسەر مشکی نێو تاقیگەکاندا دەرکەوتووە کە ڕێژەی خڕۆکە سپییەکانی خوێن زیادی کردووە و ئەمەش سەرەتای توشبوونە بە نەخۆشییەکانی شێرپەنجە دوای کارتێکردنی ڕاستەوخۆی لەسەر پێکهاتەی ترشی ناووکی (DNA) ی نێو خانەکانی لەشدا.









لەهەوڵێری پایتەخت رێوڕەسمی رۆژی وەرزشی کوردستان سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو

پێرێ لەشاری هەولێری پایتەختی کوردستان رێوڕەسمی رۆژی وەرزشی کوردستان بەبەشداری جەماوەرێکی زۆر سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو.

لە رێوڕەسمی رۆژی وەرزشی کوردستان چەندین نمایشی جۆراو جۆری وەرزشی لەنێو یاریگای نێو دەوڵەتی فرەنسۆ هەریری بەئامادەبوون پێشکەش کرا ، لەهەموشیان گرنگتر یاری ڕەکبی بۆ هەردوو ئاستی کوڕان وکچان، کە ئەمە یەکەمین جارە لەسەر ئاستی عێراق وکوردستاندا ئەم یارییە ئەنجام دەدرێت، پاشان هەردوو هەڵبژاردەی دێرینی عێراق و هەڵبژاردەی کوردستان یارییەکی دۆستانەیان ئەنجامدا کەتیایدا زۆرترین ئەستێرەی هەردوولا بەشداریان لەیارییەکەدا کردبوو، بۆ ئەم مەبەستە وتیشک خستنە سەر مەراسیمی بەڕێوەچوونی رۆژی وەرزشی کوردستان، هەکار محەمەد جێگری سەرۆکی رێکخراوی وەرزشی کوردستان لەبارەی کارو چالاکییەکانیان بۆ لاپەڕەی خەبات گوتی: بۆ یەکەمین جارە رۆژی وەرزشی لەکوردستان ئەنجام دەدرێت، بێگومان لەبەرچاوگرتنی زۆرێک لەوڵاتان ئەم رۆژەیان هەیە بەتایبەتی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست کەچەندین ساڵە خەریکی ئەم بۆنەیەن، هەروەها ئەو وڵاتانە ساڵانە ئەم بۆنەیە زیندوو دەکەنەوە کەتیایدا سەرجەم بەرپرسەکان و وەرزشوانە ناسراوەکانی وڵاتەکەیان بەشداری دەکەن، بێگومان ئێمەش دوای چەندین دانیشتن و گۆرینەوەی بیروڕا لەگەڵ وەرزشوانان و شارەزایانی وەرزشی لەناو شارو دەرەوەی شار، بڕیارماندا ئەم بۆنەیە لەشاری هەولێر رێکبخەین ، خۆشبەختانە بۆ یەکەمینجار مەراسیمێکی سەرکەوتوومان رێکخست و بەسەرکەوتوویی کۆتایی هات ، هەروەها بۆ ساڵی داهاتووش بەنیازین کاری جوانتر وئمایش و وەرزشی دیکە بهێنینە نێو بۆنەکەیەوە کەببێتە مایەی خۆشحاڵی هەموو ئامادەبووانی نێو یارێگا.

هەروەها گوتیشی: بەم بۆنەیەوە ئەمساڵ چەندین چالاکیی وەرزشییەمان لەشارەکانی هەولێرو سلێمانی وزاخۆ دهۆک و سۆران و ڕەواندوزو هەڵەبجە وگەرمیان ئەنجامداوە و گەورترین چالاکیی وەرزشی لەیاریگای فرەنسۆ هەریری ئەنجامداندا بە یاری ڕەکبی کەیەکەمین جارە لەکوردستان ئەنجام دەدرێت ، هەروەها لەچالاکیی دووەمدا کەگرینگ بوو یاری نێوان ئەفسانەکانی هەردوو هەڵبژاردەی کوردستان و هەڵبژاردەی عێراق بوو، کەیارییەکە بەیەکسانبوونی هەردوولا بەدوو گۆڵ کۆتایی هات.

ئا: سەرهەنگ ئەجمەدین

فێرگەکانی تۆپی پێ چەندین یاریزانیان پێگەیاندووە



محەمەد بلباس ئەو وەرزشوانە دێرینەی شاری هەولێرە کە وەک سەرپەرشتیار و ڕاهێنەری فێرگەی 18ی شوبات بۆ تۆپی لە ئەستۆ گرتووە، تا ئێستاش چەندین یاریزان لەڕێر ڕاهێنەرایەتی ئەو ڕاهێنەرە پێگەیشتوون و ئێستا لەیانەکانی کوردستان یاری دەکەن.

بەمەبەستی زیاتر بایەخدان بە توانا و ئاستی ئەو یاریزانانە و شارەزایی زیاتر وەرگرتن، مامۆستا محەمەد بلباس بەرپرسی گروپی زانکۆ بۆ تیپە میللییەکانی ناوەندی باڵای هەولێری یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستان (ناوەندی 1ی هەولێر، خولێکی تۆپی پێی سەرکەوتووی بۆ 10فێرگەی ناو شاری هەولێر و دەوروبەری لەسەر یاریگای سیروانە ڕەش لەگەڕەکی 92 کردەوە.



لەسالێیادی ڕۆژنامەگەری کوردی
ئەمڕۆ پێشانگایەکی فۆتۆگرافی وەرزشی دەکرێتەوە



بەبۆنەی 22ی نیسان دوای تێپەڕبوونی 121ساڵ بەسەر ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی، ئەمڕۆ دووشەمە کاتژمێر (10) ی بەیانی لەبارەگای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەشاری هەولێری پایتەخت بەچاودێری حاکم ئازاد نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، پێشانگایەکی فۆتۆگرافی وەرزشی لەلایەن وێنەگری ناسراوی شاری هەولێر ئەردەلان هەولێری دەکرێتەوە، لەپێشانگایەکەدا چەندین وێنەی جۆراوجۆری وەرزشی لەهەموو بوارەکاندا نمایش دەکرێت. لەمبارەیەوە وێنەگری وەرزشی ئەردەلان هەولێری سەبارەت بەکردنەوەی پێشانگایەکە بۆ خەبات ڕایگەیاند: بۆ بەرز ڕاگرتنی ڕۆژی 22 نیسان و دوای تێپەڕبوونی 121 ساڵ بەسەر ڕۆژنامەگەری کوردی، بەباشمزانی پێشانگایەکی وەرزشی بکەمەوە کەتیایدا چەندین وێنەی وەرزشی و وێنەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان لەنێو پێشانگایەکدا نمایش بکەم، بۆیە داواکارم سەرجەم هاوپێشەکانی خۆم و وەرزشوانانی شاری هەولێر ئامادەی پێشانگایەکە بن بۆ دەوڵەمەند کردن و بایەخدان بەوێنە وەرزشییەکانی هەموو بوارەکان. جێی ئاماژە بۆکردنە ئەم پێشانگایە فۆتۆگرافی یە تەنها تایبەت دەبێت بەوێنەکانی وەرزشی و ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان.

سەرهەنگ ئەجمەدین

ئەمڕۆ لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا

ئێوارەی ئەمڕۆ یەکشەممە یاریییەکانی جەولەی چوارەمی گرووپەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا بەمشێوەیەی خوارەوە بەڕێوەدەچێت:

لۆکۆمۆتیڤ تاشقەند (ئۆزباکستان)- ئیتحاد (سعودیە)
وەحدە (ئیمارات)- ڕەیان (قەتەر)
ئەهلی (سعودیە)- پریس پۆلیس (ئیران)
سەد (قەتەر)- باختاکور (ئۆزباکستان)



تازەترین پۆستی کۆتینهۆ



کۆتینهۆ ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنە لە دوا پۆستیدا کە لە ئینستگرام بڵاویکردەوە ڕایگەیاندووە کە نابێ گوێ لەو کەسانە بگرن کە دەیانروخێنن، لەبەر ئەوەی وتارەکانیان دوورمان دەخاتەوە لەو هەوڵانە کە بۆ بەدستهێنانی ئامانجەکان کاری لەسەر دەکەین.

کۆتینهۆ لەبڕگەیەکی دیکەی پۆستەکەیدا نوسیویەتی: لە ژیانمدا لە ڕێزی هیچ کەسێکم کەم نەکردۆتەوە، چ لەناو یاریگا یاخوود لەدەرەوەی یاریگادا.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616


سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Mon, 22. Apr. 2019 No: (5734)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

یەک هەناسە



ئیسماعیل بەرزنجی

هەمرو دووشەمەیەک دەینووسێت

ئەگەر مەدامەکەت
دەستی کرد بە بۆڵە بۆڵ
بێ سێ و دوو
ببیە بۆ فاملی مۆڵ

* * *

ئەگەر هاوسەرەکەت
رووی لێ وەرگێڕای
ببیە بۆ کافتریای فلاوەر فلای

* * *

ئەگەر کوولەکەی روحت
وای پیشان دا دڵگیرە و خەوی نایە
ناوی خوای لێ بێنە و
ببیە بۆ چێشتخانەی دایە.

* * *

ئەگەر خانمەکەت
وا خۆی نواند کە ناتناسی بەبێ قسە
ببیە بۆ ئەی بی سی

* * *

ئەگەر نیوەکەی تری ژیانت
دەستی کرد بە گارە گارە
دەستی بگرە
ببیە بۆ بابوڵحارە

* * *

ئەگەر دایکی منداڵان
دەستی کرد بە ئۆف و نانێن
بەینی عیشاو مەغریب
ببیە چێشتخانەی نارین

* * *

ئەگەر هەناسەکەت
لەحەوشە بەتەنیا دالغەی لێدا
نیوەڕۆ ببیە
مەتعەمی نوجەبا.

ئەمڕۆ لە ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا
چەند سمینارێک لە زانکۆی سەلاحەدین بەڕێوەدەچێت

کاتژمێر 10ی پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ، بەبۆنەی ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی (22ی نیسان)، بەشی کوردیی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سەلاحەدین، وێرکشۆپێک بە ناونیشانی (دەمێک لە خزمەت میقداد مەدحەت بەدرخان، خامەیەک لە خۆر کە هەمیشە بۆ کوردستان دەنووسێ) بەڕێوە دەبات.

سمیناڕەکانی وێرکشۆپەکە بریتین لە: کاتژمێر 10وتەی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین پرۆفیسۆر دکتۆر ئەحمەد ئەنوەر دزەیی، دواتر وتاری ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی پ.ی.دکتۆر سیروان عارەب سادق، پاشان بابەتەکان بەم شێوەیە پێشکەش دەکرێن: میدیا لە نێوان ئەرک و پیشەییبوونداا لەلایەن د. سالار عوسمان ڕۆژنامەنووس و مامۆستای زانکۆ و بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری، ڕۆڵی ڕۆشنبیریی بنەماڵەی بەدرخانییەکان لەلایەن د. شوان محەمەدئەمین خۆشناو تۆێژەری میژوونناسیی و مامۆستای زانکۆ، ڕۆژنامەوانی و هزری نەتەوەیی لەلایەن پ.د هیمداد حوسێن بەکر تۆێژەری ئەدەبناسیی و مامۆستای زانکۆ،ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە وێستگە سەرەکییەکانی ڕۆژنامەی خەباتدا لەلایەن ڕۆژنامەنووس و نووسەر و سکرتێری نووسینی ڕۆژنامەی خەبات، سەرەقەڵەمێک لە ڕۆژنامەگەریی دیجیتاڵی لەلایەن پ.ی.د.کارزان موحسین قادر تۆێژەری ئەدەبناسیی و مامۆستای زانکۆ.

بەهۆی سیستمە نوێیەکەی ئەپڵەوە ئەگەری کۆتایی هاتنی هەزاران ئەپلیکەیشن لە ئارادایە

بە گوێرەی هەواڵێک کە چاوەڕواندەکرێت بڵێتە هۆی نیگەرانی بۆ زۆرێک لە هاووڵاتیان، پسپۆڕانی تەکنەلۆژیای بواری مۆبایلە هۆشمەندەکان ڕایانگەیاند، بەم نزیکانە هەزاران ئەپلیکەشنی تایبەت بە مۆبایلی ئایفۆن لەناو دەچن. بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی نوێی "کۆمپانیای سەنسۆر تاوەر" کە تایبەتە بە لێکدانەوەی بەرنامە و بابەتەکانی ئەپلیکەیشن بە مۆبایلە هۆشمەندەکان ، بەم نزیکانە ١٨٧ هەزار ئەپلیکەیشنی تایبەت بە مۆبایلی ئایفۆن لەناودەچن.کۆمپانیاکە ئاشکرایکردووە، لەناوچوونەکانیش لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە کۆمپانیای ئەپڵ سیستمی چاوەڕوانکراوی ئای ئۆ ئێسی ١١ دەخاتە بەردەست.کۆمپانیای ئەپڵ بەر لە خستنەڕووی هەر سیستمێکی نوێی ئیشپێکردن، داوا لە پرۆگرامسازەکانی تایبەت بە ئەپلیکەیشنەکان دەکات گەشە بە بەرنامە و ئەپلیکەیشنەکانیان بدەن.





خەبات: سەربەست برزۆ

هونەرمەند بێریقان گەردی هەرچەندە لە بنەڕەتدا خەڵکی خانەقین نییە ، چەندین ساڵە لە شارەکە دەژی و خرمەتێکی گەورەی بە هونەرو خانەقین کردووە و جێ دەستی دیارەو بەردەوامە لە کاری هونەری . (خەبات) بەپێرسیتی زانی لە سەر دوایین کارە هونەرییەکانی بیدوێنێ کە وەک دەڵێن لەدوای 16ی ئۆکتۆبەرەوە هونەر بە گشتی لە شارەکەدا سست بووە لەوبارەیەوە بێریقان گەردی وتی:

لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لە ساڵی 2003 لە خانەقین هەناسەیەکی دڵخۆشکەری قۆڵمان هەڵمژی و هونەرمەندانی خانەقین هەر یەکەو لە بواری خۆی توانیمان کۆمەڵێ بەرهەمی بەپێز پێشکەش بکەین و لە بارە جیاجیاکانی هونەر چەندین کەس دەرکەوتن لە شارەکەداو ناویان دەرکردو ئەمە بووە مایەی خۆشحاڵی هونەرمەندانی دەڤەرەکە، بەڵام بەداخەوە ئەو خۆشیە هەتا سەر نەبوو چونکە شارەکەمان خانەقین کەوتە ژێر دەستی بێگانە، بەڵام خانەقین مەڵبەندی کوردایەتی و بوێریەو ئێمەی هونەرمەندانیش کۆڵمان نەداوەو بەردەوامین و هیچ گۆڕانکارییەکی سیاسی کارناکاتە سەر خەڵکەکەو و ڕەوتی هونەری لە شارەکەدا، بەڵام بەداخەوە خۆشیەکەی جارانی نەماوە و، بۆ گەڕانەوە بۆ کەش و هەواکەی جاران ، خانەقین قوربانی و خەباتی بێتوچانی تری دەوێ

میوزیکژەن سەرکەوت عیزەدین:
هونەر بەخشێکی ئیلاهیە هەموو کەسێک ئەو نیعمەتەی پێ نابەخشرێ



خەبات/ سەید فەخرەدین

بێگومان کەمن ئەو گەنجانەی کە بە دڵسۆزیەوە بە دوای هونەری پاکی خۆیان دەکەون و تێدا مۆرکی خۆیان بەجێدەهێڵن، بەتایبەتی لەم ڕۆژگارەماندا کە بۆتە کالایەک و بازرگانی پێوە دەکرێ، لە کاتێکدا سروشتی هونەر بەهرەیەکە خودا دەیدات بە بژاردەیەک لە مرۆڤەکان. میوزیک ژەن سەرکەوت عیزەدین، یەکێکە لەو گەنجانەی شاری هەولێر کە هەر لە تەمەنی منداڵیەوە خوی داوەتە ژەنینی ئامێرەکان و هەر لە منداڵیەوە بەهرەکانی دەرکەوتن، بۆیە ئەویش زۆرێک لە ئارەزووکانی دیکەی کردە قوربانی ئەو بەهرەیەی و تاوەکو ئەمڕۆ تێدا بەردەوامە. میوزیک ژەن سەرکەوت عیزەدین، لە دیدارێکی خەبات دووپاتیدەکاتەوە کە هونەر بەخشێکی ئیلاهیەو هەموو کەسێک ئەو نیعمەتەی پێ نابەخشرێ.

شاری بریدا .. پێشوازی لە پێشانگایەکی هونەری شێوەکاری دەکات

ئاشتی گەرمیانی .. هۆڵەندا

براباندی هونەری ئازادی ڕێکخراوێکی هونەری شێوەکاری یە لە هەرێمی براباند پێشانگایەکی هونەری شێوەکاری هەمەجۆری کردەوە لە بینالەی کلێسەی ناو سەنتەری شاری بریدا ، کە گرنگترین مۆنۆمێنتی باوەڕ خوازی ئەم شارەیە . ئەم کلێسەیە 97 مەتر بەرزە ، لە ئێستادا بەکارهێناوە بۆ دوکاندارێتی و کۆفی و چێشتخانە و دووکانی جیاجیا لەگەڵ هۆڵێکی گەورەی هونەری شێوەکاری کە لەم پێشانگایەدا پتر لە 75 هونەرمەندی شێوەکاری هەرێمی براباند بەشدار بوون بە 600کاری هونەری جۆراو جۆر لە پەیکەرسازی و شێوەکاری و سیرامیک و گرافیک و هێڵکاری و کاری ئاوی ، ئەو هونەرمەندانەی کە بەشدار بوون ئەندامی ئەو ڕێکخراوەن وە جێگا گرتنی تابلۆکانیان هەریەک لە 80 ئیرۆ تاەگاتە 130ئیرۆ دەدەن ، بێجگە لەوەی پارەیەک دەدەن بۆ دروست کردنی فۆلدەرێکی ڕەنگاو ڕەنگ کە هەر هونەرمەندێک سیفی و تابلۆیەکی تێدا نمایش کراوە ، زۆر چانسی گەورە هەیە لەو پێشانگایەدا تابلۆکان بە نرخی 500ئیرۆ تاەکاتە 1000ئیرۆ بفرۆشرێت ، پێشتر لەوجۆرەپێشانگایەدا تابلۆی هونەرمەندانی ڕۆژئاوای هۆڵەندا بەو نرخەو زیاتریش فرۆشراوە ، بۆیە گرنگی یەکی تایبەتی هەیە بۆ هونەرمەندانی ڕۆژئاوای هۆڵەندا کە بە هەرێمی براباند ناسراوە .



میمۆریی دەرەکی SD بەقەبارەی یەک تێرابایت!



دوای ساڵانێک هەواڵ لەسەر بوونی میمۆرییەکی دەرەکی بەر قەبارەیە کەوا پێشان دەدرا ڕاستی بێت، لەکۆتاییدا ئەمجارە میمۆریی SD بەقەبارەی 1تێرابایت گەیشتە بازاڕەکان بەهۆی کۆمپانیای Lexar، بەمەش پێش کۆمپانیای San-Diskی پلەیەکی ئەو بوارە کەوت کە یەکەم کۆمپانیا بوو میمۆریی بەو قەبارەیە خستەڕوو بەڵام نەکەوتە بازاڕەوە.کۆمپانیای Lexar زنجیرەی میمۆریکانی Pro-fessional 633x دەرکرد بەهەردوو جۆری SDHCو SDXC بە قەبارەی 16 گێگابایت تا 1 تێرابایت.کۆمپانیاکە دەڵێت کە میمۆریی SDXC UHS-I بەقەبارەی 1 تێرابایت دەتوانێت بەخێرایی 95میگابایت لەچرکەیەک زانیاری بخوێنێتەوە و بەخێرایی 70میگابایت لەچرکەیەک زانیاری تۆماربکات. نرخیەکەشی بە گرینتییەوە $499. بەڵام میمۆریی 512گێگابایت بەنرخی $150 دەبێت.

شایەنی باسە لەپێشانگای CES 2019شدا، کۆمپانیای SanDisk گەورەترین میمۆریی دەرەکی لەجۆری فلاش بەقەبارەی 4 تێرابایت کەقەبارەی فلاشەکەش زۆر گونجاوە بۆ گیرفان ڕادەگەیەنێت. کێبڵی جۆری USB-C لەگەڵدایە ئەمەش واتا لەخێرایی وەک جۆری میمۆریی SSD" دەبێت زۆر بە بچوکیش"بەڵام تائێستا هیچ زانیارێک نیە لەسەر کاتی دەرچونی ئەم بەرهەمە. بەهەمان شێوە زانیاری لەسەر نرخیشی نیە بەڵام نرخی قەبارە 2 تێرابایتیەکەی لەوانەیە بگاتە 1200$ دۆلاری ئەمەریکی.